NARIN INSTITUTE
for research and publishing
٢٠٢٣



منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

خەڵەف غەفور

لەخاچدانی داربەڕوو

داستانی نەمریی جەعفەر عەبدولواحید

١٩٤٣-١٩٧٦

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

لەخاچدانی داربەڕوو

داستانی نەمریی جەعفەر عەبدولواحید

١٩٤٣- ١٩٧٦

خەڵەف غەفور

٢٠٢٣

لەخاچدانی داربەڕوو

داستانی نەمریی جەعفەر عەبدولواحید

١٩٤٣- ١٩٧٦

نووسەر: خەڵەف غەفور
بابەت: مێژوویی- دۆکیۆمێنتاری
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٣
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (١٩١٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (٤٦)

لەخاچدانی داربەڕوو

داستانی نەمریی جەعفەر عەبدولواحید

١٩٤٣- ١٩٧٦

خەڵەف غەفور

٢٠٢٣

ئینستتیوتی نارین

ئینستتیوتێکی کوردستانی، توێژینەوەیی قازانج نەویستە. کاری سەرەکیی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشتمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان و سازکردنی کۆڕ و سمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

پێڕست

بایۆگرافیای ژیانی جەعفەر عەبدولواحید ١١
کەم ژیا وزۆر لەناوماندا مایەوە ١٣

بەشی یەکەم: دەقی بەڵگەفیلمی (جەعفەر عەبدولواحید، ئەو هەڵۆیەی سێدارەش لە فڕینی نەخست)..... ١٧
بەشی دووەم: چاوپێکەوتن..... ٥٥
بەشی سێیەم: یادەوەرییەکان..... ١٣٣
بەشی چوارەم: وتارەکان..... ٢١٣
بەشی پێنجەم: لاواندنەوە و هەڵبەست..... ٢٥٣
بەشی شەشەم: وێنەکان..... ٢٦٩

"جەعفەر عەبدولواحید، بـە لای منەوە ئەندامێکی زۆر چـاک و باش بوو، هیچ کەموکوڕییەکی ئەوتۆی پێـوە دیار نەبوو، هـەم لـە رووی خوێندەوارییەوە زۆر بـاش گەشـەی کردبوو، عەرەبـی و کوردی و ئینگلیزیـی باش دەزانـی، کتێبـی زۆر دەخوێندەوە، ئەو نووسـینانەی کە تێنەگەیشـتایە، دەیپرسی. جگە لـەوەش، پیاوێکی ئازا و بەجەرگ بوو، لە شۆڕشـی پێشوودا گەیشتبووە پلەی سەرلق، لە پێشمەرگایەتیدا پیاوێکی قارەمان و باوەڕبەخۆ بوو".

مام جەلال

بایۆگرافیای ژیانی جەعفەر عەبدولواحید:

- جەعفەر عەبدولواحید ئەحمەد موختار.
- ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی بەفری قەندی لە کۆیە لەدایک بووە.
- قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە، قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری کەرکوک خوێندووە.
- ساڵی ١٩٧١، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی موستەنسریە لە بەغدا بەدەست هێناوە.
- بۆ ماوەیەکی کورت لە شاری هەولێر کاری مامۆستایەتی کردووە.
- لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ (خاتوو قانیعە) ژیانی هاوسەرگیری پێک هێناوە و خاوەنی دوو منداڵن بە ناوەکانی (ڕێباز و ڕەوا).
- خاوەنی چەندین بەهرەی هونەری و ئەدەبی بووە، شانۆکار و شاعیر، دەنگخۆش بووە و لە زۆربەی بۆنەکاندا بەشداریپێکی دیاری هەبووە و بەڕێوەبەری چەندین پرۆگرام، ئاهەنگ و بۆنەی نەتەوەیی بووە.
- ساڵی ١٩٥٦ بووەتە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان.
- بۆ ماوەیەکی کورت ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بە بیرکردنەوەیەکی چەپ.
- ساڵی ١٩٦٤ بووەتە پێشمەرگە و لە خولێکی سەربازیدا لە ماوەت پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.
- بەهۆی بیری پێشکەوتنخوازییەوە، لە کاتی ناکۆکییەکانی

ناو پارتی، له بەرەی باڵی مەکتەبی سیاسی درێژەی بە خەبات داوە.

• نەخشی زۆری لەسەر دامەزراندن و سەرەتای خەباتی کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان هەبووە و هاوڕێتییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ خاڵە شەهاب هەبووە.

• ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵە لە شاری هەولێر بووە.

• لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ خاڵە شەهاب و چەند هاوڕێیەکی دیکەیان سەفەری هات و نەهاتی رێگەی ئێران دەگرنە بەر، بە ئامانجی دۆزینەوەی شێوازێکی دیکەی خەبات.

• رژێمی شای دژەمرۆڤی ئەو کاتەی ئێران، خاڵە شەهاب و جەعفەر عەبدولواحید و هاوڕێکانیانی دەستگیر کرد و لە ساڵی ١٩٧٦ رادەستی رژێمی بەعسی عیراقی کردنەوە.

• لە زۆر شوێن و زیندان، هەموو جۆرە ئەشکەنجەدانێکیان لەسەر تاقیکردنەوە، نەبەزین و ئیرادەیان نەشکێنرا، دروشمی «کەم ژیان و کەڵ ژیان»یان کردە مەشخەڵی ئازادیخوازیی شۆڕشی نوێی گەلی کورد.

• لە ١١ی تەمووزی ١٩٧٦، دادگەی شۆڕش (محکمة الثورة)ی حزبی بەعس، حوکمی لەسێدارەدانی بۆ هەریەکە لە (شەهاب شێخ نوری، جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب) دەر کرد.

• لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦، لە ئەبوغرێب بڕیاری لەسێدارەدرانەکە جێبەجێ کرا.

کەم ژیا و زۆر لەناوماندا مایەوە

لە بیرەوەریی زۆرێکدا، دروشمی «کەم ژیان و کەڵ ژیان» ئامادەگی هەیە، ئەو دروشمە کە دواتر سەدان کەس لە داستانەکانی رووبەڕووبوونەوەی دوژمن و ژووڕە تاریکەکانی زیندان و کاتی ئەشکەنجەدان و بەر پەتی سێدارە بەوپەڕی جەسارەتەوە دەیانوتەوە، خاوەندارێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەهیدان «خاڵە شەهاب و جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب»، کاتێک شەهیدبوونیان هەڵبژارد و لەبەر پەتی سێدارەدا بەرانبەر جەللادەکان وتیانەوە.

جەعفەر عەبدولواحید، ساڵی ١٩٤٣ لە کۆیە لەدایک بووە، کۆیەی کوردایەتی و بەرخۆدان، کۆیەی بەرەنگاری و شاری زانست و نەتەوەپەروەری، ئەو ژینگەیە کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ژیانی جەعفەر عەبدولواحید دانا؛ دواتریش لە کۆیەوە بۆ کەرکوکی داگیرکراو و زانکۆی بەغدا و ئاشنابوونی بە کۆمەڵێک کەسی شۆڕشگێڕ، لەسەروویانەوە خاڵە شەهاب، وایان کرد جەعفەر عەبدولواحید زیاتر تاو بسێنێت و بیرکردنەوەی بۆ ژیان و خەبات و ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕی، شوناس وەربگرێت و بیر لە شێوازێکی دیکەی خەبات بکاتەوە.

کاتێک گوێت لە قسەی بەشێک لە هاوڕێکانی، ئەوانەی خۆیان رادەستی بێوەفایی و خەمساردیی رۆژگار نەکردووە دەبێت، دەزانیت جەعفەر عەبدولواحید چەند خەونی نیشتمانیانەی جوان و نەمانی جیاوازیی چینایەتی هەبووە، چەند چرکەکانی تەمەنی بۆ خزمەتی بیرکردنەوە و رێباز و خەباتەکەی تەرخان کردووە، بۆیە تەمەنێکی کەم، بەڵام پڕ لە شانازیی ژیا.

یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی شۆڕشی نوێی گەلی کورد بەگشتی و پێشمەرگە و کادیرەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بەتایبەتی، خۆڕادەستنەکردن تا شەهیدبوون و لەسێدارەدان

نـەک دانپێـدان لەنـاو زیندانەکاندا بـووە، کۆمەڵەی رەنجـدەران ئەمـەی وەکـوو کولتوورێکی سیاسـی چەسپاند و سـەدان نموونەی زیندوو هەن، جەعفەر عەبدولواحید یەکێک لە نموونە باڵاکانیانە.

ئەشـکەنجەی نێـو زیندانەکانـی رژێمـی بەعس وەکـوو بەڵگـەدار کـراوە، تاقەتپڕووکێن بـووە، لە ئەشکەنجەدانی جەستەییەوە بیگرە تا ئەشکەنجەدانی رۆحی و ئەوەی مرۆڤ ئیتر لەئاسـتیدا قسـەیەکەی نییە بۆ وتن جگە لە دۆشـدامان، دراون و بەرگەیان گرتووە، کاتێکیش کەسوکاریان سەردانیان کردوون و رەنگی زەرد و هەڵبزرکاویان بینیون، ویستوویانە بگریـن و خەمبار بن، بەڵام ئەوان پێیان وتوون: «بە گریان دڵی دوژمن خۆش مەکەن، بەڵکوو بە پێکەنین خەمباریـان بکـەن». راسـتییەکەی، ئەمـە لووتکەی بەرزیـی رۆحـی بەرەنـگاری و نیشـتمانپەروەری و داکۆکیکردنـە لـە راسـتیی ئایدۆلۆژیـای رێـی خەباتەکەیـان. ئەم کتێبـە دەیەوێت ژیانـی جەعفەر عەبدولواحید بگێڕێتەوە، ژیانی پاڵەوانێک کە کەم ژیا و تا ئێسـتاش لەناومانـدا ئامادەگیی هەیە، دوای ٤٨ سـاڵ هێشتا دروشـمی بەر پەتی سێدارەکەی ئەو و هاوڕێکانی، بەرز و پیرۆز سەیر دەکرێت.

بۆ یادکردنەوەی شـەهید جەعفـەر عەبدولواحید، لـە ماڵپەڕی مەودا میدیـا بەڵگەفیلمی «ئەو هەڵۆیەی

سـێدارەش لە فڕینی نەخسـت»مان ئامـادە کرد کە ماوەکـەی یـەک کاتژمێر بـوو، بۆ جارێکـی دیکەی یادکردنەوەشـی بڕیارمان دا بە شـێوازی نووسراو و لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا و بە دەسـتکاریکردنی زۆرەوە بیخەینەوە ڕوو.

هەر بـۆ کتێبەکە، وتاری هەندێک لـە هاوڕێیانی، لەگەڵ یەک دوو لەو نووسـینانەی لەبارەی شـەهید جەعفـەرەوە لە کتێبی بیرەوەرییەکاندا نووسـراون، لێرەدا بڵاومانکردوونەتەوە.

نـە ئـەم کتێبە و نـە دەیان کتێبـی دیکەش بەس نیـن بـۆ بەرزڕاگرتنـی یادی شـەهیدان لـە وێنەی شـەهید جەعفەر و هاوڕێکانی، ئەمـە تەنیا هەوڵێکی خاکەڕاییانەیـە، بـەڵام دەکرێت بکرێتە دەسـتپێک و شتی باشتری بەدوادا بێت، بەو هیوایەوەم.

خەڵەف غەفور

سەرنووسەری ماڵپەڕی مەودا میدیا

بەشی یەکەم

دەقی بەڵگەفیلمی

(جەعفەر عەبدولواحید، ئەو هەڵۆیەی سێدارەش لە فڕینی نەخست)

مەرگی ئاوا ناگۆڕمەوە بە سەد ژین
ژینێک سەرم بۆ دوژمن بێ بە پەرژین
سەربەرزییە کە پێلاوم نەبینن
بە سەر سەری دوژمنەوە لە بەرزین

شەهید مەلا عەلی

ڕەوا جەعفەر عەبدولواحید/ کچی شەهید: باوکم پێغەمبەری هەژاران بووە.

نەرمین عوسمان/ هاوڕێ و خوشکەزای شەهید: تاکە ڕێگە بە لای ئەوەوە، ڕێگەی مارکسیەت بوو، واتە پێی وابوو بە شێواز و بیرکردنەوەی چەپ دەتوانیت وڵات ڕزگار بکەیت.

نەشرەف تاڵەبانی/ هاوڕێی شەهید: ئیشی بۆ هەر ڕێبازێک بکردایە، بە ڕاستگۆیی و باوەڕبەخۆبوونەوە ئیشی بۆ دەکرد.

مامۆستا جەعفەر/ نەندامی پێشووتری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی: پیاوێکی زۆر خۆڕاگر و ئازا بوو.

نەرمین عوسمان/ هاوڕێ و خوشکەزای شەهید: توانایەکی باشی هەبوو، بەڵام تەمەنێکی کورت.

تاهیر گۆمەشینی/ پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێی شەهید: بەڕاستی ئەو کاتەی ئەو هەواڵە هاتە کوردستان و کوردەواری، پێمان وابوو ئاسمان ڕووخا.

نەمین شوان/ هاوڕێ و هاوخەباتی شەهید: وتیان چاوی هەرسێکیان هەڵکۆڵیوە، نەمتوانی بچم ببینم.

مەجید سدیق/ هاوڕێی شەهید: کارەسات بوو... کارەسات بوو.

نەشرەف تاڵەبانی/ هاوڕێی شەهید: ئەو شەوە منداڵێکمان لەدایک بوو، ناوم لێ نا «ئەژی».

مامۆستا جەعفەر/ نەندامی پێشووتری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی: بوونە سیمبولێک بۆ هەڵسانەوە.

لە کۆیەوە هەڵۆیەکی بەرزەفڕ لە شەقەی باڵ دەدات و تا لوتکەی کوردایەتی و مەردایەتی وچان نادات. بەتەنیشت یادگارییەکانی حاجی قادری کۆییدا تێدەپەڕێت و بەدەم چڕینی ئاوازی دوورکەوتنەوە لە یاران و وتنەوەی هۆنراوەی پڕ لە ئەوین، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو بەدیهێنانی خەونەکانی ڕێگە دەبڕێت.

خەونگەلێک کە بەدیهێنانیان خوێنی پێویستە و باسکردنیان چیرۆکێکە لە بەردەم پەتی سێدارەدا دەگێڕدرێتەوە.

ئەو خەمی نەتەوەکەی خەیاڵی داگیر کردبوو، هەرچەندە دردۆنگ و بەپەلە بوو، بەڵام هەرگیز بێهیوا و نائومێد نەدەبوو، بەردەوام لە خەمی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەکەیدا بوو، دەیویست پێش شۆڕشە سیاسی و چەکدارییەکەی، شۆڕشی هۆشیاریی بەرپا بکات. چەپ و نەتەوەیی بوو، تا دواسنووری هزر ڕۆشنبیر و لە هەمان کاتیشدا کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بوو.

ئەو شۆڕەسواری ڕێگەی دووری خەبات و پێشەنگەکەی سەرکەوتن بوو بەرەو هەورازی نەجات.

نەرمین عوسمان/ هاوڕێ و خوشکەزای شەهید: جەعفەر عەبدولواحید دروشمی دژی دەسەڵات و حکومەتی لە سەری کۆڵانەکان دەنووسی.

دروشمەکانیان لە ماڵەوە لەسەر تەنەکەیەک هەڵدەکەند و بۆیەیان دەکرد و لەسەر دیوارەکانی کۆیە دەیاننووسی، منی لە سەری کۆڵانەکان دادەنا نەوەکوو یەکێک سیخوڕی بکات. ئەو کاتانەشی هەڵدەبژارد کە نزیکی نیوەڕۆ یان نوێژ بوو، چونکە خەڵک لە کۆڵانان کەم دەبنەوە، یان نزیکی شەو، چونکە ئەوکات ئەوەندە هاتوچۆی شەوان نەبوو، بۆیە ئەو کاتانە دروشمەکانی دەنووسی.

خاڵم بایەخێکی زۆری پێ دەدام، فێری ئەوەی کردم لە مەبەستی کتێبەکان تێبگەم، بۆچوون و مەبەستەکان لە کتێبەکاندا چین، وای لێ کردم بەڕاستی فێری خوێندنەوەی کردم. نەک تەنیا لەگەڵ من، لە ماڵەوە لەگەڵ هەموومان هەر خەریک بوو، تەنانەت بۆ دەوروبەر و هاوڕێکانیشی وابوو، بۆ نموونە؛ کتێبێکی دۆستۆیڤسکی دەخوێنرایەوە، دەیوت کێ پاڵەوان یان فلان کەسی لەبیرە؟ کێ لە فلان رووداودا چی کردووە؟ واتە جۆرێک لە تاقیکردنەوەی دەکرد، وای دەکرد خەڵک شەرم بکات کتێبەکە بەوردی نەخوێنێتەوە.

خاڵە جەعفەرم بایەخێکی زۆری بە هونەر دەدا و دەنگێکی خۆشی هەبوو، خۆشی گۆرانیی دەوت و هەڵپەڕکێشی دەکرد، چەندین جۆر هەڵپەڕکێی دەزانی، هەموومانی فێری ئەو جۆرە هەڵپەڕکێیانە کردبوو.

ڕەوا جەعفەر عەبدولواحید/ کچی شەهید: باوکم یەکێک بووە لەو کەسانەی دەتوانم بەو جۆرە گوزراشتی لێ بکەم کە پێغەمبەری هەژاران بووە، یەکێک بووە لەو کەسانەی زۆر دڵسۆزی چینی هەژار و نەداری کورد بووە. جەعفەر عەبدولواحید و هاوڕێکانی، دامەزرێنەری گەورەترین شۆڕشی پرۆلیتاری بوون، دامەزرێنەری گەورەترین ڕێبازی چینی لێقەوماوی گەلی کورد بوون.

بە ڕای من، ئەوان قوتابخانە و ڕێبازێک بوون هەرگیز دووبارە نابنەوە، نزیکەی نیو سەدەیە ئەوان بەردەوام لە نوێبوونەوە و لە گەورەبوون و لە باسکردنی بەردەوامدان. لەبەر ئەوە بە ڕای من، ئەو زاتانە و ئەو سەرکردانە تا ئێستا دووبارە نەبوونەتەوە.

ئەوان بەڕاستی بۆ دۆست و دوژمن سەلماندیان کە سەرکردەن، دڵسۆز و خەمخۆر و ڕاستگۆترین کەسی گەلی کوردن.

مامۆستا جەعفەر/ ئەندامی پێشووتری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی: پێشتر کاکم زۆر باسی جەعفەر عەبدولواحید و خالید دلێری بۆ کردبووم، وتی کە دەگەیتە ئەوێ بەتایبەتی مامۆستا جەعفەر دەبینیت، دەبێت پشتی پێ ببەستیت هەروەک چۆن پشت بە من دەبەستیت. کاکم وتی «پیاوێکی خوێندەوار و رووناکبیر، مرۆڤێکی تێکۆشەر و ئازا، پیاوێکی قۆز دەبینیت».

راستییەکەی منیش کە چووم بۆ هەولێر، ماوەیەک لەوێ بووم، ئیتر ئەویش زانیبووی کە چووم، رۆژێکیان لە گەڕەکی عەرەبان بووم لە هەولێر لەگەڵ مامۆستا موحسین و عەزیزی کوێخا وەلی و چەند برادەرێکی تری خەڵکی خانەقین، کە کۆمەڵێک برادەر بووین لەوێ خوێندکاری پەیمانگەی مامۆستایان بووین، لەوێ مامۆستا جەعفەر هات بۆ لامان و لەوەوە یەکترمان ناسی.

ئەو چەند جارەی کە من مامۆستا جەعفەرم بینیوە، بە دیمەن پیاوێکی زۆر سەرنجڕاکێش و قۆز بوو، قژێکی مەیلەوزەرد و خورمایی، چاوێکی سەوزی جوانی هەبوو، بە دیمەن لەناو هەزار پیاودا دەتوت ئەم مامۆستا جەعفەرە لە هەموویان قۆزترە. زۆر برادەر پێم دەڵێن، بۆ نموونە؛ یەکێکیان کاک کۆسرەتە، پێی دەوتم حەزت دەکرد وەکوو مامۆستا جەعفەر قۆزبوویتایە؟ واتە یەکێک بوو لە نموونەی پیاوە قۆزەکانی کوردستان لەو کاتەدا.

لە رووی رۆشنبیری و کەسایەتیشەوە، بەڕاستی کەسایەتییەکی زۆر بەهێزی هەبوو، لە رووی ئاستی رۆشنبیرییشەوە لەچاو ئەوانەی کە من ناسیومن و دوایی بۆم دەرکەوتووە ئەمانە ئەو کاتە سەرکردایەتی کۆمەڵە بوون، مامۆستا جەعفەر لە ئاستی رۆشنبیریدا لە زۆربەیان باشتر بوو.مامۆستا جەعفەر لەبەر ئەوەی بەشی ئینگلیزیی تەواو کردبوو لە زانکۆی بەغدا، ئینگلیزییەکی زۆر زۆر چاکی دەزانی و لە هەمان کاتدا عەرەبییەکی زۆر چاکیشی دەزانی، گۆرانییەکانی ئوم کەلسومی هەمووی لەبەر بوو.

هەندێک جار بە زمانی عەرەبی شیعری دەنووسی و گۆرانیی دەوت، زمانی کوردییشی کوردییەکی زۆر جوان بوو، هەروەها زمانی فارسییشی دەزانی. مەبەستم ئەوەیە لە رووی رۆشنبیرییەوە پیاوێکی کاملّی پێگەیشتووی قورس و گران بوو. من دەڵێم بە بەراورد بە هاوتەمەن و سەردەمەکەی خۆی، نەک بە بەراورد بە یەکێکی وەک هابرماس و ئەدۆرنۆ، بەڵکوو من مەبەستم ئەوەیە لەناو کورددا یەکێک بوو لە سەرکردە رووناکبیر و وریاکان. لە رووی بڕیاردان و لە رووی پەیوەندییشەوە دەتبینی پیاوێکی ئاسان نەبوو، پیاوێکی زۆر بەهیممەت و بەئەزموون و قسەزان بوو، بەئاسانی کەس نەیدەتوانی قسەیەکی لێ دەربهێنێت، زۆر بە وریاییەوە کاری دەکرد.

ئەمین شوان/ هاوڕێ و هاوخەباتی شەهید: پاییزێکی درەنگی ساڵی ١٩٥٧، لە پۆلی دووی ناوەندیی غەربییەی کەرکوک لە یەک پۆلدا بووین، ماوەیەکی کەمی پێ چوو لەناو پۆلەکەدا یەکترمان ناسی و لەگەڵ خوێندکارەکاندا جەعفەریشم ناسی، لە هەموویان زیاتر ئەو منی راکێشا بە لای سروشتی کەسایەتی و رەفتاری خۆیدا.

گەنجێکی ڕێکوپێکی بە سروشت جوان و رەفتاری زۆر جوان، نوکتەباز، قسەخۆش، دەنگخۆش و رەزاسووک، کە مرۆڤی زۆر دەکرد بە هاوەڵی خۆی.

دوایی بۆم دەرکەوت جەعفەر عەبدولواحید لە بابەتی پرسی کورددا، کە منیش ئەو کاتە وەک گەنجێک سەرەتایەک فێر بووبووم و ئەویش شتی باشی دەزانی، ئەمە زیاتر پەیوەندییەکەمانی دروست کرد.

من ماوەیەک بووبووم بە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی ئەو کاتە، سروشتی هەرزەکاری و گەنجایەتیی ئەو تەمەنە کە زۆر نهێنی ناپارێزێت، زوو لای یەک ئاشکرا بووین کە هەردووکمان لە یەک ڕێکخراوداین، ئەوە زۆرتر ئێمەی بەیەکەوە بەستەوە. ئەو چەند ساڵە وەکوو دوو برای خۆشەویست کە هەموو کاتەکانمان بەیەکەوە بوو لەگەڵ چەند کەسێکی تردا، قۆناغی ناوەندیمان تەواو کرد.

لەو کاتەی بوو بە ساڵی ١٩٥٨ و شۆڕشی ١٤ی تەموزی عیراق رووی دا، وەکوو دەیزانین لە ساڵی یەکەمدا دەرفەتێکی گەورە لە پێش کورد بەگشتی و لە کەرکوک بەتایبەتی کرایەوە، ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ بوو کوردانی کەرکوک لەژێر فشاردا بوون، تەقینەوەیەک دروست بوو، ئەو تەقینەوەیە بزووتنەوەی کوردایەتی دوو هەنگاو بردە پێشەوە، بەمەش گەشەکردنێکی زۆر گەورە دروست بوو، ئەوەش وای کرد جارێکی تر هەردووکمان پەیوەندییەکانمان زیاتر بەهێز کرد لە چوارچێوەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا. لەو ماوەیەدا ئێمە پەیوەندیمان زیاتر پتەو بوو، ئەوەندەی پێ نەچوو، بەداخەوە، بارودۆخی کەرکوک و هەموو عیراق بەرانبەر بە کورد تێک چووەوە، شۆڕشی ئەیلوول بەرپا بوو.

جەعفەر عەبدولواحید خۆی خەڵکی کۆیە بوو، کوڕی واحیدی موختار بوو کە کەسایەتییەکی شاری کۆیە بوو، لەگەڵ خالیدی برایدا هاتبوون بۆ کەرکوک، لەو کاتەدا خالیدی براشی چالاکوانێکی پێشکەوتووی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو. ئەوان رۆیشتن بۆ ماوەت بۆ ناو شۆڕش، کاتێک کۆلێژی سەربازیی شۆڕش کرایەوە، ئەو ئەفسەرانەی لەوێ بوون، کۆلێژی سەربازییان کردبووەوە و مامۆستا جەعفەریش وەرگیرا و لەو کۆلێژە سەربازییە بەیەکەم دەرچوو.

تاهیر گۆمەشینی/ پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێی شەهید: چەند رستەیەکیم لەبیرە، دەیوت: وای دابنێن تا ئێستا ئێمە شۆڕشمان نەکردووە، ئەگەر شۆڕشێکمان کردبێت، بۆ کەسێک یان چەند کەسانێکمان کردووە، لەمەودوا ئێمە بڕیار دەدەین شۆڕش بۆ خەڵکی کوردستان بکەین، لە خەڵکەوە بۆ خەڵک. ئاوا رێک ئەو رستەیەم لەبیرە، دەیوت: ئەم جارە شۆڕش دەکەین، بەڵام لە خەڵکەوە بۆ خەڵک و لەپێناو خەڵک.

جەعفەر عەبدولواحید وشەی «خەڵکی» زۆر بەکار دەهێنا و منیش پێم سەیر بوو، دەیوت: ئەمەی تا ئێستا کراوە شۆڕش نەبووە، بەڵکوو بە دواکەوتنی دوو سێ کەس یان چەند کەسانێک بووە، ئەمەش ناچێتە خانەی شۆڕش و شۆڕشگێڕی، ئێمە بڕیارمان داوە شتێک بکەین لە خەڵکەوە بۆ خەڵک، واتە خەڵک خاوەنی بێت.

جەعفەر عەبدولواحید بیرکردنەوە و وێستێکی زۆر گەورەی هەبوو، پێی وابوو سەرکەوتن و رێکخستنێکی وا بەهێز و پۆڵایین کە ئەم جارە گەنج دێتە مەیدان، گەنجان زەلیلی قبوڵ ناکەن. بەردەوام لەو چوارچێوەیەدا بیری دەکردەوە.

ئەشرەف تاڵەبانی/ هاوڕێی شەهید: هەموو کاتێک ئەو مامۆستام بووە و منیش شاگردی بووم هەر لە سەرەتای ناسینمەوە، چونکە من کاک جەعفەرم هەر زۆر زوو ناسیوە. کاتێک من لە سەرەتایی بووم، لەگەڵ برا گەورەکەم هاوڕێ بوو، دەهاتەماڵ و تەکیەکەی ئێمە و لەوێ من کاک جەعفەرم ناسی، وەکوو هاوڕێی برا گەورەکەم.

دواجار کە چوومە ناوەندیی کۆیە لە ساڵی ١٩٦٠، یەکەم کەس کە پەیوەندیی بە منەوە کردووە و منی ڕێکخستووە و شانەبەندی کردووم بۆ یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی ئەوسا، کاک جەعفەر بوو.

جەعفەر عەبدولواحید هەر لە یەکەم کۆبوونەوەوە لەگەڵ منداڵ بووین بە هاوڕێی نزیکی یەکتر، چونکە منیش پێشینەیەکم هەبوو بەهۆی ماڵی خۆمان و تێکەڵاوی و خزمایەتی لەسەر شیعر و ڕۆشنبیری، بەڵام کاک جەعفەر بوو بە مامۆستام.

ئەو کۆبوونەوانەی کە پێی دەکردین، جگە لە کاروباری حزبی و ڕێکخستن و خەڵک پەیداکردن، وانەیەکی لەسەر ڕۆشنبیری پێ دەوتینەوە، زۆر چاک وەک ئێستا بیرمە؛ یەکەم وانە کە پێی وتین، باسی دیموکراتیەت بوو، کە بە لای منەوە

وشەیەکی زۆر تازە بوو. مامۆستا جەعفەر وتی: دیموکراتیەت وشەیەکی کۆنی یۆنانییە و بە مانای دەسەڵاتی گەل دێت و لە (دیمۆس کراتۆس)ەوە هاتووە. لەوەوە من لەگەڵ مامۆستا جەعفەر رۆژ بە رۆژ زیاتر حەزم دەکرد کۆبوونە و دانیشتمان هەبێت.

لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ ساڵی ١٩٦٣، مامۆستا جەعفەر بەردەوام لێپرسراو و بەرپرسی من بووە. ئەم پیاوە کۆمەڵێک بەهرە و توانای زۆری تێدا بوو، یەکێک لەوانە: دەستی نووسینی شیعری هەبوو، یاخود دەنگخۆش و ئاوازدانەر و گۆرانیبێژ بوو، هەروەها رۆڵی هەبوو لە نواندن و شانۆگەریدا.

هەر بۆ ئەو مەبەستە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە سەروچاوەی ئاوی کۆیە یادی نەورۆزمان کردەوە، دوای ئەوەی شانۆگەرییەک ئامادە کرابوو، ویستیان چەند رۆڵێک بدەن بە من، ئەو رۆڵانەی بە منیان دەدا سەرکەوتوو نەبووم تیایاندا تا ئەو کاتەی مامۆستا جەعفەر لەولاوە هات و وتی کاکە ئەمانە بە بنەماڵە بۆ ئەوە باشن رۆڵی وتاربێژییان پێ بدەن، ئیتر منیان کرد بە نوێنەری جەماوەر لەسەر یادی شەهیدە قارەمانەکان (چوار ئەفسەرە شەهیدەکە).

ئیمە قسەمان دەکرد کە نابێت ئەمانە لە سێدارە بدرێن و خەڵکی شاری کۆیە ناڕازین، من بووم بە پێشەنگی ئەو خەڵکە و قسەم دەکرد بەناوی خەڵکی کۆیەوە کە نابێت ئەم قارەمانانە لە سێدارە بدرێن کە رۆڵی نیشتمانپەروەریی خۆیان بینیوە و هیچ تاوانێکیان نەکردووە، مامۆستا جەعفەر وتی: ئەها لەم رۆڵەدا چەند سەرکەوتوویت، لەوانی تردا سەرکەوتوو نەدەبوویت.

دوای شانۆگەرییەکە، مامۆستا جەعفەر وتارێکی زۆر بەهێزی دا و ئۆپەرێتێک لەژێر ناوی (گوڵ نەبێت بۆ سەرم ئاڵ چەپکێک زەرد چەپکێک) پێشکەش کرا، پاشان بوو بە کاتی نانخواردن و دوای ئەوە بوو بە هەڵپەڕکێ کە هەموکات مامۆستا جەعفەر سەرچۆپی لای خۆی بوو، چونکە هەر لە خۆی دەهات، لە هەڵپەڕکێشدا چوار بۆ پێنج جۆر هەڵپەڕکێی دەزانی، وەک: شێخانی، ئەرێ گوڵێ، سێپێیی و جۆرەکانی تر و زۆر بەچاکی ئەدای دەکردن. لە ئێوارەدا کە زۆر ماندوو بوو، هەمیشە دەم بە نوکتە و پێکەنین بوو، وتی: «ئەوبەر تات و ئەمبەر تات، ئەی باوکە جیقم دەرهات».

جەعفەر عەبدولواحید ساڵی ١٩٤٣ لـە کۆیە لەدایک بـووە، قۆناغەکانی خوێندنی تا ئامادەیی بەسەرکەوتوویی لە کۆیە و کەرکوک تەواو کردووە، بۆ خوێندن لە کۆلێژی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی موستەنسریە رووی لـە بـەغدا کـردووە. هـەر لە مێردمندالییەوە لەگەڵ خوێندن و کۆششەکانیدا رۆحیەتی خزمەتکردن بە کۆمەڵگە و خەمخۆریی کێشەی نەتەوەکەی لە دڵیدا چەکەرە دەکات، رۆحیەتێک لە کۆتاییدا گیانیشی لەسەر دادەنێت.

جەعفەر عەبدولواحید دوای ئـەوەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەست دەهێنێت، روو لە هەولێر دەکات و لەوێ وەک مامۆستا دەست بە وانەوتنەوە دەکات، لەگەڵ وانەکانیدا نەختە نەختە لە هەستە کوردانەکەی بەشی خوێندکارە کوردەکـانـی دەدات و دەیەوێت نەوەیەکی هۆشیار بۆ داهاتووی وڵاتەکەی پێبگەیەنێت.

جەعفەر عەبدولواحید لە دەیەی دووەمی تەمەنیدا دەستی بە کاری سیاسی کردووە، سەرەتا لە ریزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و دواتریش لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان و پاشانیش لە ریزی باڵی مەکتەبی سیاسیی هەمان حزبدا کاری کردووە.

هاوڕێ و هاوڕێبازەکانی گەواهیی ئەوەی بۆ دەدەن کە لەو سەردەمەدا جەعفەر عەبدولواحید لە زۆرێک لە هاوخەباتەکانی هۆشیارتر و ئاشناتر بووە بە هزر و ئایدۆلۆژیاکان و توانای سیاسی و سەرکردایەتی زیاتر بووە.

نەرمین عوسمان/ هاوڕێ و خوشکەزای شەهید: لە ساڵی ١٩٦٣ بوو بە پێشمەرگە و بەرەو ئێران ڕۆیشتن، ماوەیەک لە ئێران مانەوە و لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بوون، دوای ئەوە گەڕایەوە. جارێکیان لە قۆناغی چوارەمی ئامادەیی بووم، کە گەڕایەوە گوێچکەی بریندار بووبوو، هاوەن لە نزیکییەوە تەقی بوو، بەدزییەوە هاتە ناوشار، ئەوەش زۆر منی هان دا کە بچمە ناو سیاسەتەوە.

قۆناغی پێشمەرگایەتی وای لێ کردبوو کە قۆناغی پێنجی ئامادەیی تەواو کرد و لە زانکۆ وەرگیرا، زانکۆی بەجێهێشت و بوو بە پێشمەرگە.

خۆی لە سەرەتای بیرکردنەوەیەوە تەنانەت لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستانیش، باڵی چەپ بوو و وەک چەپ بیری دەکردەوە، شیوعی نەبوو، بەڵام چەپ بوو، مارکسییانە بیری دەکردەوە، تاکە ڕێگە بە لای ئەوەوە، مارکسییەت بوو، واتە پێی وابوو بە شێواز و بیرکردنەوەی چەپ دەتوانیت وڵات ڕزگار بکەیت، لەگەڵ ئەوەش، کوردستانیی بوو، باوەڕی بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هەبوو، هەر بۆیە پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ کوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵاتیش

هەبوو. لەوە دەچێت لە دواییشدا ئەو ماوەیەی لە سووریا بوو لەگەڵ خاڵە شەهاب، پەیوەندیی لەگەڵ رۆژئاواشدا زیادی کردبێت، بەڵام ئەوەندەی من دەزانم لەگەڵ باکوور و رۆژهەڵات پەیوەندییەکی زۆر زۆر باشی هەبوو، بەتایبەت لەگەڵ کوردی رۆژهەڵات پەیوەندییەکی ئێجگار باشی هەبوو.

مامۆستا جەعفەر/ ئەندامی پێشووتری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی: لەگەڵ غاندیی برام لە مااڵی ئەوان میوان بووین، بەدوورودرێژی باسی ناکۆکیی سەرەکی و لاوەکی کرد، جەعفەر عەبدولواحید وتی: ناکۆکیی سەرەکی ئێمە لەگەڵ بەغدایە، ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین هەرچی هێزی دژ بە رژێم هەیە کۆیان بکەینەوە. بە تێوڕییەکی زۆر فراوان قسەی دەکرد کە ئێستا رەنگە بواری ئەوە نەبێت باسی بکەین. مەبەستی ئەوە بوو ئەو هێزانەی دژ بە رژێمن هەمووی لە بەرەیەکدا کۆ بکرێنەوە و وا بکرێت رژێم بەتەنیا بمێنێتەوە. جەعفەر عەبدولواحید بۆ گاڵتە باسی دەکرد و بەو جۆرە گوزارشتی لێ دەکرد: «گا هەیە گونی دەگریت و بای دەدەیت و دەیدەیت بە زەویدا»، بۆیە دەبێت ئێمەش ئەو سیاسەتە بەکار بهێنین.

مەجید سدیق/ هاوڕێی شەهید: ئێمە تا ئەو کاتەی کاک جەعفەر لە ژیاندا مابوو، هەر هاوڕێ بووین، ئەوەی وای کرد هاوڕێیەتییەکەمان بەردەوام بێت؛ قسەی خۆش بوو، لە قسە پەکی نەدەکەوت. ئازا و چستوچالاک بوو، لێپرسراوی ئێمە بوو لە شانەی قوتابیان، یان لە پارتی لێپرسراوی ئێمە بوو، نوکتە و قسەی خۆشی زۆر بۆ باس دەکرین، بۆ قسەکردن لە ئێمە قسەزانتر بوو، بۆی رانەدەوەستا یەکسەر وەڵامی ئامادەی پێ بوو.

هەر ئاهەنگێک هەبوایە، بەتایبەتی بە بۆنەی ٢١ی ئازار کە نەورۆزە، کاک جەعفەر کۆمەڵێک خوێندکاری کورد و کچی دەهێنا، گۆرانی و چەند جۆرە شایی و هەڵپەرکێیەکی فێر دەکردن بۆ رۆژی نەورۆز، یاخود هەر ئاهەنگێکی تر هەبوایە بە هەر بۆنەیەک، خوێندکارەکانی فێر دەکرد و خۆشی تێیدا شایی دەکرد.

لەبیرمە لە یادی لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردەکە، کە لە ساڵی ١٩٤٧ لە سێدارە دران، کاک جەعفەر رۆڵی هەبوو، ئەویش رۆڵی یەکێک لەو ئەفسەرانەی بینی کە لە سێدارە درا، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٦خۆشی لە سێدارە درا، واتە دوو جار لە سێدارە درا.

ئەشرەف تاڵەبانی/ هاوڕێی شەهید: مەئمون دەباغ، کە سەرکردەیەکی قوتابیانی کوردستان بوو، لە ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تری شەهید بوو، بەیانێک دەرچوو بۆ یادی ئەوان، جەعفەر عەبدولواحید وتی: دەبێت ئەمشەو لە هەموو کۆیە بڵاوی بکەینەوە. خۆی سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەکەی دەکرد و تەنیا منی لەگەڵ خۆی هەڵبژارد. وتی: من و تۆ دەچین بۆ لای سەرای حکومەت. واتە بۆ شوێنە مەترسیدارەکە، ئەوانی تری لە گەڕەکەکانی تر دابەش کردبوو، بەڵام ئەو شوێنەی ئێمە بۆی دەچووین لای تەکیەی تاڵەبانی و بەردەرکی سەرا بوو، هەمیشە پۆلیس لەو ناوە هەبوو. مامۆستا جەعفەر ئەم شوێنەی بۆ من و خۆی هەڵبژارد، کاتێک ئەرکەکەمان جێبەجێ کرد، یەک دوو جار راونراین، بەڵام ئێمە نەترساین و دووبارە دەچووینەوە، تا کاتی نوێژی عیشا هەموو بەیانەکانمان بڵاو کردەوە و سڵی لە هیچ شتێک نەدەکردەوە.

پیاوێکی قارەمان بوو، پیاوێک بوو بە مەبدەء و بڕواوە شتی بۆ باس دەکردیت، بەڕاستی بە بڕوابەخۆبوونەوە ئیشی دەرکرد.

نەرمین عوسمان/ هاوڕێ و خوشکەزای شەهید:
کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دامەزرا و پاش ئەوەی زانکۆی تەواو کرد هاتە هەولێر و بوو بە سەرپەرشتیاری رێکخستنی ناو هەولێر، زۆربەی کاتیش خاڵە شەهاب لە ماڵی ئەوان لە هەولێر خۆی دەشاردەوە، دەچوونە کەرکوکیش، واتە سەرپەرشتی هەموو رێکخستنەکانیان دەکرد، بەڵام زیاتر ئەو لە هەولێر چالاکتر بوو، لە نێوان کەرکوک و هەولێر هاتوچۆی دەکرد.

پاش ئەوەی رێکخستنی کۆمەڵە ئاشکرا بوو هات بەرەو سلێمانی، لەبەر ئەوەی ناویان دەرچوو بوو بۆ گرتن، ئێمە هەوڵی زۆرمان دا ناسنامەیەکی ساختەی بۆ پەیدا بکەین و بە رێگەیەکی ئاسایی بێتە ناو سلێمانی، چونکە کاکە شەهاب لێرە خۆی شاردبووەوە و فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووبوو، ئەوەبوو ناسنامەکەمان بۆ دەرنەکرا و بە رێگەی قاچاخ بە گۆمەشیندا رۆیشتبوو.

تاهیر گۆمەشینی/ پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێی شەهید:
جەعفەر عەبدولواحید کە بڕیاریدا وتی: دەبێت بڕۆم. وتی: چارەسەر چییە چۆن بڕۆم؟ وتم: من و کاک فارس لەگەڵت دێین. وتمان: دەچیتە کوێ؟

وتی: دەچمە کۆیە. لە کاتێکدا هەمووی رەبایە بوو و بارودۆخێکی ناهەموار بوو.

بەرنامەکەمان بەو جۆرە دانا کە من و کاک فارس لەگەڵی بچین، ئەو وتی: نا کاکە گیان ئێوە هەردووکتان مەیەن، چونکە لەو کاتانەدا چەند کەمتر بین باشتر بە رێگەدا دەڕۆین و دەشاردرێینەوە، واتە دوو کەس باشترە لە سێ کەس یان سێ کەس لە چوار کەس باشترە. ئەو پیاوە بەبێ ئەوەی شپرزە بێت بیرۆکەی جوانی بۆ دەهات.

یەک دوو جار وتی: من کەوڵم بە نرخە ئاگات لێم بێت. منیش وتم قابیلە ئاگام لێت نەبێت. وشەی کەوڵم بە نرخە، وشەیەک بوو پڕ بە پێستی خۆی. وتی: بۆ حکومەت من کەوڵم بە نرخە، پارەی زۆر دەکات.

ئیتر وتم: ئێستا هەردووکمان بێین یان نا؟ ئەویش وتی: نا تۆ مەیە با کاک فارس بێت، بەڵام وتی: دەبێت دڵنیاییم هەبێت. منیش وتم: کاک فارس وەکوو ئەوە وایە من بم. کاک فارسیش کۆنەپێشمەرگە بوو، دەمانچەیەکیشی وەرگرتبوو لە خزمێکی خۆی، چونکە پێیان بوایە باشتر بوو.

منیش رێگەیەکم بۆ دانا، وتم: مەڕۆ. مامۆستا جەعفەر وتی: ئەی چی بکەم؟ منیش وتم: گوندی قورتەلاس هەیە دەکەوێتە ئەودیوی گوندی

باوقپیرەر لە سەرووی گۆمەشین، لەوێ دوو ماڵ خزمی ئێمەن، ناویان حاجی عارف و سمایلە، دەتبەم لەوێ دەتشارمەوە، ئەگەر سااڵێک لەوێ بیت دڵنیابە وەک ماڵی من وایە.

دیار بوو بیرۆکەکەی زۆر پێ باش بوو، وتی: بەڕاستی بیرۆکەیەکی چاکە، بەاڵم من کارێکی تایبەتم هەیە ناتوانم. لەگەڵ ئەوەش، وتی: ئیشی لەسەر بکە بۆ کاتی پێویست ئەو گوندە بەکەڵکمان دێت.

نەرمین عوسمان/ هاوڕێ و خوشکەزای شەهید: هاتە سلێمانی، لە سلێمانییەوە بڕیاریان دابوو بڕۆن، بەاڵم ئەو بڕیارە چۆن درا، من ئاگاداری نیم و نەشمزانیوە بەڕاستی، چونکە ئەو کاتەی لە فزەیلیە بوو پرسیارم کرد وتم: چۆن بوو ئێوە ئەو بڕیارەتان دا کە بچن بەرەو ئێران و لە ئێرانەوە بەرەو سووریا و پاشان بچنە دەرەوە؟ خاڵم وتی: ئەو بڕیارە هەموومان داومانە و کەسی تاوانبار نەکرد. سەیر بوو بەاڵمەوە، چونکە ئەو باوەڕی بەوە نەبوو، من دەزانم خاڵە جەعفەرم باوەڕی بەوە هەبوو لە کوردستاندا بمێنێتەوە، بەاڵم ئەو بڕیارە چۆن درا و لەسەر چ بنەمایەک درا، من هیچ زانیاریم نییە، چونکە وەاڵمی خاڵم لە فزەیلیە ئەوە بوو کە وتی: بڕیارێکی هەمەاڵیەنە بووە و هەموومان بڕیارمان داوە.

نەمین شــوان/ هــاوڕێ و هــاوخەبــاتــی شەهید: دوای نسکۆی جەزائیر ئەوان دەستیان کرد بە دروستکردنی ڕێکخراوێکی تر لە دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە دووبارانەی کە هەبوون، ڕێکخراوێکی تریان دروست کرد، وەک: کۆمەڵە. جەعفەر هات بە منی وت حەز دەکەین تۆش بێیتە ناو کۆمەڵە.

من ئەو کاتە لەبەر هەندێک هۆکاری ستراتیژی ئەو کاتە و هەندێک بابەتی تر، بە لێکدانەوەی خۆم کە دەبوو وانە بێت و وا بێت، نەچووم لەگەڵیان. پێم وتن پەلە مەکەن، جارێ ئەمە ڕژێمی سەدام حسێنە و ڕژێمێکی دڕندەیە کە بە هیچ جۆرێک لێکدانەوە و یەک و دووی لا نییە و کوردیش وا لە نسکۆدایە.

ئەشرەف تاڵەبانی/ هاوڕێی شەهید: لەوێش بەردەوام شیعرە بەسۆزەکانی خالید دلێری برا گەورەی بۆ ئێمە دەنارد بۆ کۆیە و دەینووسی (سڵاو لە برای دووروڵاتــەوە، بە جلی ســووری ڕێی خەباتەوە، دەینێرین بۆ هەر کەسێک کە وا مەشخەڵی شۆڕش بەرز دەکاتەوە) یاخود (لەگەڵ نەورۆزدا دەرکەوت نیشانە، بە ریسوابوونی ئەم خائینانە).

ئەو بەکردەوە گیانبازی و خۆبەختکردنی بۆ نەتەوەکەی سەلماندووە، بە ئەندازەیەک کە هەرگیز سڵی لە مردن و کۆتاییهێنان بە ژیانی لەپێناو گەلەکەیدا نەکردووەتەوە. لە سەردەمی خەباتی نهێنیدا یەکێک بوو لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی کۆمەڵە، بەردەوام کاری بۆ بەهێزکردن و فراوانترکردنی ڕێکخستنەکانی دەکرد، کاتێکیش لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە کارکردنی کۆمەڵە وەکوو ڕێکخستنێکی ئاشکرا دەستی پێ کرد، ئەو یەکێک بوو لە سەرکردەکانی قۆناغەکە و توانیی ئەرکی سەرکردایەتیکردن و ئاراستەکردنی کۆمەڵە لە هەولێر لەئەستۆ بگرێت.

جەعفەر عەبدولواحید هاوشانی خاڵە شەهاب، شاسوار جەلال (شەهید ئارام)، ئەنوەر زۆراب و زۆرێکی تر لەو قۆناغەی خەباتی سیاسیی گەلەکەماندا ئەرکێکی سەختیان لەئەستۆ گرت و کاریان لەپێناو گەڕاندنەوەی هیوا بۆ دڵی بێهیوای گەلی کورد و گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ شۆڕش و گەڕاندنەوەی ورە بۆ پێشمەرگە دەکرد، کە ئەمەش لەدوای شکستی گەورەی شۆڕشی ئەیلوولەوە کارێکی سەخت و نزیک لە ئەستەم بوو.

دوای ئەوەی ناوی ڕێکخستنەکان دەگاتە دەستی حزبی بەعس، جەعفەر عەبدولواحید لەگەڵ

هاوڕێکانی تریدا بەرەو ئێران دەڕۆن، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دەستگیر دەکرێن و رادەستی بەعس دەکرێنەوە. لەوێ لە تاریکیی زیندانداا چرای ئازادیی هەڵ دەکەن و لە شەوەزەنگی ئەبوغرێبدا دەبنە چرای هۆشیارکەرەوەی زیندانییەکانی تر.

جەعفەر عەبدولواحید بە قسە خۆشەکانی و بە دەنگە خۆش و هۆنراوە بەپێزەکانییەوە لە زیندانیشدا وانەی ئازادی و ئازایەتی، وانەی وەرە و نەبەزین و کەڵ ژیانی دەوتەوە.

لەو تارکیستانە کپەی زیندانداا، هەمووان گوێیان لێ بوو کە جەعفەر عەبدولواحید وانەی ئازادی و ئازایەتی، وانەی وەرە و نەبەزین و کەڵ ژیان دەڵێتەوە.

دوای ئەوەی فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچێت، لەگەڵ هاوخەباتەکانیدا کێبڕکێیان دەبێت لەسەر ئەوەی کامیان یەکەم کەس لە سێدارە بدرێت، کێبڕکێیەک لەسەر گیانبازی و فیداکاری و قوربانیدان بە رۆح.

دواجار جەعفەر عەبدولواحید و هاوخەباتەکانی بەدەم وتنەوەی سروودی «رێی خەباتمان» چوونە بەر پەتی سێدارە و گیانیان بەخشییە ئازادی و سەربەستی و سەرفرازیی نەتەوەکەیان.

تاهیر گۆمەشینی/ پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێی شەهید: چـوون بـۆ ئـێران بـۆ سـەردەشـت، لـەوێ لەگەڵ برادەران یەکیان گرتبووەوە، بەڵام پێم وایە ئەو کاتە رێککەوتنێک لە نێوان ئێران و عیراقدا هەبوو، کە هەردوولا خەڵکی گومانلێکراو بە تێڕوانینی ئەوان، ئەگەر بگیرێن لە نێوان هەردوو وڵات، بیانگۆڕنەوە، بۆیە پێم وایە ئەوانیان گۆڕییەوە و هاتنەوە.

مامۆستا جەعفەر/ ئەندامی پێشووتری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی: شتەکان ماون، ئێمە بڵاومان کردووەتەوە، لـەوێ دەمێننەوە و خۆیان بەدەستەوە دەدەن و دوای دوو مانگ و نیو بۆ سێ مانگ لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ رادەستی عیراق دەکرێنەوە.

نەرمین عوسمان/ هاوڕێ و خوشکەزای شەهید: هێنایاننەوە سلێمانی، ئەو کاتە لە ئەمن بوون، لە رێگەی هەندێک بـرادەرەوە توانیم بزانم ئەوان گەیشتوونەتە ئەوێ یاخود نا، چووین هەندێک شتمان کڕی و چووینە ئەمن، ئـەو کاتە بۆمنی کـوردی لێ بـوو و هێشتا نەیانگۆڕیبوون، دوای ئـەوە کردیـانـن بـە ئەمنی عـەرەب، من لەگەڵ خـۆم شتم بردبوو. وتـم: ئەو گیراوانەی هاتوونەتە ئێرە ئەم شتانەیان بۆ بەرە. لە راستیدا ویستمان بیانبینین، بەڵام نەیانهێشت، منیش

وتم: چۆن بزانم گەیشتووەتە دەستی؟ ئەمنەکە دیاربوو کەسێکی خراپ نەبوو، وتی شتێکت بۆ دەهێنمە دەرەوە، کە پۆلیسەکە هاتە دەرەوە، وتی دەڵێت: «ڕێباز هەر وەک خۆی گرینۆکە»، واتە کوڕەکەی. ئیتر تێگەیشتم کە خاڵم لەوێیە لەگەڵیان و شتەکانیشی پێ گەیشتووە.

من ئەو کاتەی سەردانم وەرگرت و چووم بۆ ئەمنی عامە، زانیم کە کاکە شەهاب و خاڵم و برادەرەکانی گەیشتوونەتە ئەوێ و هەموشیان بەیەکەوە لە یەک هۆبەن، سەرەتا هەموویان تێکەڵ کردبوون، نەیانزانیبوو، بەڵام کە تێکەڵیان کردبوون ئیتر بەپەلە زانیبوویان کە چی ڕووی داوە و کێ قسەی کردووە و کێ قسەی نەکردووە، هەموویان خۆیان قسەکانیان کردبوو بە یەک کە بڵێن کەسە سەرەکییەکان خاڵە شەهاب و جەعفەر عەبدولواحیدن و ئەوانی تر هیچ دەسەڵاتێکیان نەبووە.

ڕەوا جەعفەر عەبدولواحید/ کچی شەهید: باوکم داوای لە دایکم کردبوو کە «ئەو هەموو ماوەیە ڕەوام نەبینیوە، دەترسم فەرمانەکە جێبەجێ بکەن و نەیبینم، با نەبێت بە گرێ لە دڵمدا، ئەم جارە کە هاتی بۆ سەردانم ڕەوا بهێنە با بیبینم». ئەو کاتەی باوکم بەجێی هێشتووم، من تەمەنم شەش مانگ

بـووه، کاتێک من دەبـەن بۆ لای بۆ زیندان، تەواو گـەورە بووم و پێم گرتووە، دەتوانم بـڕۆم. دایکم وتی: کاتێک تۆم لەسـەر زەوییەکە دانا هەتا جل و سـەرپۆش و عەباکەمم چاک کرد، تۆ ون بوویت لێم، منیش زۆر ترسام و بـەدواتدا گـەڕام و رۆیشتمە دەرەوە، ئاگام لە باوکت هـەر نەما.

لەو کاتەشدا دیاربووە باوکم هـەر چاوەڕێی دایکمی کـردووە، دەبینێت منداڵێک بەتەنیا دێت و دەڕوات، باوکیشم دەڵێت پێدەچێت ئەو منداڵە لە کەسوکاری خۆی ون بووبێت، با من لای خۆم دایبنێم نەوەک یەکێک بیبات یـان یەکێک لە سـەربازەکانی زیندان ئازاری بدات، با لای خۆم دایبنێم تا خاوەنەکەی پەیدا دەبێت. کاتێک دایکم دێتەوە شوێنەکە، دەبینێت باوکم دانیشتووە و منی لە لام، دایکم زۆر بەپەلە دێت دەڵێت: ئەوە لای تۆیە! خۆ من رۆحم چوو، کاتژمێرێکە بەدوایدا دەگـەڕێم. باوکیشم دەڵێت: لە کێ؟ بۆ ئەوە کێیە؟ دایکم دەڵێت: ئەوە رەوایە. باوکم دەڵێت: وەڵڵا من نەمزانیوە ئەوە رەوایە، لێرە بینیم بێ کەس و بێ دایک و باوک بوو، منیش ترسام لە بنەماڵە و کەسوکاری خۆی ون بووبێت، بۆیە لێرەم دانـا، واتە ئێستا ئەوە رەوایـە؟ دایکیشم دەڵێت: ئەرەوەڵڵا ئەوە رەوایە، بەڵام لێم ون بووبوو. دایکم دەیوت جۆرە بینینێک و چاوپێکەوتنێک بوو بە هیچ جۆرێک گوزارشتی لێ ناکرێت.

نەرمین عوسمان/ هاوڕێ و خوشکەزای شەهید: لە خاڵمم پرسی کە فلان کەس دانی پێدا ناوە؟ ئەویش وتی: «جارێکی تر ئەو جۆرە قسانە مەکەنەوە، هەموو کەس ناتوانێت بەرگەی ئەو ئەشکەنجەدانە بگرێت.» ئینجا لەوێ لە برادەر و هاوڕێکانی زانیم و پاشان لە خۆشی کە چەند جار نینۆکیان دەرهێناوە و چەند ئازاریان داون و لێیان داون. دەگێڕنەوە جارێکیان یەکێک لە برادەرەکان دوای ئەوەی لە کۆمەڵە دەگیرێت، زۆری لێ دەدەن، دوای لێدانە زۆرەکە پێی دەڵێن هەر دەبێت دانی پێدا بنێیت، خۆ تۆ جەعفەر نیت دانی پێدا نەنێیت.

رەوا جەعفەر عەبدولواحید/ کچی شەهید: دایکم وتی لە زیندانیش کەلەپچەکانی نیشاندام و وتی: «ئەها سەیر بکە! ئەوە ئەو بازنانەیە کە پیاوەکان لە ماڵەوە دەیکەنە دەستی ژنەکانیان، ڕێک ئەو کەلەپچەیەیە، بۆیە لە ژیانتاندا نە بازن بکەنە دەستان نە پاوانەش لە قاچتان بکەن، پاوانە و بازن ئەو کەلەبچەیەیە، بەڵام هەریەکە لە شوێنی خۆی و بە شێوەی خۆی».

مامۆستا جەعفەر/ ئەندامی پێشووتری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی: ئەوان لە زیندانیش بوون ئەو دروشمەیان بەرزکردەوە «کەم بژی و کەڵ بژی»، پاشان دەیانوت: «ئازاردانی ڕژێم هەر هیچ نییە و گاڵتەمان پێی دێت».

یەکێکی وەکوو کاک شەهاب بەردەوام ئەوەی دووبارە کردبووەوە و وتبووی هەرچی شت هەیە لە ئەستۆی منە نەک لە ئەستۆی ئەوان، هەرشتێکتان هەیە لەوان مەدەن، وەرن لە من بدەن. پیاوێکی زۆر خۆڕاگر و ئازا بووە، هەر رژێمی تۆقاندبوو بەو قسانە. یەکێکی وەکوو مامۆستا جەعفەر هەر گاڵتەی کردبوو بە بیرکردنەوەی جەللادەکان، هەر پێکەنی بوو پێیان، چەندیان لێ دابوو، هیچ مرۆڤێک بەئاسانی بەرگەی ئەو ئازار و زیندان و لێدانەی رژێمی نەدەگرت، واتە کارێکی وا ئاسان نەبووە، چونکە تازەترین تەکنیکی ئازاردانی گیراوەکان بەکار هاتووە، کە چۆن وا بکەن کابرا دانی پێدا بنێت، ئینجا بە کارەبالێدان بێت یان هەرچی شێوەیەک کە بەکاریان هێناوە، بەڵام نەیانتوانیبوو یەک دانپێدانان وەربگرن.

ئەوەی کە رژێم بەدەستی هێنا و بووە هۆی لەسێدارەدانیان، ئەو بەڵگەنامانە (پاسپۆرت) یان پێ بووە کە سەفەریان کردبوو بۆ سووریا، حکومەتیش زانیاریی هەبوو کە ئەمان رۆیشتوون بۆ سووریا. بەعسی سووریا و بەعسی عیراق دوژمنی سەرسەختی یەکتر بوون، ئەوەی رۆیشتووە بۆ ئەوێ بە خیانەتێکی گەورەیان داناوە، کە باڵاترین شێوەی خیانەتکارییە کە لە مرۆڤ دەوەشێتەوە، هەڵبەتە لای ئەوان وابووە.

ئەمین شوان/ هاوڕێ و هاوخەباتی شەهید: خێزانەکەی (قانیعە خان) خۆی و منداڵەکانی هاتن بۆ ماڵمان، پێی وتم دەستگیر کراون و لە ئەمنی سلێمانییەوە هێنراون بۆ ئەمنی عامە.

باوەڕت هەبێت ئەو کاتەی هەواڵەکەی پێ دام، وەک ئەوەی کێوێک بەسەرمدا بکەوێتە خوارەوە وابوو، چونکە دەمزانی دڕندەیی سەدام حسێن و داموودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی لە چ ئاستێکدایە و چ خوێنمژێکن. کەوتمە ماتەمێکی زۆر گەورەوە، کە قانیعە خانی خێزانی جەعفەر هات، ماوەیەک هەوڵی دا و دواتر ڕۆیشتەوە، ئێوارەیەکیان سەیرم کرد تەکسییەک لەبەردەم ماڵەکەمان ڕاوەستاوە و کاتێک چوومە بەردەرگا، دڵم داخورپا و سەیری ئەوانم کرد زانیم شتێکی مەترسیدار هەیە، وتی: ناردوویانە بەدواماندا و ئەمەش مانای ئەوە بچین سەردانیان بکەین و بیانبینین، دوای ئەوە کارەساتی مەترسیدار لەپێشەوەیە و لەوانەیە فەرمانی سزاکەیان جێبەجێ بکرێت.

من سەرم لێ شێوا و وا پەشۆکام کە بە ئۆتۆمبێلەکەم ڕۆیشتین بچین بۆ ماڵی مامم کە لە شوێنێکی تر بوون، خەریک بوو پاسێک لێمان بدات و هەموومان بکات بە ژێرەوە، ئیتر خوا ڕەحمی کرد، کاتێک چووین سەیر دەکەم شیوەنە لەوێ و ئەوانیش زانیبوویان و کەوتینە ڕاکردن بەملا و بەولادا.

مـن و کـاک خالید و مـامـم (مـامۆسـتـا جـەلال عەبدولڕەحمان) چووین بۆ لای حزبەکان. کە چووم بۆ لای لە زیندان، لە بەشی لەسێدارەدان بوون لە زیندانی ئەبوغرێب، شوێنێکی ترسناک بوو، کاتێک دەچوویتە پێشەوە دەتزانی ئەمە شوێنی مەرگە، مەرگی مرۆڤگەلێکی پاک و رێکوپێک کە زۆربەیان سیاسی بوون.

کاتێک گەیشتینە بـەر دەرگـا بۆ ئـەوەی بچینە نهۆمی دووەم، چونکە ئەوان ژوورە بچووکەکانیان لە نهۆمی دووەم بوو، هەستێکی زۆر خەماوی و گریاناویی توند دایگرتم، وەک ئەوەی یەکێک تایەکی زۆر بەهێزی لێ بێت، قورگم پڕ بوو لە گریان، زۆر هەوڵم دا خۆم بگرم، بەڵام بێسوود بوو، کە گەیشتینە دواپلیکانە ئەو دانیشتبوو. چۆن دانیشتبوون؛ نەک وەک سێ کەسی لاوازی بێدەسەڵاتی بەردەم مەرگ و ترس، بەڵکوو وەک سێ شێر لەبەردەم لانەیەکدا دانیشتبوون، قۆز وتوند و بەئاگا، کە من دەرکەوتم، جەعفەر خێرا ڕاپەڕی و بەپێکەنینەوە رووی کردە خاڵە شەهاب وتی: «خاڵە شەهاب ئەوە ئەمین هات»، تێر باوەشمان بەیەکدا کرد بەهۆی ئەو هەست و سۆزەی هەمان بوو.

ماوەیەک دانیشتین، ئێمە هەموومان بووین و خێزانەکانیشمان بـوون، لەجیاتی ئـەوەی دانیشین

لای سێ کەس کە چەقۆ لەسەر ملیانە و مەرگ وا بەسەر سەریانەوەیە و دوو بست لێیان دوورە، باوەڕ بکە دانیشتنەکەیان بە جۆرێک لێ کرد وەک ئەوەی ئاهەنگ بێت نەک تەنیا دانیشتنێک، بەڵکوو قسەی خۆش و نوکتە و گاڵتەوگەپمان دەکرد، ئێمە برادەرایەتی و نوکتەی زۆر لە نێوانمان هەبوو، لەگەڵ جەعفەر گێڕامانەوە.

دواتر وتی: «ئەمین، راسپاردەیەکت پێدا دەنێرم، بینێرە بۆ شۆڕش، بیستومانە لەبەر خاتری ئێمە چالاکییەکانیان راگرتووە، هەواڵیان بۆ بنێرە با چالاکییەکانیان رانەگرن و قیروسیا لە ئێمە با ئەوان بەردەوام بن و چالاکییەکان رانەگرن». من هاتمە دەرەوە و راسپاردەکەیم گەیاند لە رێگەی خوالێخۆشبوو حیلمی عەلی شەریفەوە.

نەرمین عوسمان/ هاوڕێ و خوشکەزای شەهید: کە بردیانن بۆ دادگە ئێمە هەموومان لەبەردەم دەرگای دادگە دانیشتبووین، زۆربەی زۆرمان لە خێزانەکانی ئەو کەسانە بووین کە گیرابوون، چاوەڕێی بڕیاری دادگە بووین، کاتێک ئەوانەی لەوێ بوون لە دادگە هاتنە دەرەوە، بڕیارەکانیان پێ وتین، وتیان ئەم سێ کەسە بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دراوە و ئەوانی تریش زیندانیی دەکرێن بۆ ماوەی شەش ساڵ.

خاڵە جەعفەرم ئێجگار زۆر وڕەی بەرز بوو، شتێکی سەیر بوو، هەرگیز هەستت نەدەکرد ئەم کەسانە لە ژووری لەسێدارەدان.

جارێکیان خاڵم رووی کردە من و پێی وتم: «حەز دەکەیت خاڵێکت هەبێت سەرت پێی شۆڕ بێت، یان خاڵێت هەبێت سەرت پێی بەرز بێت؟ کامیان بە لای تۆوە گرنگە؟ یان من تا ماوم سەرشۆڕ بم، یان بە سەربەرزی بمرم؟» تەنانەت کردی بە گاڵتە و وتی: «من بە دڵ و ئارەزووی خۆم نەهاتوومەتە دنیا، با بە ئارەزووی خۆم بڕۆم».

توانایەکی باشی هەبوو، بەاڵم تەمەنێکی کورت.

ڕەوا جەعفەر عەبدولواحید/ کچی شەهید: پەتی سێدارە و کەلەپچە زۆر ئازارام دەدەن کاتێک لە هەر شوێنێک دەیانبینم، بۆ نموونە؛ لە سۆشیالمیدیا کە دەیانبینم زۆر پێیان تێک دەچم، بەتایبەت ئەو برا ئەزیزە کوردانەمان لە ڕۆژهەاڵت کە بەردەوام لەژێر ئەو ئازار و ئەشکەنجە و چەوساندنەوەیەی حوکمی ڕۆژهەاڵتدان، زۆر زۆر تێک دەچم، جاری وا هەبووە بە سێ ڕۆژ یان چوار ڕۆژ نەمتوانیوە نان بخۆم.

هەتا دواهەناسە وەسێتی ئەوەی کردووە کە تەواوکەر و دڵسۆزی ڕێبازەکەی بین، ئەگەر

نەمانتوانی لەسەر خەرمانەکەی دایبنێین، لەسەر خەرمانەکەشی هەڵنەگرین، بەردەوام داوای ئەوەی کردووە خاک و وڵات و خەڵک و گەلی خۆمان لە هەموو شت و لە خۆشمان زیاتر خۆش بوونێت.

مامۆستا جەعفەر/ ئەندامی پێشووتری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی: ئەو ماوەیەی تەرمەکانیان هێنایەوە بۆ سلێمانی و کۆیە، ئەو رۆژە وەک ئاهەنگی ناشتنی جەماوەریی کەموێنەی لێ هات، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە تەنانەت ناشتن و مەراسیمەکەش وەکوو رووداوێکی زۆر گەورە سەیر دەکرا و خەڵک رێزێکی زۆر گەورەی هەبوو بۆ ئەو خەباتە. ئەو خەباتەشە کە ورەی بە خەڵک داوە تا ئەمڕۆش لەسەر کاری سیاسی و خەبات بەردەوام بن.

ئەمین شوان/ هاوڕێ و هاوخەباتی شەهید: رۆژێکی بارانباوی بوو، لەگەڵ کاک خالید چووین بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی شەهید جەعفەر و خاڵە شەهاب و ئەنوەر، لەبیرمە چەند کەسێک لە خەڵکیٔ سلێمانیش هاتبوون، یەکێک لەوانە د. کەمال مەزهەر بوو یادی بەخێر. کاک خالید چووە ژوورەوە و هاتە دەرەوە وتی: «چاوی هەرسێکیان هەڵکۆڵیوە»، ئەوەندەی تر خەفەتم خوارد، ئیتر من نەمتوانی بچم

بیانبینم و تەرمەکانیانمان وەرگرتەوە، لەوێ کۆتایی بەو تراژیدیا گەورەیە هێنرا.

حکومەتی بەعس قەدەغەی کردبوو پرسەیان بۆ دابنرێت و هیچ بۆنەیەکیان بۆ بکرێت، بەڵام خەڵکی کۆیە ئاڵنگاریی حکومەتیان کرد و گەنجەکان بە دەسڕبادان و بە هوتافوتنەوە بردیان بۆ گۆڕستان و لەوێ ناشتیان.

مامۆستا مەجید/ هاوڕێی شەهید: کارەسات بوو، کارەسات بوو. لەو کاتەدا رەوا خان منداڵ بوو، لەگەڵ کاک رێبازی برای زۆر بچووک بوون، من چوومە کۆیە و رۆیشتمە ناوەندی کۆیە، برادەرانم تێگەیاند، هەموویان هاتن. پێش ئەوەی بگەینە کەرکوک مەفرەقێک هەیە دەچێتە کەرکوک و کۆیە و هەولێر، برادەران وتیان با لەوە زیاتر نەڕۆین، با لێرە رابوەستین. ئێمە لەوێ وەستاین تا تەرمەکەیان هێنایەوە.

کاتێک تەرمەکە هات، ئایشە خان هاواری کرد، ئێمەش وردە وردە دەچووین و هەر خەڵک و ئۆتۆمبێل بوو دەهاتن، باوەڕ ناکەم تا ئێستا شتێکی وا لەناو کۆیە کرابێت، کاتێک تەرمێک دەنێژن لە کۆیە، خۆڵەکەی بە بێڵ پێدا دەکەن، بەڵام خەڵک نەیهێشت، وتیان دەبێت بەدەست بێت.

ئەشرەف تاڵەبانی/ هاورێی شەهید: بەڕاستی ئەو ڕۆژەی لە سێدارە درا من بەشێوەیەکی سەیر تاسابووم، نەمدەزانی چۆن هەڵسوکەوت بکەم، لەو شەوەشدا منداڵێکمان لەدایک بوو، ناوم نا «ئەژی»، لەو شەوەی مامۆستا جەعفەر لەگەڵ خاڵە شەهاب لە سێدارە دران، کوڕەکەم لەدایک بوو، ئێستا گەورەیە، تەمەنی ٤٥ ساڵە، ناوم نا ئەژی، بەو مانایەی کە سەرکردەکانمان لە سێدارە دران ئیتر جووڵەی کۆرد و جووڵانەوەی ئازادیخوازانی کورد تەواو نەبووە، بەڵام من لە ڕێگەی ئەو ناوەوە وتم کورد دەژی، میللەت نامرێت و ئەو سەرکردانەش مادام بەسەربەزییەوە ڕۆیشتن، بوون بە مەشخەڵێک بۆ ڕێبازی کوردایەتی و خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.

تاهیر گۆمەشینی/ پێشمەرگەی دێرین و هاورێی شەهید: نموونەیی بوو، سەرکردەی وەکوو ئەو، مەگەر مام جەلال بێت، مام جەلالیش وەسف ناکرێت. مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید پیاوێک بوو لە هەموو ڕوویەکەوە تێکۆشەر، خۆڕاگر، وشیار، زیرەک، فکریی، مەبدەئی، خاوەن بیرۆکەی تایبەت، خۆڕاگر و خۆنەویست، چی وەسف هەیە لە چاکە و جوانی لەو پیاوەدا دەهاتە دی، ئەگەر بمایە لە ژیان، ئەو

رابەرایەتی و سەرکردایەتی کوردستانی دەکرد بەتەنیا، چونکە لێی دەوەشایەوە.

بەڕاستی ئەو کاتەی ئەو هەواڵە هاتە کوردستان و کـــوردەواری، پێمان وابـــوو ئاسمـان رووخـا، بەڕاستی نەوەیەکی نەتەوەیی، تێکۆشەر، خۆڕاگر، خۆنەویست، وڵاتویست، مەبدەئویست، خۆشەویست و سەرکردە بوو.

ماموستا جەعفەر/ نەندامی پێشووتری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی: شەهید جەعفەر و شەهید شەهاب بوونە سیمبولێک بۆ هەڵسانەوە و رووبەڕووبوونەوەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێم، ئەمەش بە هەموو کەس نـەدەکرا، کە تۆ هەموو رۆژێـک ئەشکەنجە دەدرێیت دەست و قاچتیان بە زنجیر بەستووەتەوە، بەڵام بتوانیت رووبـەڕووی ئەو رژێمە ببیتەوە کە سوور دەزانی لە سێدارە دەدرێیت، بەڵام ئەو یەکێک بووە لەوانەی لە زیندانیش بوو وانەی بە خەڵک دەدا، وانەی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی دژی رژێم دەدا.

بەشی دووەم

چاوپێکەوتن

- ڕەوا جەعفەر عەبدولواحید
- مامۆستا مەجید
- ئەشرەف تاڵەبانی
- نەرمین عوسمان
- مامۆستا جەعفەر
- تاهیر گۆمەشینی

ڕەوا جەعفەر عەبدولواحید:

بەردەوام داوای ئەوەی کردووە خاک، وڵات، خەڵک و گەلی خۆمان لە هەموو شت و لە خۆشمان زیاتر خۆشبوێت

ئەگەر بەکورتی باسی جەعفەر عەبدولواحیدم بۆ بکەیت، کەسایەتیی چۆن بوو و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی چی بوون؟

وەکوو باوکم باسی بکەم، یان وەک سەرکردەیەک؟

سەرەتا وەک سەرکردەیەک، دواتر وەک باوکت هەستت چۆن بووە بەرانبەری؟

بەخێرهاتنتان دەکەم، سڵاو لە رۆحی شەهیدە نەمرەکان، سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، سڵاو لە هەموو هاوڕێ و دۆستەکانی شەهید جەعفەری باوکم، سڵاوێکی زۆرم هەیە بۆ خوێندکار، خوێندنگە، ئایدۆلۆژیا و رێبازی شەهیدی سەرکردە، شەهید جەعفەری باوکم و هاوڕێکانی. لەڕاستیدا جارێ پێم خۆشە وەکوو سەرکردەیەک باسی بکەم نەک وەکوو باوکم، زیاتر وەکوو یەکێک لە دەروێشەکانی باوکم قسە بکەم و باسی رێگە و رێبازەکەی بکەم.

باوکم، جەعفەر عەبدولواحید، یەکێک بووە لەو کەسانەی دەتوانم بەو جۆرە گوزارشتی لێ بکەم کە پێغەمبەری هەژاران بووە، یەکێک بوو لەو کەسانەی زۆر دڵسۆزی چینی هەژار و نەداری کورد بوو. جەعفەر عەبدولواحید و هاوڕێکانی، دامەزرێنەری گەورەترین شۆڕشی پرۆلیتاریا بوون، باوکم لەگەڵ

هاوڕێکانی دامەزرێنەری گەورەترین ڕێبازی چینی چەوساوەی گەلی کورد بوون. بە ڕای من، ئەوان قوتابخانە و ڕێبازێک بوون هەرگیز دووبارە نابنەوە، نزیکەی نیو سەدەیە ئەوان بەردەوام لە نوێبوونەوە و لە گەورەبوون و لە باسکردنی بەردەوامدان. لەبەر ئەوە بە ڕای من، ئەو زاتانە و ئەو سەرکردانە تا ئێستا دووبارە نەبوونەتەوە. ئەوان بەڕاستی بۆ دۆست و دوژمن سەلماندیان کە سەرکردە بوون، دڵسۆز و خەمخۆر و ڕاستگۆترین کەسی گەلی کورد بوون.

جەعفەر عەبدولواحید، جگە لەوەی کەسێکی سیاسی بووە لە هەمان کاتدا ئەدیب و شاعیرێکی باشیش بووە، چ شتێک وای کردووە لە یەک کاتدا سیاسییەکی باش و شاعیریش بێت؟

بەڵێ، ئەوان لە بنەڕەتدا بنەماڵەیەکی زۆر بەخشندە و ڕۆشنبیر بوون لە شاری کۆیە، کاتی خۆی هەر کە باسی بنەماڵەی واحیدی موختار دەکرا لە شاری کۆیە، یەکسەر خەڵکەکە دەیانزانی ئەوە باسی بنەماڵەیەکی زۆر ڕۆشنبیری شاری کۆیە بەتایبەتی و کوردستان بەگشتیی دەکرێت، واتە هەر باوکم نەبوو کە زۆر ئەدیب و زۆر ڕۆشنبیر بوو لەناو ئەو بنەماڵەیەدا، بەڵکوو مامم، باپیرم، پووڕەکانم و منداڵەکانیان و تا ڕادەیەکیش ئەوان ڕووکاری شتی جوان و ڕۆشنبیریی ئەو شارە بوون.

باوکم له تەمەنێکی زۆر بچووک و بە توانایەکی زۆر کەم، دەتوانم بڵێم یەکەم کەس بووە لە شاری کۆیە شانۆگەریی کردووە، ئەوانەش هۆکار بوون بۆ ئەوەی کە مرۆڤێکی زۆر رۆشنبیر بێتە کایەوە، بەردەوام ئازاد بوون لە بیروڕاکانیان و لە دەربڕینی شێوەی بیرکردنەوەکانیان، زۆر ئازاد بوون لە قسەکردن و لە دەربڕینی بۆچوونەکانیان، ئەوەش وای کردووە بەردەوام لە بیرکردنەوەی نوێ و خوێندنی بەردەوامدا بن، واتە لە رۆشنبیرکردنی خۆیاندا زۆریان خەرج کردووە.

هەروەها هەموشیان دەنگیان زۆر خۆشە، بنەماڵەیەکن خاوەنی قوڕگێکی زێڕینن، ئەوەش وای کردبوو زۆر ئاشنای جیهانی هونەر و ئەدەب و کوردایەتی بن. ئەوانە هەمووی کەشێکی وایان خولقاندبوو کە هەموو ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەی لە ماڵی باپیرم پەروەردە کرا بوون، زۆر دڵیان بە هونەر و ئەدەب خۆش بێت.

باس لەوە دەکرێت لەگەڵ ئەوەی جەعفەر عەبدولواحید کەسێکی سیاسی و زۆر جدیی بووە، بەڵام کۆڕ و کۆبوونەوەکانی بەردەوام پڕ بوون لە قسەی خۆش و نوکتە، بەکوردییەکەی؛ بەردەوام سەرچۆپیی کۆڕ و کۆبەندەکان لای ئەو بووە، ئەمە چۆنە و تا چەند راستە، ئێوە ئەمەتان چۆن بۆ باس کراوە؟

وەڵڵا برای بەڕێز لەڕاستیدا من باوکم لە نزیکەوە نەبینیوە، ئەو کاتەی باوکم فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە و شاری هەولێری بەجێهێشتووە، من تەمەنم شەش مانگ بووە، کاتێکیش دەگیرێت و رادەستی حکومەتی عیراقی دەکرێت، ١١ مانگ لەژێر ئەشکەنجەدا دەبێت. تا فەرمانی لەسێدارەدانیان دەرچووە، نزیکەیی ساڵێک زیاتری پێ چووە. باوکم داوای لە دایکم کردبوو کە «ئەو هەموو ماوەیە رەوام نەبینیوە، دەترسم فەرمانەکە جێبەجێ بکەن و نەینبینم، با نەبێت بە گرێ لە دڵمدا، ئەم جارە کە هاتی بۆ سەردانم رەوا بهێنە لەگەڵ خۆت.» کاتێک من دەبەن بۆ زیندان بۆ لای، تەواو گەورە بووم و پێم گرتووە و دەتوانم برۆم، دایکم وتی: «کاتێک تۆم لەسەر زەوییەکە دانا هەتا جل و سەرپۆش و عەباکەم چاک کرد، تۆ ون بوویت لێم، منیش زۆر ترسام و بەدواتدا گەڕام و ئاگام لە باوکت هەر نەما.» لەو کاتەشدا وا دیارە باوکم هەر چاوەڕێی دایکمی کردووە و دەبینێت منداڵێک بەتەنیا دێت و دەڕوات، باوکیشم دەڵێت پێدەچێت ئەو منداڵە لە کەسوکاری خۆی ون بووبێت، با من لای خۆم دایبنێم نەوەک یەکێک بیبات، یان یەکێک لە سەربازەکانی زیندان ئازاری بدات، با لای خۆم دایبنێم تا خاوەنەکەی پەیدا دەبێت. کاتێک دایکم دێتە شوێنەکە دەبینێت باوکم دانیشتووە و منی لە لام، دایکم زۆر

بەپەلە دێت دەڵێت: «ئەوە لە لای تۆیە! خۆ من ڕۆحم چوو، کاتژمێرێکە بەدوایدا دەگەڕێم.» باوکیشم دەڵێت: «بۆ ئەوە کێیە؟» دایکم دەڵێت: «ئەوە ڕەوایە»، باوکم دەڵێت: «وەڵڵا من نەمزانیوە ئەوە ڕەوایە، لێرە بینیم بێ کەس و بێ دایک و باوک، منیش ترسام لە بنەماڵە و کەسوکاری خۆی ون بووبێت و لێرە هێشتمەوە، واتە ئێستا ئەوە ڕەوایە»، دایکیشم دەڵێت: «ئەڕەوەڵڵا ئەوە ڕەوایە، بەڵام لێم ون بووبوو». دایکم دەیوت جۆرە بینینێک بوو، چاوپێکەوتنێک بوو بە هیچ جۆرێک گوزارشتی لێ ناکرێت.

بۆ زانیاریی جەنابیشت، چەند دەرهێنەرێکی جیهانی داوایان لە من کردووە ئەو گرتەیەیان پێ بفرۆشم، بە هەر جۆرێک بێت ڕەزامەندی بدەم بۆ ئەوەی وەک فیلمێکی تراژیدیایی زۆر گەورە نمایش بکرێت.

دایکم وتی دوای ئەوە باوکت زۆر خەمی بوو، پێی وتم: «توخوا ئاگات لێی بێت»، منیش وتوومە بەخوا زۆر ئاگام لێیەتی. هەرچۆنێک بێت، دایکم وتی ئەو سەردانە ئاگام لە هیچ نەبوو زۆر کاریگەر بووبووم لە ئەنجامی ونبوونی تۆ.

مەبەستم ئەوەیە من هەر ئەوەندە باوکم بینیوە، باوکیشم هەر ئەوەندە منی بینیوە، بەڵام لە باسکردنی خزمەکان و ڕاستگۆیی دڕاوسێکانمان و لە هاوڕێ

و خوێندکارەکانی بەردەوام ئەوەم گوێ لێ بووە، کە زۆر قسەخۆش بووە، زۆر حەزی لە نوکتە و گاڵتەوگەپ و پێکەنین بووە، تەنانەت لە زیندان ئەو کاتەی لەژێر ئەشکەنجەدا بووە خەڵک لەوێ لەو کاتەدا زۆر دڵگران و بێتاقەت دەبن، وا بزانم باوکم هەموو جارەکانی ئەشکەنجەکانی بە نوکتەیەک کۆتایی پێ هێناوە لەگەڵیان.

جارێک لە جاران بە جەللادەکان دەڵێت: ئێوە زۆر ماندوو بوون بە لێدانی من، حەز دەکەن تا ئێوە ئیسراحەتێک دەکەن من نوکتەیەکان بۆ باس دەکەم. ئەوانیش دەڵێن دە بۆمان باس بکە، باوکیشم دەڵێت: کابرایەک دەچێتە چێشتخانەیەک دەڵێت ئێوە چیتان هەیە؟ ئەوانیش دەڵێن مێشک دەفرۆشین، ئەویش دەڵێت باشە مێشکی چیتان هەیە؟ دەڵێن وەڵڵا مێشکی کورد، مێشکی عەرەب و تورکمانمان هەیە. کابراکەش دەڵێت ئێ باشە نرخیان چۆنە؟ ئەوانیش دەڵێن مێشکی کورد بەوەندەیە و مێشکی عەرەبیش بەوەندەیە، کابراکەش دەڵێت بۆ مێشکی عەرەب ئەوەندە گرانە؟ وتی سەربازەکان ئەو قسەیەیان زۆر پێ خۆش بوو، باوکیشم وتوویەتی کەسانی چێشتخانەکە بە کابرایەکەیان وتووە بۆیە گرانە تا سەری عەرەب دەشکێنین، ئینجا تۆزێک مێشک دەردەهێنین، چونکە لەناو عەرەب مێشک زۆر زۆر کەمە، بۆیە وا نرخی گرانە، بەس مێشکی کورد و

تورکمان وا نییە، یەک سەر بشکێنە پڕە لە مێشک. ئیتر ئەوە گاڵتەوگەپەکانی باوکم بووە.

دایکت چۆن باسی کەسایەتیی باوکتی دەکرد لە ڕووی ڕێزگرتن و خۆشەویستی و پەیوەندیی نێوان دوو هاوژین و ڕێزگرتن لە مافی ژن و بڕوابوون بە نازادیی ژن؟

لەڕاستیدا من هەتا ئێستا لە ژیانمدا نەمبینیوە ژن هەبێت وەکوو دایکم عاشقی باوکم بێت، لەو دوو ساڵ و هەشت مانگەی وەکوو خەونێکە و سوێندیشی دەخوارد هەمووی یەک مانگ، یان دوو مانگ بەباشی نەمبینیوە، چونکە بەدرێژایی ئەو دوو ساڵ و هەشت مانگە خەریکی حزبایەتی و کاری ڕێکخستنی شانەی ڕێکخستن بووە. لە یەکەم گەشتیاندا باوکم سەرقاڵی حزبایەتی بووە، لەگەڵ ئەو هەموو بارودۆخە و لەگەڵ ئەو ماوە کەمەی بەیەکەوە بوون، باوکم توانیبووی ئەوەندە شتی جوان لە ناخی دایکمدا بچێنێت، توانیبووی ئەوەندە یادگاریی جوان و گەورە لە لای دایکم بەجێبهێڵێت، کە دایکم بەدرێژایی تەمەنی بەو یادەوەرییانە دەژیا.

دایکم ئەوەندەی باوکم خۆش دەویست و یادی دەکردەوە، بە ڕادەیەک هیچ گوزارشتی لێ ناکرێت، تا ئەو کاتەی دایکم کۆچی دوایی کرد، نەمبینی دایکم گلەییەک یان ناشوکرییەک و دڵشکانێکی هەبێت لە

باوکم، بەڵکوو بەردەوام خۆی دەکرد بەقوربانی کێڵ و خۆڵی سەر گۆڕی باوکم. لەبەر ئەوە ناتوانم بە هیچ جۆرێک گوزارشت لە ڕێز و خۆشەویستی و یادکردنەوەی دایکم بۆ باوکم بکەم.

بێگومان ئەو کاتانەی بەیەکەوە ژیاون، باوکم زۆر ڕێزی لە دایکم گرتووە و زۆری مافی داوەتێ، داوای لێ کردووە بەردەوام ژنێکی ئازا بێت و ئازادی و مافەکانی خۆی بەکار بهێنێت و دەنگی هەبێت و رازی نەبێت بە سەرکوتکردن و دەمکوتکردن، زۆر داوای لە دایکم کردووە پەچە و عەبا فڕێ بدات، بەڵام دایکم بەهۆی ئەوەی کچە حاجی بووە و لە شاری هەولێر وا پەروەردە کرابوو، بەردەوام عەبا و ڕەفتە و پەچەیان هەبووە.

یەکەم داواکاریی باوکم لە دایکم ئەوە بووە خۆی ئازاد بکات لەو شتانە. باوکم زۆر حەزی لە زێڕ نەبووە، لەبەر ئەوەی زێڕی بە هێمایەک بۆ کۆیلایەتی دادەنا، زێڕ و پارە وا دەکات ژنی پێ بکڕیت و پێ بفرۆشیت، نابێت ژن ڕێگە بدات ببێت بە کۆیلەی ئەو شتانە، یان ببێت بە کۆیلەی پیاوێک بەو شتانە، واتە حەزی بەو شتانە نەبووە. لەوبارەیەوە دایکم وتی: «لە زیندان کەلەپچەکانی پیشاندام وتی ئەها سەیر بکە! ئەوە ئەو بازنانەیە کە پیاوەکان لە ماڵەوە دەیکەنە دەستی ژنەکانیان، ڕێک ئەو کەلەپچەیەیە، بۆیە لە ژیانتاندا نە بازنگ بکەنە دەستان نە پاوانەش

لە قاچتان بکەن، پاوانە و بازنگ ئەو کەلەپچەیەیە، بەڵام هەریەکە لە شوێنی خۆی و بەشێوەی خۆی».

بۆ نموونە ئێستا هەر کاتێک کەلەپچە ببینیت لە فیلمێکدا، ئەو حاڵەتەی باوکت دێتەوە یاد؟

بێگومان، پەتی سێدارە و کەلەپچە زۆر ئازارم دەدەن، کاتێک لە هەر شوێنێک دەیانبینم، بۆ نموونە؛ لە سۆشیالمیدیا، کە دەیانبینم زۆر پێیان تێک دەچم، بەتایبەت ئەو برا ئەزیزە کوردانەمان لە رۆژهەڵات لەژێر ئەو ئازار و ئەشکەنجە و چەوساندنەوەیەی حوکمی رۆژهــەڵات کە دەیانبینم زۆر زۆر تێک دەچم، جاری وا هەبووە بە سێ رۆژ یان چوار رۆژ نەمتوانیوە نان بخۆم.

جگە لە دروشمە بەناوبانگەکەیان (کەم ژیان، کەڵ ژیان) چ وەسێتێکی تری بۆ ئێوە نارد، هەم بۆ گەلەکەی و هەم بۆ ئەو گرووپە سیاسییەی کە پێکیان هێنابوو، هەم بۆ خێزانەکەشی وەک ئەوەی بیستبێتت یان بۆیان گێڕابیتەوە؟

هەتا دواهەناسە وەسێتی ئەوەی کردووە تەواوکەری رێبازەکەی بین، ئەگەر نەمانتوانی لەسەر خەرمانەکەی دایبنێین، با لەسەر خەرمانەکەشی هەڵنەگرین، بەردەوام داوای ئــەوەی کــردووە خــاک، وڵات، خەڵک و گەلی خۆمان لە هەموو شت و لە خۆشمان زیاتر خۆش

بوویێت، ئەگەر قوربانیدانی ئەویشمان پێ نەکرێت، ئەوا نابێت شتێکی وا بکەین میژوو و رابردووی جوانی ئەو بڕووشێنین یان تێکی بدەین. واتە زۆر گرنگی بەوە دەدا دڵسۆزی ڕێباز و چینی فەقیر و هەژاران بین، هەتا پێمان دەکرێت ئەو نانەی پێمانە دابەشی بکەین لەگەڵ برایەکی خۆمان، هەمووکات ئەوە وەسێتەکانی بووە. باوکم هەمووکات باسی لەوە کردووە جیهانی سەرمایەداری جیهانێکی درۆزنە، بەردەوام دەبێت ژن، مرۆڤ، تاکی کورد ئازاد و سەربەرز بن، لەکاتێکدا لە جیهانی سەرمایەداریدا ئەو شتانە دروست نابن و مرۆڤەکان وەکوو کاڵایەک سەیر دەکرێن. هەر بۆیە بەردەوام داوای لێ کردووین کار لەسەر ئەو شتانە بکەین و هەتا پێمان دەکرێت شەڕی سەرمایەداری بکەین و لەگەڵ بیروباوەڕەکانی ئەو بین.

هەست دەکەیت کەسە نزیکەکانی، مەبەستم خزمەکانی نییە، بەڵکوو کەسە سیاسییەکان لە ڕێبازەکەی لایان دا و خستیانە لاوە، یان وەسێتەکەیان جێبەجێ نەکرد؟

بێگومان هەر لە سەرەتای دروستبوونی شۆڕشی نوێ و لە سەرەتای کەوتنە ناو زیندان و لە سەرەتای ئەو ڕێگەیەی کە گرتبوویان، ئەو ماوە دوورودرێژەی ئەشکەنجەدان، خەڵکانێکی زۆر هەر لە هاوڕێکانی خۆی لەسەر ڕێبازەکە لایان

دا و وەفایان نەبوو بۆ قوتابخانە و حزبایەتی و کوردایەتی و ئایدۆلۆژیایەکەی.

بە رای مـن، ئـەگـەر هـەریـەکـە بـەشـی خـۆی بەرپرسیارێتی هەڵبگرتایە لە ئیشوکارەکانی، ئەو کاتە باوکم لـە سێدارە نـەدەدرا و باوکم ناچار نەدەبوو ئیشوکاری هەموویان بخاتە سەر شانی خۆی و لە ئەنجامدا لە سێدارە بدرێت، واتە خۆی و خاڵە شەهاب و کاکە ئەنوەر زۆراب، بەڵام کە ئەوان بینیان زۆربـەی کەسە نزیکەکان لە رێکخستنەکان خـۆفـرۆش دەرچـوون و لـە رێبـازەکـە لایـان دا و ئەوە نەبوون کە نهێنیی پیشەکەیان بدرێتێ، بۆیە ئەوان هەموو شتەکانیان خستە سەر شانی خۆیان بۆ ئەوەی شۆڕش هەرەس نەهێنێت و خەونەکانی دوژمن نەیەنە دی.

ئـەوەی ئـەوان لە ئـازادی و سەربەستی و ئەو خەونانەی بۆ کـورد چـاوەڕوانیـان دەکـرد، لەگۆڕ نەنرێن. لەڕاستیدا ئەوان لەنێوانی دوو هەڵبژاردەدا بوون، یان وەکوو ئەو کەسانە خۆیان بفرۆشن، یان ببنە سووتەمەنیی شۆڕش.

بێگومان بەو بیروباوەڕ و دڵسۆزی و راستگۆییەی خۆیان کە هەیانبوو، ئەو رێگەیەیان هەڵبژارد کە ببنە سەرقافڵەی شەهیدەکان، ببنە سووتەمەنی ئەو شۆڕشە و ببنە یەکەم شەهیدی شۆڕشی نوێی

گەلەکەمان، بەبێ ئەوەی یەک تاڵەموویان بجوواڵێت، شانیان دایە بەر ئەو بەرپرسیارێتییە. ئەوان بۆ دۆست و دوژمن سەلماندیان سەرکردە و قارەمانی بەڕاستین و کرداریان بە پێش قسەکانیان کەوتبوو. ئەوەتا لەبەرچاویشتە نزیکەی نیو سەدەیە نە کەس دروست بووەوە وەک ئەوان و نە کەس توانیی شان بدات لە شانیان و کەسیش نەیتوانی توانجێکیان لێ بگرێت یان گلەییەکیان لێ بکات، بەڵکوو رۆژ لە دوای رۆژ وەکوو مانگ و ئەستێرە دەدرەوشێنەوە.

مامۆستا مەجید:

قسەی خۆش بوو، لە قسە پەکی نەدەکەوت، ئازا و چست و چالاک بوو، لێپرسراوی ئێمەبوو لە شانەی قوتابیان

مامۆستا، دەکرێت باسی سەرەتای یەکترناسینی خۆتان و مامۆستا جەعفەر عەبدولواحیدمان بۆ بکەیت؟

من و کاک جەعفەر لە ناوەندیی کۆیە بەیەکەوە دەمانخوێند لە دوای شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨، نازانم پێشتر لە کۆیە لە خوێندنگەیەکی تر دەیخوێند، یان لە کەرکوک بوو، بەڵام زیاتر لەگەڵ کاک خالید و زیبا خانی خوشکی لە کەرکوک بوون.

لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ئازادیی بیروباوەڕ دروست بوو و حزبەکان بارەگایان دانا، یەکێک لەوانە پارتی بوو، یەکێک لە براکانی من لە ساڵی ١٩٤٧ەوە لەگەڵ پارتی بوو.

پێشتریش حزبی تر هەبوو بەناوی هیوا. لە سەردەمی کۆندا خاڵێکم لە حزبی برایەتی بووە کە لە سلێمانی دروست بووبوو، خاڵم بە مەلا ئەسعەدی برایەتی ناسراوە. ئینجا ئەمە حزب بوو یان کۆمەڵە، نازانم، زیاتر کۆمەڵە بوو نەک حزبێکی ڕێکوپێک، براکانی من لەگەڵ پارتی بوون، من منداڵ بووم، لە یەکی ناوەندی بووم کاک جەعفەرم لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ناسی.

لە ڕێگەی ئەوەوە بوویت بە ئەندام؟

نەخێر، من پێشتر برادەرێکی ترم هەبوو بەناوی کاک عەلی حەوێز، کە عەلییە گۆجی پێ دەڵێن،

ماوەیەک ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوو لە ساڵانی ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٥، یاخود برادەرێکی تریشم هەبوو بەناوی مەولود حسێن، ئێستا خەریکی نووسینە و ناسراوە بە مەولود ژاکاو.

کاتێک ئێمە دەچووینە بارەگای یەکێتیی قوتابیان و پاشان لە قۆناغی دوو بۆ سێی ناوەندی کە تەمەنمان گەیشتە ١٦ بۆ ١٧ ساڵ، بووین بە ئەندامی پارتی.

هاوڕێیەتی جەنابتان و کاک جەعفەر چۆن بەردەوام بوو، چ خاڵێکی بەهێز لەودا هەبوو جێگەی سەرنجی جەنابتان بێت؟

ئێمە تا ئەو کاتەی کاک جەعفەر لە ژیاندا مابوو هەر هاوڕێ بووین، ئەوەی وای کرد هاوڕێتییەکەمان بەردەوام بێت، قسەی خۆش بوو، لە قسە پەکی نەدەکەوت، ئازا و چست و چالاک بوو، لێپرسراوی ئێمە بوو لە شانەی قوتابیان، یان لە پارتی لێپرسراوی ئێمە بوو، نوکتە و قسەی خۆشی زۆر بۆ باس دەکردین. بۆ قسەکردن لە ئێمە قسەزانتر بوو، بۆی رانەدەوەستا، یەکسەر وەڵامی ئامادەی پێ بوو.

لە چالاکییەکانی قوتابخانە بەشداریی دەکرد؟ باس لەوە دەکرێت لە ئامادەکردنی شانۆ و کۆڕی شیعریدا رۆڵی دیاری هەبووە؟

هـەر ئاهەنگێک هەبوایە بەتایبەتی بەبۆنەی نـەورۆزەوە، کاک جەعفەر کۆمەڵێک خوێندکاری کورد و کچی دەهێنا گۆرانی و چەند جۆرە شایی و هەڵپەرکێیەکی فێر دەکردن بۆ رۆژی نەورۆز، یاخود هەر ئاهەنگێکی تر هەبوایە، بۆ هەر بۆنەیەک خوێندکارەکانی فێر دەکرد و خۆشی تێیدا شایی دەکرد.

لەبیرمە لە یادی چوار ئەفسەرە کوردەکەی کە لە ساڵی ١٩٤٧ لە سێدارە دران، شانۆگەرییەک کرا و کاک جەعفەر رۆڵی تێدا هەبوو، رۆڵی یەکێک لەو ئەفسەرانەی بینی کە لە سێدارە درا، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٦ بەڕاستی خۆشی لە سێدارە درا، واتە کاک جەعفەر دوو جار لە سێدارە دراوە.

ئەمە لە قۆناغی ناوەندی بوو، ئەی لە قۆناغی ئامادەیی؟

لە ئامادەییش لەگەڵ ئێمە بوو، من لە قۆناغی چوار بووم کاک جەعفەر لە پێنج بوو، ئەو کاتە ئامادەیی دوو ساڵ بوو، کاتێک مامۆستا جەعفەر قۆناغی پێنجی تەواو کرد، چووە بەغدا لە زانکۆی موستەنسریە وەرگیرا، بە رۆژ ئیشی دەکرد و لە شەوانیشدا دەیخوێند.

لە ساڵی ١٩٦٣ کەوا کودەتاکەی بەعسی بەسەردا هات، ئێمە لەدەست بەعس هەڵهاتین و چووینە قەڵادزێ و هەڵشۆ، لەوێ کاک جەعفەرم دۆزییەوە و وتی من لە ماوەتم.ئەو کاتە ئەکادیمیایەکی سەربازی هەبوو، ئەوانەی ئامادەییان تەواو کردبوو خولێکیان بۆ دەکردنەوە بۆ ساڵێک و دەبوونە سەرپەل، کاک جەعفەر ئەو خولەشی تەواو کرد.

سەبارەت بە خوێندنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی کتێب لەو سەردەمەدا، شتێک باو بووە، ئەو کتێبانەی لەسەر چەپ و حزبە شیوعییەکان و ئەزموونەکانی سۆڤیەت و چینی میللی باس دەکران، ئایا هانی یەکترتان دەدا بۆ خوێندنەوە؟ ئایا هیچ کتێبێکت لە مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید وەرگرتووە بۆ خوێندنەوە، چۆن زنجیرەکانتان بەڕێوە دەبرد؟

دەربارەی خوێندنەوە، ئێمە لە ناوەندییەوە هاتوچۆی یەکترمان دەکرد، من دەچوومە ماڵیان و ئەویش دەهاتە ماڵمان، برایەکی من هەر لە زووەوە کتێبخانەیەکی هەبوو لە کۆیە بەناوی حاجی قادر. لە ماڵی ئێمە کتێب زۆر بوو، خاڵێکم لە سلێمانی کتێبخانەی هەبوو بەناوی ئازادی، ئێستاش خەڵک بە خاڵم دەڵێن حەمەی تاپۆ یان حەمەی ئازادی.

کاتێک کە ئەو دوو کتێبخانەیە نەمان، کتێبەکان لە ماڵی ئێمە بوون لە کۆیە، لە ساڵی ١٩٦٣

بەعسییەکان سووتاندیان و تالانیان کردین و خانووەکەشیان رووخاندین.

کاک جەعفەر دەهاتە مالمان، کتێبەکان دەگەڕا و وەک مالی خۆی وابوو، هەرچییەکی بەدڵ بوایە دەیبرد دەیخوێندەوە و پاشان دەیهێنایەوە، منیش دەچوومە مالی ئەوان لە کۆلانێکدا بوو لە کۆیە، کۆلانی وا تەسک پەیا نابێت، واتە یەک کەس دەیتوانی پێیدا بڕوات، مالی کاک جەعفەر لەو کۆلانەدا بوو، ژوورێکی هەبوو لە نهۆمی سەرەوە، سێگۆشە بوو، کتێبی هەبوو لەو ژوورەدا، واتە کتێبمان لە یەک وەردەگرت.

ئەی سەبارەت بە کۆبوونەوەکان و رێکخستنەکانی ناوشار؟

بۆ کۆبوونەوەکان، بارەگای قوتابیان هەبوو. کاتێک بارەگای پارتی دامەزرا، ژوورێکیان پێ دابوون بۆ یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، ژوورێک بۆ فەرمانبەران و ژوورێکیش بۆ کرێکاران و ژوورێک بۆ جووتیاران، واتە لەناو بارەگای پارتی هەر یەکێک ژوورێکمان هەبوو، ئێمە لەوێ کۆبوونەوەی خۆمان دەکرد، بەڵام پێش شۆڕشی ساڵی ١٩٦١ مۆڵەتی پارتی نەما، ئەو کاتە رێکخستنەکان بوون بەنهێنی و لە مالان کۆ دەبوونەوە، یان دەچوونە دەرەوەی کۆیە، بۆ نموونە؛ دەچوونە حەمامۆک،

یان دەچووینە رێگەی تۆبزاوە، یان هەرمۆتە... بە پیاسە دەچووین لە شوێنێک دادەنیشتین و لەوێ کۆبوونەوەی خۆمان دەکرد.

ئەو کاتەی هەواڵی یان دەنگۆی دەستگیرکردنی کاک جەعفەرتان ژێدەفت کەی بوو، چۆن بوو، هەستت بە چی کرد؟

نیوەڕۆیەک کاک جەعفەر هاتەماڵی ئێمە، پێم وت مەڕۆ نیوەڕۆ لای ئێمە بمێنەرەوە. ئەویش وتی بۆ ئەوە هاتووم کە نەڕۆمەوە. پاشان وتی لە فەرمانگەی ڕەگەزنامە بووم. ڕەگەزنامەی عیراقیی بۆ خێزانەکەی (قانیعە خان) دەردەکرد، ئەگەر قانیعە خان ڕەگەزنامەکەی سەیر بکات ڕێکەوتەکەی لەسەرە، کە کاک جەعفەر هاتە ماڵی ئێمە، وتی فەرمانی گرتنم هەیە دەڕۆم. منیش پێم وت ڕێگە هەیە بتنێرینە سلێمانی، وتی نا خۆم دەڕۆم. کاتێکمان زانی لە کاتی ساردوسەرمای مانگی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ هەواڵ هات کە لە ئێران برادەرانیان گرتووە، ئەوەبوو گیران و ڕادەستی عیراق کرانەوە.

لەو ماوەیەی لە زیندان بوو، سەردانت کرد؟

سەردانم نەکرد، لەسەر داوای خۆی و قانیعە خان و مامۆستا عوسمان، وتیان جەعفەر دەڵێت با مامۆستا مەجید نەیەت.

نێوە چۆن پێناسەی شەهید جەعفەر عەبدولواحید دەکەن؟ ئەو خەسڵەتە جوان و سەرنجڕاکێشانە چی بوون کە وایان کرد وەک سەرکردەیەک دەربکەوێت جیاواز لە هاوڕێکانی؟

ئـــەوەی یـــەک جـــار مـامـۆستـا جـەعـفـەری بینیبێت، نـاتـوانـێت لـەبـیـری بـکـات؛ کەسێکی زیـرەک، ئاقڵ، پاکوخاوێن بـوو... کاتێک هاوینان دەتبینی رانکوچۆغەرەکەی سپی بوو، پشتێن و کراسەکەیشی سپی بوون، هەمیشە ریشی دەتاشی و خاوێن بـوو، کەسێکی نوکتەباز و قسەخۆش بوو، هەمیشە وەڵامی ئامادە بوو، قسە خۆشەکانی و گفتوگۆکانی سەرنجی رادەکێشای یەکسەر ببیت بە هاوڕێی.

هەوانی شەهیدبوونی چی لای نێوە دروست کرد؟

کـارەسـات بـوو، کـارەسـات بـوو. لـەو کـاتـەدا رەوا خان منداڵ بـوو، لەگەڵ کاک رێبازی برای زۆر بچووک بوون، من چوومە کۆیە و رۆیشتمە ناوەندیی کۆیە و برادەرانم تێگەیاند و هەموویان هاتن، پێش ئەوەی بگەینە کەرکوک مەفرەقێک هەیە دەچیتە کەرکوک و کۆیە و هەولێر، برادەران وتیان با لەوە زیاتر نەڕۆین و لێرە رابوەستین، ئێمە لەوێ وەستاین تا تەرمەکەیان هێنایەوە.

وەک پێویست مەراسیمی شایستەی بۆ کرا؟

قوربان! کاتێک تەرمەکە هات، ئایشە خان هاواری کرد، ئێمەش وردە وردە دەچووین و خەڵک دەهات، باوەڕ ناکەم تا ئێستا شتێکی وا لەناو کۆیە کرابێت. کاتێک تەرمێک دەنێژن لە کۆیە، خۆڵەکەی بە بێڵ پێدا دەکەن، خەڵک نەیهێشت، وتیان دەبێت بەدەست بێت، خەڵکەکە بەو شەوە لە گۆڕستان بوون. پرسەکەشی رەوا بیری نییە، لە مزگەوت ژنەکان سروودی نیشتمانییان دەوت، ترسیان نەبوو.

ئەشرەف تاڵەبانی:

من لە ژێر کاریگەری و ڕۆشنبیریی کاک جەعفەردا بووم، ئەو ڕەوتی ژیانی منی گۆڕی و منیش وەکوو ئەو بیرم دەکردەوە

بۆ ئەوەی باس لە شەهیدی سەرکردە جەعفەر عەبدولواحید بکەم، دەبێت ئەو راستییە بسەلمێنم کە هەموو کاتێک ئەو مامۆستام بووە و منیش شاگردی ئەم پیاوە بووم هەر لە سەرەتای ناسینمەوە، چونکە من کاک جەعفەرم زۆر زوو ناسیوە، کاتێک من لە سەرەتایی بووم لەگەڵ برا گەورەکەم هاوڕێ بوو، دەهاتە ماڵ و تەکیەکەی ئێمە و لەوێ من کاک جەعفەرم وەکوو هاوڕێی برا گەورەکەم ناسی.

دواجار کە چوومە ناوەندی کۆیە لە ساڵی ١٩٦٠، یەکەم کەس کە پەیوەندی بە منەوە کرد و منی ڕێک خست و شانەبەندی کردم بۆ یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی ئەوسا، کاک جەعفەر بوو.

من و جەعفەر عەبدولواحید هەر لە یەکەم کۆبوونەوەوە بووین بە هاوڕێی نزیکی یەکتر، چونکە من پێشینەیەکم هەبوو لەگەڵی بەهۆی ماڵی خۆمان و تێکەڵاوی و خزمایەتی لەسەر شیعر و ڕۆشنبیری، بەڵام کاک جەعفەر بوو بە مامۆستام.

ئەو کۆبوونەوانەی کە پێی دەکردین؛ جگە لە کاروباری حزبی و ڕێکخستن و خەڵک پەیداکردن، هاوکات وانەیەکیش لەسەر ڕۆشنبیریش پێ

دەوتینەوە. زۆر چاک وەک ئێستا بیرمە، یەکەم وانە کە پێی وتین، باسی دیموکراتیەت بوو، کە بە لای منەوە وشەیەکی زۆر تازە بوو، کاک جەعفەر وتی: دیموکراتیەت وشەیەکی کۆنی یۆنانییە و بە مانای «دەسەلاتی گەل» دێت و لە دیموکراتۆسەوە هاتووە. لەوەوە من رۆژ بە رۆژ زیاتر حەزم دەکرد لەگەڵ کاک جەعفەر کۆبوونەوە و دانیشتنمان هەبێت.

لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ ساڵی ١٩٦٣ کاک جەعفەر بەردەوام لێپرسراو و بەرپرسی من بوو. ئەو پیاوە کۆمەڵێک بەهرە و توانای زۆری تێدا بوو، یەکێک لەوانە؛ دەستی نووسینی شیعری هەبوو، یاخود دەنگخۆش و ئاوازدانەر و گۆرانیبێژ بوو، هەروەها رۆڵی هەبوو لە نواندن و شانۆگەریشدا.

هەر بۆ ئەو مەبەستە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە سەروچاوەی ئاوی کۆیە یادی نەورۆزمان کردەوە، دوای ئەوەی شانۆگەرییەک ئامادە کرابوو، ویستیان چەند رۆڵێک بدەن بە من، ئەو رۆڵانەی بە منیان دەدا سەرکەوتوو نەبووم تیایاندا تا ئەو کاتەی کاک جەعفەر لەولاوە هات و وتی کاکە ئەمانە بە بنەماڵە بۆ ئەوە باشن رۆڵی وتاربێژییان

پێ بدەن، منیان کرد بە نوێنەری جەماوەر لەسەر یادی شەهیدە قارەمانەکان «چوار ئەفسەرە شەهیدەکە».

ئێمە قسەمان دەکرد کە نابێت ئەمانە لە سێدارە بدرێن و خەڵکی شاری کۆیە ناڕازین، من بووم بە پێشەنگی ئەو خەڵکە و قسەم دەکرد بەناوی خەڵکی کۆیەوە کە نابێت ئەم قارەمانانە لەسێدارە بدرێن، چونکە رۆڵی نیشتمانپەروەریی خۆیان بینیوە و هیچ تاوانێکیان نەکردووە. وتی: ئەها لەم رۆڵەدا چەند سەرکەوتووتیت و لەوانی تر سەرکەوتوو نەدەبوویت.

دوای شانۆگەرییەکە کاک جەعفەر وتارێکی زۆر بەهێزی دا و ئۆپەرێتێک پێشکەش کرا بەناوی (گوڵ نەبێت بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ زەرد چەپکێ، نایەم بۆ زەماوەند نایەم بۆ هەڵپەڕکێ). پاشان بوو بە کاتی نان خواردن و دوای ئەوە بوو بە هەڵپەڕکێ، کە هەموو کات کاک جەعفەر سەرچۆپی لای خۆی بوو، چونکە هەر لە خۆی دەهات، لە هەڵپەڕکێشدا چوار بۆ پێنج جۆر هەڵپەڕکێی دەزانی، وەک: شێخانی، سێپێیی و جۆرەکانی تری دەزانی و زۆر بە چاکی ئەدای دەکردن، تا کاتی ئێوارەدا کە زۆر

ماندوو بوو، هەمیشە دەم بە نوکتە و پێکەنین بوو، وتی: «ئەوبەر تات و ئەمبەر تات، ئەی باوکە جیقم دەرهات».

نیشتمانپەروەری و چەپبوونی جەعفەر عەبدولواحید لەو تەمەنە گەنجییەیدا و کاریگەریی لەسەر نێوە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

بەڕاستی من لە بنەماڵەیەکی ئایینی بووم، تا ئەو کاتەش بە لای نوێژ و رۆژوودا دەچووم، بەڵام کاک جەعفەر خۆی هەر پیاوێکی جەماوەری بوو، وەک چەپێک بیری دەکردەوە و سەرسام بوو بە بیری مارکسی، هەر بەو بۆنەیەشەوەیە پارتییەکانی ئەو کاتەی ناوچەی کۆیە خەڵکانی تێکۆشەر و ماندوونەناس بوون، بەڵام بە من و کاک جەعفەریان دەوت بەڕاستی کادیری باشن، بەڵام کلکی شیوعییەکانن.

کاک جەعفەر هەموو ئەو کتێبە مارکسییانەی بۆ من باس دەکرد، باسی هاوبەشیی تۆباوی، هاوبەشیی سۆشیال دیموکرات و شیوعیەتی بۆ دەکردم، ئیتر وردە وردە من لە بیروبۆچوونێکی ئاییننییەوە گۆڕام بۆ چەپ.

من لەژێر کاریگەری و رۆشنبیریی کاک جەعفەردا بووم، ئەو رەوتی ژیانی منی گۆڕی

و منیش وەکوو ئەو بیرم دەکردەوە، ئێمە چەپ بووین و لەگەڵ جەماوەری خۆماندا بووین، بەردەوامیش لە ریزی حزبدا ئێمە هەمیشە باڵە چەپەکە بووین.

کاک جەعفەر پیاوێکی زۆر ئازا بوو، جگە لەو خەسڵەتانەی، با نموونەیەکی ئازایەتی ئەوت بۆ بگێڕمەوە: مامون دەباغ، سەرکردەیەکی قوتابیانی کوردستان بوو، لە ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تری شەهید بوون، بەیانێک دەرچوو بۆ یادی ئەوان، وتی دەبێت ئەمشەو بڵاوی بکەینەوە، خۆی سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەکەی دەکرد و تەنیا منی لەگەڵ خۆی هەڵبژارد. وتی من و تۆ دەچین بۆ لای سەرای حکومەت، واتە بۆ شوێنە مەترسیدارەکە، ئەوانی تری لە گەڕەکەکانی تر دابەش کردبوو، بەڵام ئەو شوێنەی ئێمە بۆی دەچووین بەردەرکی سەرا بوو، هەمیشە پۆلیس لەو ناوە هەبوون، کاک جەعفەر ئەو شوێنەی بۆ من و خۆی هەڵبژارد، کاتێک ئەرکەکەمان جێبەجێ کرد یەک دوو جاریش راو نراین، بەڵام ئێمە نەترساین و دووبارە هاتینەوە تا کاتی نوێژی عیشا هەموو بەیانەکانمان بڵاو کردەوە.

کاک جەعفەر سڵی لە هیچ شتێک نەدەکردەوە، پیاوێکی قارەمان بوو، پیاوێک بوو بە بڕواوە شتی بۆ باس دەکردیت، بەڕاستی بە بڕوابەخۆبوونەوە ئیشی دەکرد. کاک جەعفەر هیچ کاتێک لە بواریکدا کاری نەکردووە کە بڕوای پێ نەبووبێت، کاتێک شەهیدیش کرا، هەر ئەوەبوو «کەم ژیان و کەڵ ژیانی» هەڵبژارد.

هەستت بە چی کرد کاتێک هەواڵی شەهیدبوونیت ژنەفت؟

بۆم گوزارشت ناکرێت، برادەرێک کە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ و زۆربەی کاتەکان بەیەکەوە بووین، جگە لەوەی لە کۆیە و ماوەت کە کاک جەعفەر لە ئەکادیمیای شۆڕش بوو بۆ سەربازی، منیش بە خۆشیی ئەوەوە ساڵی ١٩٦٣ کە رام کردبوو بۆ ناو هێزی پێشمەرگە، چووم بۆ ماوەت بۆ ئەوەی منیش لەو خولە سەربازییەدا بەشدار بم، بەڵام کاتێک چووم ئەوان نیوەی وانەکانیان خوێندبوو.

بلیمەتیی ئەم پیاوە لەوەدا دەردەکەوت، جگە لەوەی خۆی خوێندکار بوو لە ئەکادیمیای شۆڕشی سەربازی، هەر خۆشی وانە سیاسییەکەی پێیان

دەوتـەوە، واتـە هـەم خوێندکار بـوو، هـەم وانـەی سیاسی بە خوێندکارەکان دەوتەوە.

ناوی منیشی نووسی لەوێ بۆ خولی دووەم، پێشی وتم ئەم جارە تۆ لە جێگەکەی من وانەیان بۆ بڵێرەوە، بەڵام بەداخەوە دووبەرەکی وای کرد نە ئەکادیمیای شۆڕش و نە ئەو رادیۆ و تەلەڤزیۆنانە بمێنن کە لە سەرکردایەتی شۆڕش هەبوون، هەر ئەو ساڵە ئەوان بەرەو هەمەدان، بەرەو سنوور و شوێنێکی نادیار رۆیشتن.

من لەگەڵیاندا بووم لە ماوەتەوە تا گەیشتینە باراو، لەوێ من بەشێوەیەکی خراپ نەخۆش کەوتم، لە رێگەی هاورێیەکی رێکخستنەوە هاتمەوە بۆ سلیمانی، بەڵام ئەوان ئاودیو بوون و ساڵێک لە هەمەدان مانەوە، لەوێش شیعرە بەسۆزەکانی خالید دلێری برا گەورەی بۆ ئێمە دەنارد بۆ کۆیە و دەینووسی «سڵاو لە برای دوورولاتەوە، بە جلی سووری رێی خەباتەوە، دەینێرین بۆ هـەر کەسێک کـەوا مەشخەڵی شـۆڕش بـەرز دەکـاتـەوە»، یـاخـود «لـەگـەڵ نەورۆزدا دەرکەوت نیشانە، بە ریسوابوونی ئەم خائینانە».

هیچ شیعرێکی کاک جەعفەرت لەبەرە؟

وەڵڵا شیعرەکانی ئەوم لەبەر نییە، تەنیا ئەو شیعرە عەرەبییەی نەبێت کە دەڵێت (سنلتقي سنلتقي في سماء الازرق.....)، هەر ئەوەم لەبیر ماوە، بەڵام گۆرانییەکانیم بیر ماوە کە دەیوت، بەتایبەتی ئەو گۆرانییەی کە شیعری ئەحمەد دڵزارە، کە دەڵێت «وا تێدەگەم مانگ وا لە ناوجەرگەی ئاسماندا دەدرەوەشێتەوە...».

کاتێک بەو دەنگە خۆشەی دەیوت، ئێمە سڕ دەبووین، ئەو گوڵی دانیشتنەکە بوو، هەمیشە لە هەر شوێنێک بوایە بە قسەی خۆش و نوکتە و گۆرانی سەرنجی هەموو کەسەکانی بۆ خۆی رادەکێشا.

بەڕاستی من لە زۆر قۆناغدا لەگەڵی بووم، ئەو لە سەرەتای کۆمەڵە لە بەغدا بوو و من لە سلێمانی بووم، بەڵام چەند جارێک سەردانی منی کردووە، من تێدەگەیشتم ئەو سەرقاڵی کارێکی ئاوایە و منیش هەمان بۆچوونم هەبوو لەگەڵی.

جارێکیان بەیەکەوە لە سەرچنار دانیشتبووین، وتی: «زۆر سەیرە، باشە ئەوە ماوەیەکە یەکمان نەبینیوە کەچی من و تۆ هەر وەکوو یەک بیر

دەکەینەوە». منیش وتم ئاخر تۆ هەموو کات مامۆستا بوویت و منیش شاگردێکی باشی تۆ بووم، بۆیە بیروبۆچوونمان زۆر لەیەکەوە نزیکە.

لە سەرەتای کۆمەڵەوە تا ساڵی ١٩٧٢ منیش کۆمەڵە بووم، لە دوای ئەوە کۆمەڵە بوو بە دوو بەرەوە، کاک جەعفەر لەگەڵ بەرەی کوردستانییەکە مایەوە بۆ ئەوەی رێکخستن لەسەر ئاستی کوردستانی بێت، ئێمەش رێکخستنمان لەسەر ئاستی عیراق دروست کرد لەگەڵ فوئاد قەرەداغی و فازیلی مەلا محەمەد، بەڵام لەگەڵ ئەم دابڕانی رێکخستنەشمان، هاوڕێیەتی و خۆشەویستیمان هەموو کات بەردەوام بوو.

هەستت چۆن بوو کە هەوائی لەسێدارەدانیت ژنەفت؟

بەڕاستی ئەو رۆژەی لە سێدارە درا، من بەشێوەیەکی سەیر تاسابووم، نەمدەزانی چۆن هەڵسوکەوت بکەم، لەو شەوەشدا منداڵێکمان لەدایک بوو، ناوم نا «ئەژی»، لەو شەوەی کاک جەعفەر لەگەڵ خاڵە شەهاب و کاک ئەنوەر زۆراب لە سێدارە دران، کوڕەکەم لەدایک بوو، ئێستا گەورەیە، تەمەنی ٤٥ ساڵە، ناوم نا ئەژی، بەو مانایەی کە سەرکردەکانمان لە سێدارە دران، ئیتر کورد و

جوولانەوەی ئازادیخوازانی کورد تەواو نەبووە، بەڵام من لە ڕێگەی ئەو ناوەوە وتم کورد دەژی، گەل نامرێت و ئەو سەرکردانەش مادام بەسەربەزییەوە ڕۆیشتن، بوون بە مەشخەڵێک بۆ ڕێبازی کوردایەتی و خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.

نەرمین عوسمان:

خاڵم رووی کردە من و پێی وتم: حەز دەکەیت خاڵێکت هەبێت سەرت پێی شۆڕ بێت، یان خاڵێکت هەبێت سەرت پێی بەرز بێت؟ کامیان بە لای تۆوە گرنگە؟ من تا ماوم سەرشۆڕ بم یان بەسەربەرزیی بمرم؟

لە ئەزموونی خوێندنەوەمەوە لەگەڵ خاڵە جەعفەرم دەست پێ دەکەم، کاتێک کتێبێکم دەخوێندەوە، وردە پرسیاری لێ دەکردم و دەیویست بزانێت چی لێوە فێربووم، سەرەتا پێی وتم ئەمانەی تۆ باسی دەکەیت؛ رووداوە. چی لێوە فێربوویت؟ ئیتر وای لێ کردم من جارێکی تر کتێبەکە بخوێنمەوە، بەڵام ئەم جارە وردتر بیخوێنمەوە، فێری ئەوەی کردم لە مەبەستی ئەو جۆرە کتێبانە تێبگەم، بۆچوون و مەبەستەکان لە کتێبەکاندا چین، بەڕاستی فێری خوێندنەوەی کردم، نەک تەنیا لەگەڵ من، بەڵکوو لە ماڵەوە لەگەڵ هەموومان هەر خەریک بوو، تەنانەت بۆ دەوروبەر و هاوڕێکانیشی وابوو، بۆ نموونە؛ کتێبێکی دۆستۆیڤسکی دەخوێنرایەوە، دەیوت کێ پاڵەوانەکە و فلان کەسی لەبیرە؟ کێ لە فلان رووداودا چی کردووە؟ واتە جۆرێک لە تاقیکردنەوەی دەکرد، وای دەکرد خەڵک شەرم بکات ئەگەر کتێبەکە بەوردی نەخوێنێتەوە. خۆشی خوێنەرێکی زۆر ورد و باش بوو، زۆریشی دەخوێندەوە.

خاڵە جەعفەر هێشتا گەنج بوو، جگە لەو چالاکییانە چالاکیی تریشی هەبوو، بۆ نموونە؛ شانۆگەری و هەندێک ئۆپەرێتی دروست دەکرد، زۆربەی ئیشەکانیشی منداڵی کچ و کوڕ تێکەڵ بوو،

واته ئەوە نەبوو جیاواز بێت، کارەکە بەس کەچ بێت، یان تەنیا کوڕ بەشداریی تێدا بکات.

لەبیرمە سالێکیان شانۆگەرییەکی کرد، شانۆگەرییەکە لەسەر کاوەی ئاسنگەر بوو، من یەکێک لە منداڵەکانی کاوەی ئاسنگەر بووم، جگە لەوەی ئەو شانۆگەرییە لە کۆیە نمایش کرا و چەند جارێک دووبارە کرایەوە، چووینە رانیە و قەڵادزێش، واتە شانۆگەرییەکە گەڕۆک بوو و چەند شارۆچکەیەکی پێ کردین بۆ ئەوەی لەو شوێنانەش نمایشی بکەین. دوای ئەوە، ئۆپەرێتی سەما و گۆرانیی دەکرد، کە لە هەموو بۆنەکاندا دووبارە دەکرایەوە و شتی تازەشی لەگەڵدا دەهێنایە پێشەوە، شتی زۆر تازە سەبارەت بە شاری کۆیە.

بایەخێکی زۆری بە هونەر دەدا و دەنگێکی خۆشی هەبوو، خۆشی گۆرانیی دەوت و هەڵپەڕکێشی دەکرد، چەندین جۆر هەڵپەڕکێی دەزانی، هەموومانی فێری ئەو جۆرە هەڵپەڕکێیانە کردبوو. ئەمە سەردەمی لاوێتی خاڵم بوو تا لە ساڵی ١٩٦٣ بوو بە پێشمەرگە.

واتە لەو ساڵەدا ژیانی سیاسیی خاڵە جەعفەر دەستی پێ کرد؟

ئەمانەی باسی دەکەم قۆناغی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو، ساڵی ١٩٦٣ قۆناغی پێنجی ئامادەیی

تـەواو کـرد و لـە زانکۆ وەرگـیـرا، بـەڵام زانکۆی بەجێهێشت و بـوو بە پێشمەرگە و بـەرەو ئێران ڕۆیشتن، ماوەیەک لە ئێران مانەوە، لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، دوای ئەوە گەڕایەوە.

جارێکیان بەدزییەوە هاتە ناوشار، ئەو کاتە من لە قۆناغی چواری ئامادەیی بووم، بەهۆی ئەوەی گوللە هـاوەن لە نزیکییەوە تەقی بـوو، گوێچکەی بریندار بووبوو. ئەوە زۆر منی هان دا کە بچمە ناو سیاسەتەوە.

باسی نـەوەی بۆ دەکـردن کـەوا کـورد بە چ ڕێگەیەک و ئایدۆلۆژیایەک دەتوانێت بە مافەکانی خۆی بگات؟

خـۆی لە سـەرەتـای بیرکردنەوەیەوە، تەنانەت لـەناو پـارتـی دیموکراتی کـوردسـتـان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستانیش، باڵی چـەپ بـوو و وەک چەپ بیری دەکردەوە، شیوعی نەبوو، بەڵام چەپ بوو و مارکسییانە بیری دەکردەوە، تاکە ڕێگە بە لای ئەوەوە، مارکسیەت بوو، واتە پێی وابوو بە شێواز و بیرکردنەوەی چەپ دەتوانیت وڵات ڕزگار بکەیت. لەگەڵ ئەوەش، کوردستانیی بوو، باوەڕێکی زۆری بەوە هەبوو دەبێت کورد خۆی بەدەر لە چوارچێوەی عیراق مافی خۆی هەبێت.

واتە باوەڕی بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هەبوو؟

بەڵێ، باوەڕی بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هەبوو، هەر بۆیە پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ کوردستانی باکوور و رۆژهەڵاتیش هەبوو. لەوە دەچێت لەدواییشدا ئەو ماوەیەی لە سووریا بوو لەگەڵ کاکە شەهاب، پەیوەندیی لەگەڵ رۆژئاواش باش کردبێت، بەڵام ئەوەندەی من دەزانم لەگەڵ باکوور و رۆژهەڵات پەیوەندیی زۆر زۆر باش بوو، بەتایبەت لەگەڵ کوردی رۆژهەڵات پەیوەندییەکی باشی هەبوو.

چیرۆکی چوونی بۆ ئێران و دواتر دەستگیرکردنی چۆن بوو؟

لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە ئەو ماوەیە لە زانکۆ بووین، ئەو بایەخێکی زۆری پێ دەدا. دوای ئەوەی گەڕاینەوە، خاڵم چوو بۆ زانکۆی موستەنسریە، لە زانکۆی حکومی وەرنەدەگیرا، چونکە چوار ساڵی بەسەردا تێپەڕی بوو، ئیتر لە زانکۆی موستەنسریە دەیخوێند لە بەشی زمانی ئینگلیزی.

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دامەزرا، پاش ئەوەی زانکۆی تەواو کرد، هاتە هەولێر و بوو بە سەرپەرشتیاری رێکخستنی ناو هەولێر. خۆی لەبەر

ئەوەی زۆربەی کات کاکە شەهاب لە مالّی ئەوان خۆی دەشاردەوە، لە هەولێرەوە دەچوونە کەرکوک، واتە سەرپەرشتیی هەموو ڕێکخستنەکانیان دەکرد، بەڵام زیاتر ئەو لە هەولێر چالاکتر بوو، لەنێوان کەرکوک و هەولێر هاتوچۆی دەکرد، ئەمەش کاتێک بوو کە گەڕانەوە لە بەغدا.

کاتێک ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ئاشکرا بوون، ڕۆیشت بەرەو سلێمانی و ناویان دەرچووبوو بۆ گرتن، ئێمە هەوڵی زۆرمان دا بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی ساختەی بۆ پەیدا بکەین و بە ڕێگەیەکی ئاسایی بچێتە ناو سلێمانی، چونکە کاکە شەهاب لەوێ خۆی شاردبووەوە و فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووبوو، ئەوەبوو ناسنامەکەمان بۆ دەرنەکرا و بە ڕێگەی قاچاخ بە گۆمەشیندا ڕۆیشتبوو بۆ سلێمانی.

لە سلێمانییەوە بڕیاریان دابوو بڕۆن، بەڵام ئەو بڕیارە چۆن درا، من ئاگادار نیم، چونکە ئەو کاتەش کە لە فزەیلیە بوو پرسیارم لێ کرد، وتم چۆن بوو ئێوە ئەو بڕیارەتان دا کە بچن بەرەو ئێران و لە ئێرانەوە بەرەو سووریا و پاشان بچنە دەرەوە؟ خاڵە جەعفەر وتی: ئەو بڕیارە هەموومان داومانە و کەسی تاوانبار نەکرد. من سەیر بوو بەلامەوە، چونکە ئەو باوەڕی بەوە نەبوو، من دەزانم خاڵە جەعفەر

باوەڕی بەوە هەبوو لە کوردستاندا بمێنێتەوە، بەڵام ئەو بڕیارە چۆن درا و لەسەر چ بنەمایەک درا، من هیچ زانیاریم نییە، چونکە وەڵامی خاڵم لە فزەیلیە ئەوە بوو کە وتی بڕیارێکی هەمەلایەنە بووە و هەموومان بڕیارمان داوە.

کاتێکیش دەستگیر کران و هێنایاننەوە سلێمانی، ئەو کاتە لە ئەمن بوون، لە رێگەی هەندێک برادەرەوە توانیم بزانم ئەوان گەیشتوونەتە ئەوێ یاخود نا، چووین هەندێک شتمان کڕی و چووینە ئەمن، ئەو کاتە ئەمنی کوردی لێ بوو، هێشتا نەیانگۆڕیبوون، دوای ئەوە کردیانن بە ئەمنی عەرەب، من لەگەڵ خۆم شتم بردبوو. وتم ئەم شتانە ببەن بۆ ئەو گیراوانەی هاتوونەتە ئێرە. لەڕاستیدا ویستمان بیانبینین، بەڵام نەیانهێشت. منیش وتم چۆن بزانم گەیشتووەتە دەستی، ئەمنەکە دیاربوو کەسێکی خراپ نەبوو، وتی شتێکت بۆ دەهێنمە دەرەوە، کە هاتە دەرەوە، وتی دەڵێت: «رێباز هەروەک خۆی گرینۆکە»، واتە کوڕەکەی. ئیتر تێگەیشتم کە خاڵم لەوێیە لەگەڵیان و شتەکانیشی پێ گەیشتووە.

بەم شێوەیە ئەوەندەی پێ نەچوو بردیانن بۆ بەغدا، لە بەغدا من نەمبینییەوە تاکوو بردیانن فزەیلیە.

چەند لە زیندانداا مانەوە؟

ئەوان مانگی تشرینی دووەم لە سێدارە دران، بە هەمووی شەش بۆ حەوت مانگ لە زیندانداا بوون.

کاتێک سەردانت کرد، باسی ئەوەی بۆ کردیت کە ئەشکەنجە و ئازاریان دەدەن، یان لەناو زیندان چی دەگوزەرێت؟

من توانیم دوو جار سەردانی دارۆ بکەم کە لە ئەمنی عامە بوون، هۆبەی دوو، ئەو هۆبەیە بوو کە سیاسییەکانیان تێدا زیندانی دەکرد، هۆبەیەکی زۆر بەدناو و بەدفەڕ بوو، چونکە ئەشکەنجەی زۆری سیاسییەکانیان دەدا.

دوو جار لە رێگەی برادەرێکەوە توانیم سەردانی دارۆ بکەم، جاری دووەم بۆ ئەوە منیان نارد تا بزانن کاکە شەهاب و خاڵە جەعفەر گەیشتوونەتە زیندان بۆ لای ئەوان. دەزانن یان نازانن، واتە بۆ ئەو مەبەستە هەموو برادەران ئەو هەوڵیان دا، من ئەو کاتەی سەردانەکەم وەرگرت و چووم بۆ ئەمنی عامە، زانیم کە کاکە شەهاب و خاڵم و برادەرەکانی تر گەیشتوونەتە ئەوێ و هەمووشیان بەیەکەوە لە یەک هۆبەن، سەرەتا هەموویان تێکەڵ

کردبوون، نەیانزانیبوو، بەڵام کە تێکەڵیان کردبوو ئیتر بەپەلە زانیبوویان کە چی رووی داوە و کێ قسەی کردووە و کێ قسەی نەکردووە، هەموویان خۆیان قسەکانیان کردبوو بەیەک، کە بڵێن کەسە سەرەکییەکە کاکە شەهاب و خاڵە جەعفەرن و ئەوانی تر هیچ دەسەڵاتێکیان نەبووە.

فزەیلیە قۆناغێک بوو بە یاسای عیراقی پێی دەڵێن تەسفیرات، واتە فزەیلیە ئەو شوێنەیە کە لە لێکۆڵینەوەوە دەچێت بۆ بڕیاری زیندان، واتە یان زیندانییە، یان سێدارە، یان لێخۆشبوونە، یان هەر شتێکی ترە، تەسفیرات لە فزەیلیە بوو.

فزەیلیە گرتووخانەیەکی زۆر زۆر پیس و ناخۆش بوو، هەر لەناو گەورەی مەرومالاتدا بوو، بۆنێکی ئێجگار ناخۆشی هەبوو، هەمووی مێش بوو، لەوێ من بینیمەوە. جارێکیان پێم وت دەڵێن فلان کەس دانی پێدا ناوە. دەنگۆیەک هەبوو، منیش لە خاڵمم پرسی کە فلان کەس دانی پێدا ناوە؟ ئەویش وتی: جارێکی تر ئەو جۆرە قسانە مەکەنەوە، هەموو کەس ناتوانێت بەرگەی ئەو ئەشکەنجەدانە بگرێت. ئینجا لەوێ لە برادەر و هاوڕێکانی زانیم و پاشان لە خۆشی کە چەند جار نینۆکیان دەرهێناوە و چەند ئازاریان داون و لێیان داون.

دەگێڕنەوە جارێکیان یەکێک لە برادەرەکانی کۆمەڵە دوای ئەوەی دەگیرێت، زۆری لێ دەدەن، دوای لێدانە زۆرەکە پێی دەڵێن هەر دەبێت دانی پێدا بنێیت، خۆ تۆ جەعفەرنیت دانی پێدا نەنێیت؟

خاڵە جەعفەر ئەوەندە ناوبانگی دەکردبوو بەوەی کە زۆر زۆر ئازار دەدرێت، بەڵام هەموو جارێکیش ئەو جنێوی پێ دەدان، تەنانەت جارێکیان یەکێک لە جەللادەکانی ئەوێ کە زانیبووی خاڵم مامۆستای زمانی ئینگلیزییە، پێی وتبوو من چەند ساڵە لە شەشی سەرەتایی بەهۆی ئینگلیزییەوە دەرناچم، بۆیە وانەم پێ بڵێ، لەکاتی ئەشکەنجەدانیش لێی دابوو، کە لێ بووبووەوە، خاڵم پێی وتبوو تۆ کەسێکی فاشلیت هەر ئەوەت لە دەست دێت، زیاتر لە لێدان چی ترت لە دەست دێت؟ پاشان داوای لێبووردنی لێ کردووە و وانەی پێ وتووە، پێی وتووە، چونکە تۆ پێویستت پێیەتی من وانەت پێ دەڵێم.

چۆن هەوالّی لەسێدارەدانیت ژنەفت؟

کە بردیانن بۆ دادگە، ئێمە هەموومان لەبەردەم دەرگای دادگە دانیشتبووین، زۆربەی زۆرمان لە خێزانەکانی ئەو کەسانەی کە گیرابوون، لەبەردەم دادگە دانیشتبووین، کاتێک ئەوانەی لەوێ بوون لە دادگە هاتنە دەرەوە، بڕیارەکانیان پێ وتین، وتیان

ئەم سێ کەسە بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دراوە و ئەوانی تریش زیندانیی دەکرێن بۆ ماوەی شەش ساڵ.

چ وەسیەتێکی بۆ کردن؟

کاتێک بردیانن بۆ ژووری لەسێدارەدان، من ئەو ماوەیە زۆر زۆر سەردانیم دەکرد، هەم بۆ ئەوەی ئیمە واستەی زۆرمان دەکرد بۆ ئەوەی پێی بڵێینەوە کە چیمان کردووە و چیمان نەکردووە، ئەویش رقی دنیای پێی هەڵدەستا، من سەردان بوێرم نەکردووە و هەموو کاتی سەردانیکردنەکان دەچووم، لەکاتێکدا بۆ من زۆر سەختیش بوو، چونکە لەولاوە دارۆ لە زیندان بوو، دەبوایە سەردانی ئەویش بکەم، پاشان سەردانی کاکە شەهاب و خاڵە جەعفەر بکەم و لای ئەوانیش دابنیشم، بەڵام ئەوە بوو کاتی سەردانیکردنی ئەو کەسانەی بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو بوو، زۆر کورت بوو، لەوێ کە تەواو دەبووم رام دەکرد دەچوومە بەندیخانەی گشتی بۆ لای حوکمە قورسەکان، واتە دەچوومە لای بەندکراوەکانی تر، هەموو کاتی سەردانکردنێک ئەمە حاڵی ئیمە بوو، بەڵام خاڵم ئێجگار زۆر وردەی بەرز بوو، هەرگیز هەستت نەدەکرد ئەمانە لە ژووری لەسێدارەدانن، شتێکی زۆر سەیر بوو.

نێوەندگیرییەک هەبوو، ئێمە لە رێگەی جەبهەی شەعبیی فەلەستینییەوە کردمان، چونکە ئەوان هەردووکیان (کاکە شەهاب و خاڵە جەعفەر) هاوڕێی جۆرج حەبەش بوون، ئەویش نێوەندگیری کردبوو لای سەدام حسێن کە لەسێدارە نەدرێن. پێی وتبوو ئەگەر پاکانە دەکەن، با نامەیەک بنووسن، واتە پەشیمانینامەیەک بنووسن و بڵێن ئێمە پەشیمانین لەو کردەوەیە و جارێکی تر ئێمە شتی وا ناکەینەوە. ئەو کاتە ئێمەش بڕیاری لەسێدارەدانەکە کەم دەکەینەوە. کاتێک من و پوورم و نازەنین خانی کاکە شەهاب چووین بۆ لایان پێمان وتن، ئەوانیش وتیان ئەو قسەیەتان کرد جارێکی تر نەیکەنەوە، جارێکی تر بزانین چوونەتە لای یەک کەسی تر بۆ واستە، بەڕاستی لێتان قبوڵ ناکەین. خاڵم وتی هەر ناهێڵم بێیتە سەردانم.

خاڵم رووی کردە من و پێی وتم: «حەز دەکەیت خاڵێکت هەبێت سەرت پێی شۆڕ بێت، یان خاڵێکت هەبێت سەرت پێی بەرز بێت؟ کامیان بە لای تۆوە گرنگە؟ من تا ماوم سەرشۆڕ بم یان بە سەربەرزیی بمرم؟» تەنانەت کردی بە گاڵتە و وتی: «من بە دڵ و ئارەزووی خۆم نەهاتوومەتە دنیا، با بە ئارەزووی خۆم بڕۆم»، ئەوان سوور بوون لە سەر بڕیارەکەیان.

مامۆستا جەعفەر:

لەچاو ئەوانەی من ناسیوومن و دوایی بۆم دەرکەوتووە ئەمانە ئەو کاتە سەرکردایەتی کۆمەڵە بووون، مامۆستا جەعفەر لە ناستی رۆشنبیریدا لە زۆربەیان باشتربوو

سەرەتا ئەوەمان بۆ باس بکە بەڕێزتان چۆن مامۆستا جەعفەر عەبدولواحیدتان ناسی؟

پەیوەندیی من و مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٢، پێشتر ئەو لەگەڵ دوو بـرای ترمدا بـوو، برایەکم کە لە ساڵی ١٩٧٩ لە سێدارە درا و زۆر زۆر هاوڕێی مامۆستا جەعفەر بوو، لە گرووپی بەشی ئینگلیزییش بوو، یەکێکیش بوو لەوانەی لە پێشمەرگایەتی و ژیانی ئاوارەییدا زۆر بەیەکەوە هاوڕێ بوون. برایەکی تریشم هەر لە پێشمەرگایەتی لەگەڵ مامۆستا جەعفەر بەیەکەوە بوون، ئەویش لە ژیاندا نەماوە.

پێشتر کاکم زۆر باسی مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید و خوالێخۆشبوو «خالید دلێر»ی بۆ کردبووم، کاتێکیش چووم بۆ هەولێر، وتی کە دەگەیتە ئەوێ بەتایبەتی مامۆستا جەعفەر دەبینیت، دەبێت پشتی پێ ببەستیت هەر وەک چۆن پشت بە من دەبەستیت. پیاوێکی خوێندەوار و رووناکبیر، مرۆڤێکی تێکۆشەر و ئازا، هەروەها پیاوێکی قۆز بوو.

راستییەکەی کە چووم بۆ هەولێر، ماوەیەک لەوێ بووم، ئیتر ئەویش زانیبووی کە لەوێم، رۆژێکیان لە گەڕەکی عەرەبان بووم لە هەولێر لەگەڵ مامۆستا موحسین و عەزیزی کوێخا وەلی و چەند برادەرێکی

تری خەڵکی خانەقین، کە لەوێ خوێندکاری پەیمانگەی مامۆستایان بووین، مامۆستا جەعفەر هات بۆ لامان و لەوەوە یەکترمان ناسی.

جارێکی تریشیان هەر لە ماڵی مستەفا رابەر میوان بووین، ماڵیان بەرانبەر ماڵی مامۆستا جەعفەر بوو، وتی ئێستا دەچم بە مامۆستا جەعفەریش دەڵێم بێت بۆ ئێرە، چونکە نزیک بوون لە یەکەوە و چەند مەترێک لە یەکەوە دووربوون، مامۆستا جەعفەر هات بۆ ئەوێ و یەکترمان زیاتر ناسی.

مستەفا رابەرم چەند جارێک بینیبوو، مامۆستا رابەر پیاوێک بوو زۆر زۆری خەڵک دەناسی و پەیوەندییەکی زۆر فراوانی هەبوو، ئەویش لەگەڵ هەندێک خەڵکی خانەقین کە لە هەولێر بوون ئاشنایی هەبوو، کاتێک من وتم برای غاندیم، لەوەوە لەگەڵ مامۆستا رابەردا پەیوەندییەکمان دروست کرد.

دوای ئەوەش لەو رێگەیەوە جارێکی تر مامۆستا جەعفەرم ناسی، ئیتر وای لێ هاتبوو هەر جارێک لە ناو بازاڕ یەکترمان دەبینی، من و مامۆستا موحسین و مامۆستا عەزیز ئەم سیانەمان زۆربەی کات بەیەکەوە بووین و مامۆستا جەعفەرمان دەبینی نوکتەیەک لە نوکتەکانی پێشمەرگەکانی خانەقینی بۆ دەگێڕاینەوە، نوکتەکانی زۆر بوون، هەر رۆژە و نوکتەیەکی دەگێڕایەوە، هەر کێشەیەکیشمان هەبوایە،

بۆ نموونە؛ جارێکیان بەدوای خانوویەکدا دەگەڕاین، یان کێشەیەک رووی بدایە، دەچووین بۆ لای مامۆستا جەعفەر، دەمانوت مامۆستا کێشەیەکی وامان هەیە، ئەویش یەک کۆمەڵ نوکتەی بۆ دەگێڕاینەوە، یان بەیەکەوە لە شوێنێک چایەکمان دەخواردەوە.

لەو سەردەمەدا مامۆستا جەعفەر لە چوارچێوەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا درێژەی بە خەبات دابوو؟ لە رووی رێکخستنەوە چ پەیوەندییەکتان هەبوو، هەروەک پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی مابووەوە یان پەیوەندیی سیاسیتان هەبوو؟

نەخێر، پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبوو، چونکە من ئەو کاتە لە پارتی دەرکرابووم. لە پێش ساڵی ١٩٧١ بەرپرسی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووم، لە پارتییش باش بیرم نەماوە وابزانم ئەندام ناوچە بووم، بەڵام ئەو کاتە هەڵمەتێکیان کرد ئەگەر گومانێکیان بکردایە کە لەگەڵ بیرووباوەڕی چەپدا پەیوەندیت هەیە، یەکسەر دەردەکرایت.

کۆمەڵێک خەڵک بووین؛ ئەوانەی لە کۆمەڵەوە نزیک بووین، نازانم یەکێک هەواڵی لێ دابووین، ئیتر ئێمەیان هەموو دەرکرد، بۆیە لەوەیان دڵنیام پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبوو، تەنیا کۆمەڵێک

پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەبوو. ئەو پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی لەگەڵ کاکم و خەڵکی خانەقیندا هەبوو، ئیتر لەو ڕێگەیەوە زیاتر یەکترمان ناسی.

لەدوای ئەو یەکترناسینەی دروست بوو لەنێوانتان، تۆ کەسایەتی ئەوت چۆن بۆ دەرکەوت، کەسایەتییەکی چۆنی هەبوو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئەو توانا ئەدەبی و هونەرییەی کە هەیبوو، لە هەمان کاتدا شیعر و گۆرانییشی هەیە، واتە ئەو توانایانەی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

مامۆستا جەعفەر لەچاو هاوڕێکانیدا و هەموو ئەوانەی سەکردایەتیی کۆمەڵە بوون، کە ئێستا بەشێکیان لە نزیکەوە دەناسم، بەداخەوە، بەشێکیان شەهید بوون و لە ژیاندا نەماون، بەڵام زانیاریی زیاترم لەسەریان هەیە، چونکە لەو کاتەدا کۆمەڵە ڕێکخستنێک بوو پەیوەندییەکانی بەشێوەی هێشوویی بوو، ئەوە نەبوو بڵێی شانە هەبووە، شانەی نەبوو، کە بڵێت من پەیوەندیم بە تۆوە هەیە و تۆ پەیوەندیت بە ئەحمەدەوە هەیە و ئەحمەدیش پەیوەندی بە مەحمودەوە هەیە، واتە پەیوەندیی شانەیی ئاوا دەڕوات.

پەیوەندییەکان ناڕاستەوخۆ بوو، چونکە من کە چووم بۆ هەولێر پەیوەندیم لەگەڵ کاک ئازادی مەلا هەبوو و ئەو هات شتێکی پێ وتم، ئەو کاتە ناوێکم هەبوو بەناوی شالیار، وتی: «تۆ شالیاری؟» وتم:

«بەڵێ»، یەکەم جار پێی وتم: «تۆ نوێنەری فلان رۆژنامەیت؟» وتم: «بەڵێ»، دواتر شتێکی تری وت، واتە بە چوار ناونیشان کۆدەکە کرایەوە.

مامۆستا جەعفەر یەکێک بوو لەوانەی لەگەڵ کاک ئازادی مەلا کە ئەویش شەهید بووە، پەیوەندییەکی زۆر دۆستانە و حزبییانەشی هەبوو، ئازادیش لەگەڵ ئێمە پەیوەندیی هەبوو.

مامۆستا جەعفەر ئەو چەند جارەی کە من بینیومە، بە دیمەن پیاوێکی زۆر سەرنجڕاکێش و قۆز بوو، قژێکی بەرەو زەرد و خورمایی و چاوێکی سەوزی هەبوو، لەناو هەزار پیاودا دەتوت ئەم مامۆستا جەعفەرە لە هەموویان قۆزترە.

زۆر برادەر پێم دەڵێن، بۆ نموونە؛ یەکێکیان کاک کۆسرەتە، پێی دەوتم حەزت دەکرد وەکوو مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید قۆزبوویتایە، واتە یەکێک بوو لە نموونەی پیاوە قۆزەکانی کوردستان لەو کاتەدا.

لە رووی رۆشنبیری و کەسایەتیشەوە، بەڕاستی کەسایەتییەکی زۆر بەهێزی هەبوو، لە رووی ئاستی رۆشنبیریشەوە لەچاو ئەوانەی کە من ناسیومن و دوایی بۆم دەرکەوتووە ئەمانە ئەو کاتە سەرکردایەتیی کۆمەڵە بوون، مامۆستا جەعفەر لە ئاستی رۆشنبیریدا لە زۆربەیان باشتر بوو.

مامۆستا جەعفەر لەبەر ئەوەی بەشی ئینگلیزیی تەواو کردبوو لە زانکۆی بەغدا، ئینگلیزییەکی زۆر زۆر چاکی دەزانی و لە هەمان کاتدا عەرەبییەکی زۆر چاکیشی دەزانی، هەموو گۆرانییەکانی ئوم کەلسومی لەبەر بوو.

هەندێک جار بە زمانی عەرەبی شیعری دەنووسی و گۆرانیی دەوت، کوردییەکەشی، کوردییەکی زۆر جوان بوو، هەروەها زمانی فارسییشی دەزانی. مەبەستم ئەوەیە لە رووی رۆشنبیرییەوە پیاوێکی کاملّی پێگەیشتووی قورس و گران بوو.

بەراورد بە هاوتەمەن و سەردەمەکەی خۆی، نەک بە بەراورد بە هابرماس و ئەدۆرنۆ، بەڵکوو من مەبەستم ئەوەیە لەناو کورددا یەکێک بوو لە سەرکردە رووناکبیر و وریاکان. هەروەها لە رووی بڕیاردان و لە رووی پەیوەندییشەوە دەتبینی پیاوێکی ئاسان نەبوو، پیاوێکی زۆر بەهیممەت و بەئەزموون و قسەزان بوو، بەئاسانی کەس نەیدەتوانی قسەیەکی لێ دەربهێنێت، زۆر بە وریاییەوە کاری دەکرد.

من خۆشم زۆر بە لامەوە سەیرە کەوتە ناو ئەو داوەی کە ئەو برایانە بۆ خۆیان دروست کردووە و رۆیشتن بۆ ئێران، بریا کەسیان نەڕۆیشتبان بۆ ئەوێ و خۆیان تووشی ئەو بەڵا گەورەیە نەکردبایە،

چونکه پیاوێکی ڕەوشتبەرز، مرۆڤێکی قسەزانی قسەخۆش بوو، بەردەوام نوکتەی دەگێڕایەوە و شیعری زۆری لەبەر بوو.

دەیوت دەزانیت شێخ ڕەزا باسی ئێوەی کردووە، منیش وتم چۆن؟ ئینجا شێخ ڕەزا شیعرێکی هەیە لەسەر ئاغای جەباری، گونجاو نییە لێرە بیگێڕمەوە، جوێنێک بە ئاغای جەباری دەدات. منیش دەموت مامۆستا لێت تێک نەچێت قسەی زۆر خراپی بە خەڵکی کۆیە وتووە، ئەگەر تۆ خەڵکی کۆیە بیت. ئەویش دەیوت مادام تۆ ئەو شتە دەزانیت با واز لەو بابەتە بهێنین.

مەبەستم ئەوەیە لە ڕووی ڕووناکبیرییەوە لە ئاستی ئەو خەڵکەی کە دواتر ناسیومن، مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید پیاوێکی زۆر پاک و بەهەڵوێست بوو، لە ئاستێکی زۆر زۆر باڵادا بوو. بەداخەوە، ئەگەر ئێستا سەیری بکەین ئەو بایەخەی بە خەڵکی تر دەدرێت بەو نەدراوە.

مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید یەکێکە لەو کەسانەی غەدرێکی زۆر زۆر گەورەی لێ کراوە، دەتوانم بڵێم لەلایەن هاوڕێکانییەوە بووە، چونکە هەڵەیەکی گەورەیە بڵێم لەلایەن یەکێتیی نیشتمانییەوە، چونکە یەکێتیی نیشتمانی وەکوو هەموو حزبە ڕۆژهەڵاتییەکان خەڵک ڕۆڵی تێدا دەبینێت.

دەبوایە شەهید جەعفەر بایەخێکی زیاتری پێ بدرایە و کاری باشتری لەسەر بکرایە، ئەمەی دەشکرێت شتێکی تایبەتییە و ئەمەی ئێوە دەیکەن دەبوایە کاری زۆرتری لەسەر بکرایە، چونکە ئەم پیاوە لەو قۆناغەدا رۆڵێکی گرنگی بینیوە، واتە دوای دەستبەسەرکردنەکەشی، مامۆستا جەعفەر و خاڵە شەهاب و ئەنوەر زۆراب، بوونە سیمبولی هەڵسانەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێم، ئەمەش بە هەموو کەس ناکرێت کە یەکێک بیت لە زیندان بیت و هەموو رۆژێک ئەشکەنجە بدرێیت و دەست و قاچت بە زنجیر ببەستنەوە و بتوانیت بەرەنگار و رووبەڕووی ئەو رژێمە ببیتەوە کە سوور دەیزانی لە سێدارە دەدرێت، بەڵام ئەو یەکێک بووە لەوانەی کە لە زیندانیش بوو وانەی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی رژێمی پێشووی بە خەڵک دەدا.

لە سەروبەندی دامەزراندن و راگەیاندنی کۆمەڵە بەفەرمی، چ یادگارییەکت هەیە، چ قۆناغێک هەیە بەیەکەوە ئیشتان کردبێت لەو سەردەمەدا، مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید هەڵۆیست و تێڕوانینی چۆن بوو بۆ ئیشکردنی کۆمەڵە؟

من نازانم، ئەو کاتە لەگەڵ مامۆستا جەعفەر ئیشم نەکردووە، بەڕاستی دەبێت ئەو پرسیارە لەو کەسانە

بپرسیت که له هەولێر بەیەکەوە کاریان کردووە، بەباشی دەزانم لەو کەسانە ئەو پرسیارە بکەیت، وەک کاک ئەرسەلان، حاجی مەمۆ و نازانم کێی تر ئەوانەی لە هەولێر ناسیویانە. من کاک ئازادی مەلام دەناسی، بەڵام ئەو لە ژیاندا نەماوە، ئەوانی تر خۆشبەختانە لە ژیان ماون و دەتوانن قسە بکەن.

ئەو قۆناغەی چوون بۆ ئێران، ئایا تا ئێستاش گفتوگۆی هەر لەسەر دەبوو بڕۆشتنایە یان هەر دەبوو بڕۆشتنایە، واتە گفتوگۆی زۆری لەسەر دەکرێت، ئەو قۆناغە چۆن هەڵدەسەنگێنیت، پێت وایە ئەو بڕیارەی ئەوان داویانە مامۆستا جەعفەر بەشێک بووە لەو بڕیارە، یان چۆن بووە بەپێی ئەو زانیارییانەی لە لای جەنابت هەیە؟

دوای هەرەس و نسکۆی ١٩٧٥، من ئەو کاتەش مامۆستا جەعفەرم چەند جارێک بینیوە، مامۆستا جەعفەر زۆر ئەو رووداوانە کاری تێ کردبوو و زۆر بێتاقەت بوو، ئەوەی من تێگەیشتم لەو ماوەیە سەرکردایەتیی کۆمەڵە بەیانێکی زۆر لاوازی دەرکرد، یەکێک لەوانەی رەنگە ئەو بەیانەی نووسیبێت کاک فەرەیدون عەبدولقادر بێت، بەیانەکەش رەنگە رای کاک فەرەیدون نەبێت بەتەنیا، رەنگە کاک شەهاب و هاوڕێکانیشی وایان بیرکردبێتەوە و رەنگە خەڵکی تریش هەبێت وای بیرکردبێتەوە، وەک کاک

عومەری سەید عەلی و زۆر کەسی تر، بەڵام ئەوە لەکوێوە هاتووە، نازانم، رەنگە سەرچاوەکەی کاک فەرەیدون نەبێت، بەڵام مەبەستم نووسینەوەکەیە کە رێنماییەکەی رەنگە ئەو باشتر بیزانێت، بۆیە دەبێت پرسیار لەو بکرێت. دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بەیانێک دەرچوو تێیدا دەڵێت: ناکۆکیی سەرەکیی ئێمە لەگەڵ ئیمپریالەت و زایۆنیزمی جیهانی و هێزە کۆنەپارێزەکانە.

تاهیر گۆمەشینی:

زۆر بـــاوەڕی بـە خـۆی و بـە گـەنـج و بـە چینی تـازە پێگەیشتوو هەبوو

دەتوانن بۆمان بگێڕنەوە مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید چۆن هاتە گوندەکەی ئێوە، ئەو چیرۆکە چۆن دەستی پێ کرد؟

چیرۆکێکی تا بڵێی پڕچێژ، پڕگەورەیی و پڕخۆبەختی و قارەمانێتی، کەسێکی نموونەیی، مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید کەسێکی ئاسایی نەبوو لە رووی تێگەیشتن و بیر و خۆڕاگری و جوانی، لە رووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و بەرنامەدارێژی بۆ خۆی و بۆچوونەکەی. بەڕاستی دەکرێت بڵێم پیاوێک لە گەوهەر و زێڕ، پیاوێک نموونەی کەمە.

پەیوەندیی من لەگەڵ مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی پێشتر، ئێمە لەگەڵ ئەوان خزمایەتییەکی کۆنمان هەبووە، ژنخوازیی لەنێوانماندا هەبوو، بۆیە لەگەڵ ئەو خێزان و بنەماڵەیە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خزمایەتیمان هەبوو.

هەمیشە وایە، خۆی پێش ئەوەی بچێتە پاڵ بۆچوونێک و پشتگیری بکەیت بۆ بۆچوونێکی سیاسی یان گەشە بە بۆچوونە سیاسییەکە بدەیت، لە نزیکترین دۆست و ناسیاو و خزمەکانی خۆتەوەیە، ئەم هەبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی لە نێوان ئێمە و بنەماڵەی ئەواندا هەبوو، هەر ئەوەش بوو وای کرد مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید دەرگای بۆ من کردەوە. لە کۆیە لە ماڵی کاک وریا قادر

که ئامۆزای نەرمین خانە، ئەو کاتە لەوێ بووین، هەردووکمان لە ساڵی ١٩٧٥، لەوێوە من چوومە ناو ئەم خەتە سیاسییە بەهێزەوە.

ئیتر پەیوەندی و هاموشۆمان هەبوو، بیرمە کاتی خۆی لەگەڵ مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید قسەمان کرد و دانیشتین، وتم بەو مەرجە دێمە ناو ئەم بازنە ڕێکخستنە مەترسیدار و خۆشەوە کە نەبینە سێ و چوار کەس، واتە تەنیا خۆم و خۆت. ئەویش وتی ئەوەم قبووڵە.

لەو سەردەمەدا خاڵێکم هەبوو ناوی عەبدوڵڵا سوور بوو، پیکابێکی شۆڤرلێتی هەبوو لە نێوان هەولێر و گۆمەشین و کۆیە ئیشی دەکرد، ئەمە بووبوو بە پردی پەیوەندی لە نێوان من و مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید، نووسراوەکانمان ئاڵوگۆڕ دەکرد، هەر شتێک هەبووایە لە نێوان من و ئەو لە ڕێگەی ئەو خاڵەمەوە ئەنجاممان دەدا.

لێرە مەیدانێک هەبوو پێیان دەوت مەیدانی کا، پیکابی لادێییەکان دەهاتنە ئەوێ، شتومەکی گوندەکانیان کۆ دەکردەوە و لەوێ دایان دەنا، پاشان خەڵکی گوندەکانیان دووبارە دەگواستەوە بۆ گوندەکانی خۆیان، واتە ئاوا هاموشۆیان دەکرد و ئەو پیاوە لەو نێوانەدا بوو. ئیتر ئەوە سەرەتای پەیوەندییەکەم و سەرەتای ئەوەی کە چوومە

پاڵ ئەو رێکخستنە لە رێگەی مامۆستا جەعفەر عەبدولواحیدەوە.

دێمە سەر ئەوەی مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید چۆن هاتە گۆمەشین، کە گوندی خۆم بوو و من لەوێ مامۆستا بووم. لە هاوینی ساڵی ١٩٧٥ لە گۆمەشین چایخانەیەکی لێ بوو، دانیشتبووین، کورێکی منداڵ هات وتی: «مامۆستا میوانتان هەیە و وتویانە بابێتەوە»، بەڵام پێش ئەوەی کورەکە بێت جێپێکی لاندرۆڤەرم بینی تێپەڕی بۆ گەڕەکی سەرەوەی گوندەکەمان و ماڵی ئێمەش لای سەرەوە بوو، هەر لەوێ بووم کە جێبپەکە دووبارە بە شوێنی خۆیدا گەڕایەوە، ئەو کاتە ئۆتۆمبێلی باش هەر ئەوانە هەبوو؛ یان لاندرۆڤەر بوو، یان سرێشن بوو، یان پیکاب و ئەوانە هەبوون.

ئەوانەی لە چایخانەکە دانیشتبوون وتیان ئەرێ ئەو جێپە چی بوو هات و رۆیشت، لەو کەین و بەینەدا، منداڵێک هات وتی میوانتان هاتووە، من رۆیشتمەوە و سەر کەوتم، چونکە خانووەکەمان لە شوێنێکی بەرز بوو لە گوندەکە، ئێستاش ماوە، لە شوێنێکی بەرزاییە.

هەمیشە هاوینان ساباتێکی گەورەم دروست دەکرد بە داری بەڕوو و داری مازوو، ئەگەر میوانێک بهاتایە، دەهاتە ژێر ئەو ساباتە دادەنیشت،

منیش که ڕۆیشتمەوە ماڵەوە، یەکسەر ڕۆیشتم بۆ لای ساباتەکە و پێم وابوو هەر میوانێک بێت لەوێ دادەنیشێت، دوو سێ کورسییشی لێ بوو، کە سەیری ساباتەکەم کرد کەسم لێ نەبینی، سەیری لای ژوورەوەم کرد و بە خێزانەکەمم وت: «پێتان وتم میوانم هەیە، کوا میوانەکە لە کوێیە؟»، خێزانەکەشم وتی: «وەڵاهی میوانەکە سەیر بوو»، ئێمە خانووەکەمان دوو دەرگای هەبوو، خێزانەکەم وتی: «لە دەرگای سەرەوەی دا و فەرمووم لێ کرد، یەکسەر خۆی وەک خزم پیشان دا». خێزانەکەم نەیدەناسی، وتی: «چاکوچۆنی گەرموگوڕی کرد و وتم فەرموو وەرە بۆ لای ساباتەکە دابنیشە، میوانەکەش وتی نا خوشکم من پیاوی ژێر سابات و کەپر نیم، کوێ پەنایە و تاریکە لەوێ دامبنێ». لەو کاتەدا هاوین بوو، مانگی تەمووز، خێزانەکەم وتبووی کاکە گیان گەرمە و کارەبا نییە و ئێرە گوندە. میوانەکە وتبووی قەیناکە هەرچۆنێک بێت لە بەندیخانە خۆشترە.

وەڵڵا منیش کە دەرگای ژوورەوەم کردەوە، خێزانەکەم لە ژوورەوە کورسییەکی نایلۆنی بۆ دانابوو، سەیرم کرد مامۆستا جەعفەر عەبدولواحیدە، ڕێک مامۆستا جەعفەر عەبدولواحیدەکەی جاران؛ بە پاکوخاوێنی و دەستێک جلی ڕانکوچۆغەی زەردی

لەبەردا بوو لەگەڵ کراسێکی سپی و پێڵاوێکی هەورامی، خۆی پاکوخاوێن هەروەکوو جاران هەروەکوو ئەوەی نە بای پێدا هاتبێ نە باران، واتە هەروەکوو ئەوەی نە فەرمانی گرتنی هەیە و نە دەگیرێت. ئیتر دانیشتین و ماوەی چەند رۆژێک مایەوە، نزیکەی هەفتەیەک مایەوە لای ئێمە.

لەو ماوەیەدا کەس لە خزم و دراوسێکانت نەیانزانی؟

هیچ کەس لەو گوندە نەیدەزانی جگە لە خێزانەکەم، لەگەڵ خزمێکی خۆم کە ناوی کاک فارس بوو و ئێستا ماوە لە ژیان، ئەویش هەر رێکخستن بوو لەگەڵ خۆم، بەڵام نەدەبوایە کەس لە خزم و کەسوکار بزانێت جگە لەو کاک فارسە. ئەو ماوەیەی کە مایەوە، تا رادەیەک دابڕابوو، واتە ئەو ماوەیەی لای ئێمە بوو جگە لە خۆم و کاک فارس و خێزانەکەم هیچ کەسی تر نەیزانی مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید لای ئێمەیە. ئیتر رۆژێک بڕیاری دا و وتی دەبێت من بڕۆم.

پێش ئەوەی بڕیاری رۆیشتن بدات، ئەو چەند رۆژە یان ئەو هەفتەیە کە بە دیاریکراوی لە یادتت نییە، شەوان چیتان دەکرد، گفتوگۆتان دەکرد یان باسی چیتان دەکرد و تیرۆانینی چۆن بوو دەربارەی شۆڕش؟

چەند رستەیەکیم لەبیرە، دەیوت گوایە تا ئێستا

ئێمە شۆڕشمان نەکردووە، ئەگەر شۆڕشێکیشمان کردبێت، بۆ کەسێک یان چەند کەسانێکمان کردووە، لەمەودوا ئێمە بڕیار دەدەین شۆڕش بۆ خەڵکی کوردستان بکەین؛ لە خەڵکەوە بۆ خەڵک. ئاوا ڕێک ئەو ڕستەیەم لەبیرە. هەروەها دەیوت ئەم جارە شۆڕش دەکەین، بەڵام لە خەڵکەوە بۆ خەڵک و لەپێناو خەڵک.

مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید وشەی خەڵکی زۆر بەکار دەهێنا و منیش پێم سەیر بوو، دەیوت ئەمەی تا ئێستا کراوە شۆڕش نەبووە، بەڵکوو بە دواکەوتنی دوو سێ کەس یان چەند کەسانێک بووە، ئەمەش ناچێتە خانەی شۆڕش و شۆڕشگێڕی، ئێمە بڕیارمان داوە شتێک بکەین لە خەڵکەوە بۆ خەڵک، واتە خەڵک خاوەنی بێت.

من ئەم ڕستانەم دێتەوە بیر، هەندێک شەویش کە کات درەنگ دەبوو، دنیا کپ دەبوو و کارەباش نەبوو، دەهاتینە ژێر ساباتەکە دادەنیشتین، لەبەرئەوەی کەس نەیدەبینین، چونکە شوێنەکەی بەرز بوو، بەڵام بە ڕۆژ هەر لە ژوورەوە دەبووین.

مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید بیرکردنەوە و خواستێکی زۆر گەورەی هەبوو، پێی وابوو سەرکەوتن و ڕێکخستنێکی زۆر بەهێز و پۆڵایین دەبێت کە ئەم جارە گەنج دێتە مەیدان، چونکە

گەنجان زەلیلی قبووڵ ناکەن. بەردەوام لەو چوارچێوەیەدا بیری دەکردەوە و هەمیشە بیری تازە و نوێی پێ بوو، وێنای ئامانجەکانی دەکرد، بە هەموو هێزێکییەوە دەچووە ئەو ململانێیەوە، بۆنی بێئومێدی، نەتوانین، دەرەقەتنەهاتن و زەلیلیی پێوە دیار نەبوو، بەڵکوو بۆنی وەربەرزی، بەرگری، سەرکەوتن، هەستانەوە و شۆڕشگێڕێتی لێ دەهات بە توانایەکی گەنجانە. زۆر باوەڕی بە خۆی و بە گەنج و بە چینی تازەپێگەیشتووان هەبوو.

ئیتر ئەوە سنووری ئیشەکانمان بوو، دوو جاریش بە درەنگانی شەو هەر بە پیاسە چووینە دەرەوە لە گوند، بەڵام دەچووین بۆ ئەو شوێنانەی کەمترین ڕێڕەوی خەڵکی گوندی لەسەر بوو و هاتوچۆیان پێدا نەدەکرد، چونکە ئەگەر بیانبینیایە، زۆر مەترسیدار بوو. بەو جۆرە ئەو هەفتەیەمان بە ڕێ کرد، کە بڕیاری دا وتی دەبێت بڕۆم، وتی: «چارەسەر چییە، چۆن بڕۆم؟» وتم من و کاک فارس لەگەڵت دێین. وتمان: «دەچیتە کوێ؟» وتی: «دەچمە کۆیە»، لە کاتێکدا هەمووی ڕەبایە بوو. بەرنامەکەمان بەو جۆرە دانا کە من و کاک فارس لەگەڵی بچین، بەڵام ئەو وتی: «نا کاکە گیان ئێوە هەردووکتان مەیەن، چونکە لەو کاتانەدا چەند کەمتر بین باشتر بە ڕێگەدا دەڕۆین و دیاریش نابین، واتە دوو کەس باشترە لە سێ کەس،

یان سێ کەس لە چوار کەس باشترە»، ئەو پیاوە بەبێ ئەوەی شپرزە بێت بیرۆکەی جوانی بۆ دەهات.

یەک دوو جار وتی: «من کەوڵم بەنرخە، ئاگات لێم بێت»، منیش وتم: «قابیلە ئاگام لێت نەبێت». وشەی کەوڵم بەنرخە، وشەیەک بوو پڕ بە پێستی خۆی. وتی: «بۆ حکومەت من کەوڵم بەنرخە، پارەی زۆر دەکات».

ئیتر وتم ئێستا هەردووکمان بێین یان نا. ئەو وتی نا تۆ مەیە با کاک فارس بێت، بەڵام وتی دەبێت دڵنیاییم هەبێت. کاک فارس کۆنەپێشمەرگە بوو، دەمانچەیەکیشی وەرگرتبوو لە خزمێکی خۆی، لەبەر ئەوەی باشتر بوو پێیان بێت.

من رێگەیەکی تریشم بۆ دانا، وتم: «مەڕۆ!» وتی: «ئەی چی بکەم؟» وتم: «گوندی قورتەلاس هەیە دەکەوێتە ئەودیوی گوندی باوقبیرەر لە سەرووی گۆمەشین، لەوێ دوو ماڵ خزمی ئێمەن، ناویان حاجی عارف و سمایلە، دەتبەم لەوێ دەتشارمەوە ئەگەر سااڵێک لەوێ بیت دڵنیابە وەک ماڵی من وایە». ئەوان ئاژەڵیان بەخێو دەکرد، شوێنەکەشیان جادەی قیری پێدا تێنەدەپەڕی، پێم وت: «من و کاک فارسیش سەردانت دەکەین، ئەگەر سااڵێکیش لەوێ بیت هەموو شتێکت بۆ دابین دەکەین». دیار بوو بیرۆکەکەی زۆر پێ باش بوو، وتی: «بەڕاستی

بیرۆکەیەکی چاکە، بەڵام من کارێکی تایبەتم هەیە و ناتوانم، لەگەڵ ئەوەش، تۆ ئیشی لەسەر بکە بۆ کاتی پێویست ئەو گونده بەکەڵکمان دێت، با ئەم جارە برۆین».

هەروەها ئەوەشی بۆ گێڕامەوە کە چۆن لە هەولێرەوە هاتووە، مامۆستا جەعفەر وتی: «جێپێکم گرت»، ئەو کاتە جێپی لاندرۆڤەر هەبوو کە مشەمایەکی لەسەر بوو، خزمیان نەبووە تەنیا شۆفێرێک بووە بە پارە هێناوێتی. مامۆستا جەعفەر وتی: «لە هەولێر هاتمە رێگەی سەر مەزرا و بەلەبان لە کۆیە»، بەستی شرغەی پێ دەڵێن و ئاوی تێدایە بە زستان و هاوین. وتی: «هاتین بۆ گوندی بانیماران و حاجییەکی ئیختیار لە پێشمان دەڕۆیشت و دەستی لێ راگرتین، کە هەر من و شۆفێرەکە بووین، وتم حاجی سەرکەوە و بە رێ کەوتین بۆ گوندی بانیماران، پێش ئەوەی بگەینە گوندەکە، ئۆتۆمبێلەکەم راگرت، چونکە نەمدەویست بەناو گوندی بانیماراندا برۆم نەوەکوو بمناسن. ئۆتۆمبێلەکەم راگرت و وتم حاجی فەرموو وەرە خوارەوە، حاجی هاتە پێشەوە و دەستی کرد بە گیرفانیدا، پێم وابێت بۆ ئەوەی بوو پارەم بداتێ. منیش وتم حاجی من پارە وەرناگرم، حاجییەکە تووڕەکەیەکی سپی پێ بوو و هەندێک شتی لەناودا بوو، زیاتر هاتە پێشەوە و هەر لێم ورد

دەبووەوە، پێی وتم کاکە تۆ خەڵکی کۆیەی؟ زۆرم پێ ناخۆش بوو، وتم خاڵە بەخوا من خەڵکی کۆیە نیم، خەڵکی هەولێرم و ماڵم لە خانەقایە. حاجییەکە وتی لێم تێک مەدە، تۆ خەڵکی چ بەرەبابێکیت، منیش لەناو تووڕەکەکە دوو تڕۆزیم دەرهێنا بۆ خۆم و شۆفێرەکە و ڕۆیشتین. شۆفێرەکە وتی بۆ نەچین بۆ ناو گوندەکە، دنیا گەرمە هەندێک ئاو بە ئۆتۆمبێلەکەمدا بکەم. منیش وتم کاکە من حەزناکەم بچمە ناو ئاوەدانی، ڕێگەکەم گۆمەشینە، دەچین لەودیو بیر هەیە لەو کەندانە هەندێک ئاوی پێدا بکە. ئیتر هاتینە نێوان گۆمەشین و شاقمسێ، بیرێکی ئاو لە پشت جادەکە بوو، لاماندا و هەندێک ئاومان خواردەوە و هەندێکیشمان کرد بە دەموچاوماندا، یەک دوو منداڵیش لەو ناوە بوون. لە سێبەری کەندەڵانێکدا خولەکێک پشوویەکی باشمان دا».

مامۆستا جەعفەر بەردەوام بوو و وتی: «ئیتر شۆفێرەکە ئۆتۆمبێلەکەی سارد کردەوە و بە ڕێ کەوتین بۆ گۆمەشین، لە کەندەکەی گۆمەشین سەرکەوتین، سەیرم کرد لەپێشمان مام سەیدێک سەردەکەوێت پشتێنی سەوزی لە پشت بوو، بەوەدا زانیم ئەوە خەڵکی گۆمەشینە و سەیدی لێیە. وتم زۆرباشە ئێستا ئەو مام سەیدە زانیاریم دەداتێ لە گۆمەشین چی هەیە»، چونکە لەو سەردەمەدا

بەعسییەکان بەهێز بوون و بە ماتۆڕ و بە ئۆتۆمبێلی رێکخراو دەگەڕان و لە رێگەکان خەڵکیان دەگرت.

مامۆستا جەعفەر وتی: «مام سەید ئاماژەی بۆ کردین کە ئۆتۆمبێلەکەی بۆ راگرین، منیش پێم وت وەرە سەرەوە ئێرە لێژە ئۆتۆمبێلەکە ناوەستێت، کاتێک گەیشتمە سەرەوە ئۆتۆمبێلەکەم راگرت مام سەید هات، سەیدێکی نوورانیی قسەخۆشی بەئەدەب بوو، زۆر ماندوو بوو، منیش پێم وت مام سەید پێدەچێت تۆ خەڵکی گۆمەشین بیت؟ ئەویش وتی ئەرەوەڵڵا مامۆستا من خەڵکی ئەو گوندەم و باب و باپیرم لەو گوندە گەورە بووە، منش وتم گوندەکەتان چۆنە؟ مام سەید وتی گوندەکەمان زۆر باشە، منیش وتم مامۆستام و گوازراومەتەوە بۆ گۆمەشین، هاتووم بزانم جێگە و رێگە و خوێندنگەکە و خزمان ببینم. قسەکەم لای مام سەید جێگەی بڕوا بوو و نەیوت بەو چلەی هاوینە و مانگی حەوتە خوێندنگەی چی. مام سەید پێی وتم زۆر بەخێر بێیت، خزمی ئێمە بۆ مامۆستایان زۆر باشن و رێزی مامۆستایان زۆر دەگرن و نێوانمان زۆر خۆشە. منیش وتم تاهیر گۆمەشینی لەوێیە؟ مام سەید وتی وەڵڵا مامۆستا بەیانی کە هاتم بینیم لەسەر دیوارەکەی خۆیان وەستابوو، ئێستاش نازانم لەوێ ماوە یان نا. لێشم پرسی کە گوایە حکومەت ئاگای لێتانە، ئێشتان بۆ

دەکات و چاودێریتان دەکات و هەماهەنگیتان هەیە؟ مام سەیدیش وتی وەڵڵا حکومەت دێت، رێکخراویش دێت، ناوی پیاوێکی هێنا، ناوی هادی بوو، وتی کاک هادییەک هەیە عەرەبە و بەرپرسی رێکخراوە و بە ماتۆڕ دێت، هەندێک جاریش بە ئۆتۆمبێل دێن بۆ لای کابرایەک یاریدەدەری پزیشکە لەوێ». خۆی من پێشتر بۆم باس کردبوو کە یاریدەدەرێکی پزیشک هەیە لە گوندەکەمان سەر بە بەعسییەکانە.

بەشی سێیەم

یادەوەرییەکان

- مام حەمید رەشاش
- نەرمین عوسمان
- عەلی بچکۆل
- ئاسۆی شێخ نوری

حەمید حسێن تەها، کە بە «حەمید رەشاش» ناسراو بوو، کەسایەتییەکی گەورە و پێشمەرگەیەکی ئازا و دڵسۆزی گەلەکەمان بووە و لە چەندین وێستگەی خەبات و شۆڕشی گەلی کورددا بەشدار بووە و تێکۆشاوە. لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا بەناوی «حەمید رەشاش و تولە رێیەکانی کوردایەتی» کە بەڕێز ستار محەمەدئەمین نووسیویەتی، باسی ژیان و وێستگەکانی خەبات و تێکۆشانی کردووە. سەبارەت بە جەعفەر عەبدولواحید کە ماوەیەک پێشمەرگە بووە لای مام حەمید، لە بیرەوەرییەکانیدا و لە لاپەڕە ٢٢٦ – ٢٢٨ بەم شێوەیە باس لەو پەیوەندی و مێژووە دەکات:

دڵسۆزیی شەهیدی قارەمانی گەلەکەمان
هەڤاڵ (جەعفەر عەبدولواحید کۆیی)

جەعفەر عەبدولواحید، یەکێک بوو لە پێشمەرگە دڵسۆزەکانی شۆڕشی ئەیلوول، سەرەتای ناسینم لەگەڵ ئەو قارەمانە، دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی ١٩٦٣ کە بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی من گوازرامەوە بنکەی حاجی قەڵا، ئەو کاتە دکتۆر خالید سەعید لێپرسراوی بنکەی حاجی قەڵا بوو، منیش سەرپەل بووم، رۆژێک گەنجێکی رێکوپێکی قسەخۆش نامەیەکی دکتۆر خالیدی بۆ هێنام، منیش نامەکەم کردەوە و دکتۆر خالید نووسیبووی: وا هەڤاڵ (جەعفەر عەبدولواحید)مان گواستەوە بۆ سەر میلاکی پەلەکەتان بە پلەی رابەرسیاسی کار دەکات لە پەلەکەتان، هیوادارم هاوکاریی بکەن. من بە هاتنی کاک جەعفەر زۆر کەیفخۆش بووم، لەبەر ئەوەی رابەرسیاسیمان نەبوو. کاک جەعفەر بە ماوەیەکی کەم لەبەر دڵسۆزی و کردەوە باشەکانی خۆی، جێگەی خۆی لەناو دڵی هەموواندا کردەوە. کاک جەعفەر کورێکی خوێندەوار و قسەخۆش و شارەزا بوو لە کاروباری رێکخستنی حزبی، هەموو مەرجەکانی کوردایەتی و کوردپەروەریی تێدا بوو، خوێندەواریی باش بوو، زمانی ئینگلیزییشی

دەزانی و لە گۆرانیوتندا دەنگی زۆر خۆش بوو. ئەوکات هەموو پێشمەرگەیەک دەبوایە لە شانەی حزبیدا بەشداری کۆبوونەوەکانی حزبی بکردایە، ئەو کاتە پێشمەرگە ئابوونەی نەدەدا لەبەر ئەوەی کەسمان موچەمان نەبوو. جەعفەر عەبدولواحید کادیرێکی زۆر بەتوانا بوو، ئەو ماوەیەی لەگەڵ یەکتر بووین، زۆر سوودمان لە کردەوەکانی کاک جەعفەر وەرگرت لە هەموو رووبەکەوە، ئەو ماوەیەی لە ئێرانیش بووین، بەشی زۆری هاتوچۆی ناوشارمان لەگەڵ یەکتر بوو. ئەو برادەرانەی زۆر لە کاک جەعفەرەوە نزیک بوون: دکتۆر حەسەن ئیسماعیل، دکتۆر حسێن ئیسماعیل و مستەفا رابەر بووین. لەو کاتەی لە هەمەدان بووین، لەناو خۆماندا چەند خولێکمان کردبووەوە، لەو خولانە، خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بوو، مامۆستاکانی زمانی ئینگلیزی (تەها بابان و کاک جەعفەر عەبدولواحید) بوون. هەر ئەو ماوەیەی لە هەمەدان بووین، من و کاک جەعفەر و کاک مستەفا رابەر مانگانە بەشێوەیەکی نهێنی بەیاننامەیەکمان دەردەکرد بەئاگاداریی سەرکردایەتی بەناوی (سەرچڵ)، لەسەر ئەو کەسانەمان دەنووسی کە کردەوەیەکی ناڕێکیان کردبا.

بەبۆبەی جەژنی نەورۆز لە ساڵی (١٩٦٥)، لە شاری هەمەدان ئاهەنگێکی گەورەمان گێڕا بۆ ئاهەنگی نەورۆز و داوامان لە حکومەتی ئێران کرد هۆڵێکی زۆر گەورەیان بۆمان تەرخان کرد، ئەوەبوو مانگێک پێش جەژنی نەورۆز خۆمان ئامادە کرد بۆ ئاهەنگەکە و چەند تیپێکمان ئامادە کرد، وەکوو: تیپی گۆرانی و سروودوتن، تیپی هەڵپەڕکێ و تیپی تەمسیلی، لەو تیپە هونەرییانەدا کاک جەعفەر دەورێکی زۆر باڵای هەبوو، بەتایبەتی لە تیپی گۆرانی و سروودوتندا، هەروەها کاک جەعفەر خۆی جۆرە هەڵپەڕکێیەکی دانا بوو و خۆشی سەرچۆپی گرتبوو، منیش بەشداری هەردوو تیپەکان بووم بۆ ئاهەنگی نەورۆز. سەرکردایەتی خەڵکێکی زۆری لە دانیشتوانی شاری هەمەدان داوەت کردبوو لە کاربەدەستانی حکومەت و پیاوماقوڵان و کەسایەتی شارەکە بەشدار بوون، حکومەتی ئێران تیپی مۆسیقای داینێ و پێشەکی ئاهەنگەکە بە سروودی «ئەی زەقیب» دەستی پێ کرد، لە پاشان کاک عومەر دەبابە وتارێکی بە زمانی فارسی و کوردی خوێندەوە، ئینجا سروودی نەورۆز لەلایەن تیپی گۆرانی و بەهاوکاریی تیپی مۆسیقا دەستی پێ کرد، ئەو سروودە لە دانانی مامۆستا خالید دلێر بوو من بەشێکیم لەیاد ماوە:

سالێکی تریش وا داهاتەوە
ڕۆژی نەورۆزی کورد هەڵاتەوە
بەم هاتنەوەیە نەورۆز ئەم جارەش
دەرسێ تێکۆشان دائەداتەوە
ئێمەش سڵاو لە دووروڵاتەوە
بە گوڵی سووری ڕێی خەباتەوە
ئەینێرین بۆ هەر نەبەردێ کەوا
مەشخەڵی شۆڕش هەڵبکاتەوە

ئاهەنگەکە زۆر سەرکەوتوو بوو، جێگەی دڵخۆشیی هەمووان بوو، ئەوە لە کاتێکدا لە هەمەدان بووین.

لەدوای گەڕانەوەمان لە ساڵی (١٩٦٥)، مامۆستا جەعفەر گەڕایەوە سەر کاری خوێندن لە دوای بەیانی (٢٩)ی جوزەیران، کاک جەعفەر بووە مامۆستا و لە پاشان ژنی هێنا و بەداخەوە لە ساڵی (١٩٧٦) لەگەڵ سێ قارەمانی تر لەسێدارە دران. لەدوای شەهیدبوونی، ژن و منداڵەکانی لە ڕێگەی هەولێر - موسڵ تووشی کارەساتێکی دڵتەزێن بوون و کوڕەکەی زۆر بەسەختی بریندار بوو، بۆ چارەسەر کوڕەکەیان هێنایە بەغدا و لە نەخۆشخانەی جومگەی عەسەبی بوو، بۆ ماوەی شەش مانگ

لە نەخۆشخانە مایەوە. ئەو کاتە من ماڵم لە بەغدا بوو، من و مامۆستا مەلا عەولا زۆر یارمەتیمان دا، بەتایبەتی مامۆستا مەلا عەولا ئەو کاتە وەزیر بوو، سەردانی دکتۆر سەعد ئەلوەتری کرد، داوای لێ کرد زۆر ئاگای لەو منداڵە بێت و منیش وەکوو مامێک خەمخۆریان بووم، ئەمە بەشێک بوو لەو زانیارییانەی لای من بوو دەربارەی شەهید جەعفەر عەبدولواحید، ئەم شەهیدانە هەرسێکیان بەیەک رۆژ و کات لەسێدارە دران، بەڵام ئێستا سەرکردەکان کە باسیان دەکەن یان سەردانی ماڵەکانیان دەکەن، هەندێک جار بەزۆری هەر باسی یەکێکیان زیاتر دەکەن، باشتر وایە وەکوو یەک باس بکرێن.

خاتوو نەرمین عوسمان، خەباتگێڕ و کەسایەتی سیاسی، کە خوشکەزای مامۆستا جەعفەر عەبدولواحیدە، لە کتێبی یادەوەرییەکانیدا «لەبەر تریفەی مانگ خەونەکانی نیشتیمانمان دەچنی»، لەلاپەڕە ١٣١ – ١٤٠ کە بەشێکی تایبەتە بە یادەوەرییەکانی لەگەڵ مامۆستا جەعفەری خاڵی، نووسیویەتی:

شەهید جەعفەر...
ئەو قارەمانەی بە مەرگ پێکەنی!

لە ژوورێکی گڵی بچووکی پشت هەیوان (کوشکوکە)، پەنجەرەیەکی شێوە تاقی بچووکی پڕ لە کتێب لەسەر کۆڵانە تەنگەکەی گەڕەکی بەفری قەندی، قەرەوێڵەیەکی تەنیا و ئاوێنەیەکی دیوار و عەلاگەیەکی جلهەڵواسین، قارەمانێکی چاو پیرۆزەیی دەم بەخەندە، گوفتار شیرین، هونەرمەند، داهێنەر و زیرەک دەژیا، ئەو ژووڕە ژووڕەکەی خاڵە جەعفەر بوو. رۆژانە سەرم لێ دەدا. هەرچەندە ناوبەناو شەڕی بچووکمان دەکرد و دەڕۆیشتم و جێمدەهێشت، بەڵام زوو دەگەڕامەوە بۆ لای. ئارەزووی بوو دەهریم بکات، زوو زوو بە قسە و ئازاردانی منداڵانە تووڕەی دەکردم. یاریی گوڵبەهاری (یارییەکی تاوڵەی منداڵانەیە) لەگەڵ دەکردم، جارێک ئەوەندەم پێ وت «خاڵە با گوڵبەهارێک بکەین» تاقەتی چوو و وتی: «وەرە با گوڵبەهاری راستیت فێر بکەم». پیلی گرتم و خستمیە ناو حەوزی ئاوی حەوشەی ماڵی باپیرم، نەشیهێشت بڕۆمەوە تا وشکبوومەوە. بەو تەڕبوونە بەخراپیی نەخۆش کەوتم، لە سزای ئەوەدا ماڵەوە پێیان وت: «دەبێت

نەرمین بۆ چارەسەر ببەیتە بەغدا». جارێکی تریش لێی تووڕە بووم و رۆیشتم، زۆری بانگ کردم نەڕۆم، بەردێکی هاویشت بەرم کەوت و قاچم شکا، دوای ئەوە ئیتر وازی لە ئازاردانم هێنا. لەگەڵ ئەو هەموو وردەشەڕانەشدا، بەبێ خاڵم هەڵم نەدەکرد، هاوڕێ و مامۆستا بوو بۆم، زۆر شتی ژیانم و فێربوونم بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

شانبەشانی باوکم، فێری خوێندنەوەی کتێب و هۆنراوەی دەکردم، فێری کردم چۆن چێژ لە گۆرانی و موزیک ببینم و جۆرەکانی بناسمەوە، فێری هەڵپەڕکێی جۆراوجۆری کردم، بەشداری پێ دەکردم لە نمایشی شانۆدا، بەتایبەتی شانۆکانی بۆنەی نەورۆز. جارێکیش لە شانۆیەکی گەڕۆکدا بەشداری پێ کردم، بەسەر شاراندا دەگەڕاین، لەو شانۆییەدا من منداڵی کاوەی ئاسنگەر بووم، ئەکتەرێکی تریش سەڵاحی ئامۆزام بوو، ئەویش لاوێکی زۆر چالاک بوو. هەروەها لە ئۆپەرێتێکی منداڵاندا بەناوی (کەژ و کەژاڵێ) رۆڵی سەرەکیم بینی.

لە زۆر بواردا لێهاتوو بوو، وەک نووسینی پەیامەکانی شۆڕش و بەرگریی بۆ تۆقاندنی دوژمن و داگیرکەران لەسەر دیوارەکانی کۆیەی شاری شارستانیەت و مێژوو، کە ئەوکات کارەکانی

زۆر گەورەتربووون لە تەمەنی وەهـا لاوێک ،کە لە قۆناغەکانی خوێندنی ئامادەییدا بـوو. رەنگە خەونی هونەرمەندێکی لاو؛ باسکردن بێت لە عەشق و جوانییەکانی ژیـان، بـەڵام بۆ ئـەو کـە رۆڵـەی میللەتێکی ستەملێکراو بوو، مەحکوم بوو بەوەی هونەرەکەی بخاتە خزمەت گیانی بەرگریکردن لە نیشتمان، هەر بۆیە دیوارەکانی کردبووە تابلۆی هونەرەکەی و رەنگەکانی بۆ دروشمەکانی بەرگری و شۆڕش تێکەڵ دەکرد، لەسـەر دیوارە پۆڵایین و تۆقێنەرەکانی دوژمن هونەرێکی نوێی دەنەخشاند. منی لـەسـەری کۆڵانەکان دەوەستاند بۆ ئـەوەی ئاگاداری بکەم نەوەک یەکێک لە پیاوەکانی دوژمن ببینێت، بۆ ئەوەی کەس نەزانێت ئەو نووسینانە کاری ئەون.

خاڵە جەعفەر ماوەیەک لە کەرکوک ژیـا، خاڵم (خالید دلێر)، پووره زیبام و خاڵە جەعفەری بردە کەرکوک، بەهۆی ئەوەی نەنکم کۆچی دوایی کردبوو و باپیرم ژنی هێنابووەوە، خۆشی لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک کاری دەکرد. خاڵە جەعفەر بەهۆی ئەو ژیانەی لە کەرکوک، زۆر چاوکراوەتر بوو، لەوێش زمانی عەرەبی و تورکی و ئاشووریی بەباشی فێر بووبوو، لاوێکی زیرەک بوو، بەتایبەت بۆ فێربوونی زمان.

حـــەزی لـە گۆرانـیـیـەکـانـی ئـوم کـەلـسـوم و عەبدولوەهاب بـوو، منیش حـەزم لە گۆرانییەکانی عەبدولحەلیم حـافز بـوو، زوو زوو گاڵتەی پێ دەکردم. جیاوازیی تەمەن وای کردبوو کە دوو جۆر لە هونەر کارمان تێ بکات، بەڵام بە گوێگرتنی زۆر، وای لێ کردم رۆژ بە رۆژ زیاتر بچمە سەر دینی ئەو. رێنیشاندەرم بوو لە هەڵبژاردنی جۆری کتێب و دوای خوێندنەوەش لێپرسینەوەی هەبوو کە چی لێوە فێربووم.

دوای ئەوەی خوێندنی ئامادەیی، بەشی ئەدەبیی لە ١٩٦٤ لە شـاری کۆیە تـەواو کـرد، لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی بەغدا وەرگیرا، بەڵام وازی لە خوێندن هێنا و پەیوەندی کرد بە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەوە.

لە یەکێک لە شەڕەکاندا گوللەی هاوەن دابووی لە نزیک سەنگەرەکەیان و بووە هۆی دڕانی پەردەی گوێی، دواتر بەهۆی هەوکردنی برینەکەی بەنهێنی هێنایانە هەولێر بۆ چارەسەرکردن. ئەوسا ئێمە لە هەولێر دەژیاین، من لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بووم، ئەو هاتنەی بووە هۆی هاندان و خۆشەویستیم بۆ شـۆڕش و پەیوەندیکردنم بە رێکخستنەوە. لە باوەڕبوونی راستەقینەی بە مافی ژن و بەشداریی ژنـەوە، ئـەو گـەڕانـەوەیـەی منی کـرد بە کەسێکی

سیاسی و چالاکوان. دوای چارەسەرکردنی، بەنهێنی گەڕایەوە بۆ ناو هێزەکانی پێشمەرگە.

خاڵم کەمێک شانێکی دابەزیبوو، لێم پرسی: بۆ وا شانت خوار بووە؟ وتی: «هیی هەڵگرتنی چەک و هەگبەیە، بەردەوام بە لایەک هەڵمانگرتووە»، بە دەستی چەپیش دەینووسی و هەموو کارێکی بە چەپە بوو. پێم وت: «بوویت بە چەپی شانخوار»، دیاربوو پێی ناخۆش بوو، وتی: «لەبەر خاتری جەنابت نە تفەنگ دادەنێم و نە دەتوانم راستەشم بەکار بهێنم»، نەمدەزانی ئەو قسەیەم بۆ کرد، زۆر پەشیمان بووبوومەوە و تا ئێستاش لە دڵم دەرناچێت.

کە گەڕایەوە بۆ ناو پێشمەرگە، دوای ماوەیەک خاڵە جەعفەر لەگەڵ مامۆستا برایم و خاڵم (خالید دلێر) و هاوەڵەکانیان چوون بۆ ئێران، لەوێش فارسییەکی باش فێر بووبوو.

لە ساڵی ١٩٦٦ دوای هاتنەوەیان لە ئێران، لە بەغدا نیشتەجێ بوو، لە ساڵی ١٩٦٧ لە زانکۆی موستەنسریە لە بەشی زمانی ئینگلیزی - ئێواران دەیخوێند، بە رۆژیش لە کێڵگەی پەلەوەر (دەواجن) کاری دەکرد بۆ پەیداکردنی بژێوی. منیش هەر هەمان ساڵ لە زانکۆ وەرگیرام، ئیتر جارێکی تر و لە قۆناغێکی تری تەمەنم بووین بە نزیکترین هاوڕێ، منیش ئیتر قۆناغی منداڵیم نەبوو. زۆربەی

کات بەیەکەوە بووین، لە کاتی تاقیکردنەوەی سەری سالآن بەیەکەوە لە کتێبخانەی گشتی دەمانخوێند، بەیەکەوە دەچووین خواردنمان دەخوارد و سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانمان دەکرد. جارێک منی بردە ڕێستۆرانتێک بۆ خواردنی تشریب، من بە کەوچک و چەتاڵ نانم دەخوارد، وتی: «هەی نەزان، تشریب بەدەست دەخورێت، چۆن چێژی لێ دەبەیت!» دەستی گرتم و خستیە ناو تشریبەکە و بوو بە پێکەنین، ئیتر منیش ئەو شەرمەم نەما.

هەندێک بەسەرهاتی خۆشی ناو پێشمەرگایەتی بۆ دەگێڕاینەوە؛ بۆ من، ئازاد، نازەنین و هاوتا، هاوتای برام وەک منداڵێک پرسیاری زۆری لێ دەکرد و سەرسام بوو بە پێشمەرگە و شۆڕشگێڕەکانی جیهانی سەردەم، زۆر گیڤارای خۆش دەویست، واتە (گیڤاریست بوو بەو منداڵییە). لەو بیرەوەرییانەی خاڵم، جارێک هاوتا لێی پرسی: لە پێشمەرگایەتی چی زۆر جوان بوو لات؟ خاڵم گێڕایەوە و وتی: «کاتێک پێشمەرگەکان هەموومان لەناو ئەشکەوت دەبووین و هەریەکە جگەرەیەکی پێ دەکرد، ئیتر لەو تاریکییەدا کە ڕووناکیی سوتووی جگەرەکە لەگەڵ قومی جگەرە دەدرەوشایەوە و کز دەبووەوە، جوانییەکی سەرنجڕاکێشی هەبوو». لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکی تردا، وتی: «جارێک

پێشمەرگەیەکی سەرکێشمان چەک کرد و دانیشتبووین گۆرانیمان بۆ دەوت (داینێ دە داینێ، ئەو کلاشینکۆفە، موبارەکت بێ، ئەو دارینۆفە) ئەوەندەیتر دەهریمان دەکرد»، ئەو گۆرانییە بووبوو بە وێردی سەرزمانی ئێمەش.

بەسەرهاتێکی تریشی گێڕایەوە: جارێک لە لادێیەک ئاشێکی ئاوی لێ بوو، ئاشەکە خراپ بووبوو، دەبوایە بۆ خۆمان چاکی بکەینەوە، ئەوەی خراپ بووبوو سەرچاوەی ئاوەکە بوو، ئێمەش پێشمەرگەیەکمان بەستەوە بە گوریسێک و رەوانەی خوارەوەمان کرد و پێمان وت هەر کاتێک هەستت بە ترس کرد پەتەکە رابکێشە دەرتدەهێنین. دوای تۆزێک کەوتە پەتڕاکێشان، ئێمەش وتمان: هیچ نییە دەترسێت، گوێمان نەدایە. چەند جارێک پەتەکەی بەتوندی رادەکێشا، هەر گوێمان نەدایە تا هاواری لێ هەستا و وتی کوڕە رامکێشن هەی وا لە دایکی کورد و کوردستانیش بکەم. ئێمەش زانیمان دیارە شتێکی خراپە و رامانکێشا، کە هێنامانە دەرەوە بەو ماوە کورتە هەموو گیانی سوور بووبووەوە و دوای تۆزێک هەموو گیانی ئاوسا، ئەوەندە مێشوولەی لێ بووبوو بە هەزاران پێوەیان دابوو، بەپەلە گەیاندمانە ئێران بۆ چارەسەرکردن، وەختبوو ببێت بە قوربانیی ئاشی ئاوەکە.

لەو کاتانەدا کە لە زانکۆ بووین، گرووپێک دروست بوو بەناوی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان – بیری ماو تسی تۆنگ) پاشان لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەدا لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨، ناوەکەی بوو بە (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان). کۆمەڵە، کۆکەرەوەی گەنجی خوێنگەرمی پێشکەوتوو بوو.

خاڵە جەعفەر، بە بیروباوەڕ چەپ بوو، سەرەتا هێشتا لە کۆکردنەوەی چەپەکاندا بوو پێش دامەزراندن، لە هۆڵی خولد کە ئێستا دەکەوێتە ناوچەی سەوز لە بەغدا، لەخۆئامادەکردن بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٦٩، خاڵم هات پێی وتم: «خەریکی دروستکردنی گرووپێکی مارکسی لینینین، ئەگەر ئامادەیت و نهێنی دەپارێزیت و بەرگەی ساردوگەرمی دەگریت، ئەوا پێت دەڵێم چییە و بۆتی باس دەکەم، دەبێت بەڵێنم بدەیتێ نهێنییەکان بپارێزی و بەبێ گەڕانەوە بۆ ئێمە نابێت هیچ هەنگاوێک بنێیت». منیش بەڵێنەکەم دا و بڕیارم دا بچمە ناو ریزەکانی کۆمەڵە و منیان خستە خانەی پێگەیاندنی کادیران. یەکەم کۆبوونەوەم لە ماڵی فەرەیدون عەبدولقادر بوو، دوایی منیان خستە ئەو شانانەی کە لە ماڵی محەمەد چینی بوون (بۆیە پێیان دەوت چینی، چونکە زمانی چینی فێر بووبوو) ماوەیەکیش لە لای کاک محەمەد سابیر بووم. ئەوسا (تاقانە بووم) تاقە کچ بووم لەناو ئەو شانانەدا.

بەو جۆرە چوومە قوڵایی شانە نهێنییەکانەوە.

ئەوکات من جلی کورتم لەبەر دەکرد، وەک (مۆدەی باوی ئەو سەردەمە)، خاڵم رۆژێک پێی وتم: «ئیتر دەبێت جلەکانت درێژ بکەیتەوە، بۆ ئەندامی کۆمەڵە ناشێت جلی وا کورت لەبەر بکات»، منیش داوای مۆڵەتی چەند رۆژێکم لێ کردن بۆ ئەوەی تەگبیری حاڵی خۆم بکەم و ئیتر جێبەجێم کرد.

لە بۆنەکانی زانکۆ و کۆرددا گۆرانیی دەوت، بەتایبەتی گۆرانییەکانی تایەر تۆفیق و خالید دلێر.

ئەو کاتەی لە زانکۆ بووین، دارۆم ناسی و یەکەم کەس کە پێم وت، خاڵە جەعفەر بوو. هەستم کرد پێی ناخۆشە، وەک هەموو گەنجێکی ئەم وڵاتە هێشتا کاریگەریی کۆمەڵی باوکسالاریی لەسەر ماوە، گفتوگۆیەکی دوورودرێژمان کرد، پاش چەند رۆژێک هات و وتی: «من رازیم بەمەرجێک یەک نەبینن تا خوێندن تەواو نەکەیت». لام قورس بوو، بەڵام تا رادەیەک بەقسەم کرد. کێشەی من لەوەدا بوو نەمدەتوانی راستیی بە خاڵم نەڵێم.

خاڵە جەعفەر گەنجێکی زۆر جوان بوو، قسەخۆش و خۆشمەشرەب بوو، زوو دەبوو بە هاوڕێی خەڵک، زۆربەی هاوڕێکانمان هاوبەش بوون.

نزیکیی لەمنەوە، بەهۆی ئەوەوە بوو کە جیاوازیی تەمەنمان تەنیا هەشت ساڵ بوو، زۆریش دایکمی

خۆش دەویست، هەردووکمان بەیەکەوە لە هەمان هەفتەدا هاوسەرگیریمان کرد.

پاش ئـەوەی لـە ئـازاری ١٩٧٤ دارۆ بـوو بە پێشمەرگە، من لە سلێمانییەوە گەڕامەوە بۆ هەولێر، لای شانەکانی خاڵە جەعفەر دەستم کرد بە کار و هەندێک ماڵی تـازەی پێ ناساندم، رام لەسەر هەندێکیان باش نەبوو، بەڵامەوە نهێنیپارێز نەبوون. ماڵی ئەوان وەکری زۆربەی کۆبوونەوەکان بوو، خێزانەکەشی (قانعە خان) زۆر هاوکاری بوو، کاکە شەهابیش کە هاتە هەولێر ماوەیەک لە ماڵی خاڵم بوو.

ناوی نهێنیی خاڵە شەهاب (عوسمان) بوو، دوای مـاوەیـەک هاتە ماڵی باوکم، منیش لـەوێ دەژیـام. رۆژانـە کادیرەکانی کۆمەڵە دەهاتن و دەڕۆیشتن و کۆبوونەوەی نهێنییان دەکـرد. زۆر جار بانگی منیشیان دەکـرد لەگەڵیان بـم و راوبـۆچـوونـیـان دەپـرسـیـم. جـارێـک داوام لـێ کـردن کـە نەچمە کۆبوونەوەکان بۆ ئـەوەی کەمترین خەڵک بناسم، خاڵیشم و کاکە شەهابیش وتیان: «وا مەڵێ، ئێمە زۆر باوەڕمان پێتە، بۆیە وەرە و دابنیشە». هەندێک جاریش نامەیان پێدا دەناردمە کەرکوک بۆ ماڵی کاک فەرەیدون عەبدولقادر.

پاش ئاشکرابوونی ناوی هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵە، خاڵم هاتە ماڵەوە و منی بردە ژوورێکی تەنیا و بۆی باس کردم، وتی: «بڕیارم داوە بچم بۆ لای کاکە شەهاب و بزانین چی بڕیارێک بدەین، پێویستم بە بەڵگەنامەیەکی تر بەناوێکی ترەوە». منی نارد لای یەکێک لە قاسیدەکان بۆ دروستکردنی ناسنامەیەک، دەیتوانی بیکات، بەڵام دیاربوو دەترسا، وتی: «ناتوانم بیکەم». گەڕامەوە پێم وت، بێ تووڕەبوون وتی: «ناهەقی ناگرم»، بە منیشی وت: «ئاگات لەخۆت بێت، چونکە زۆربەی کادیرەکان تۆ دەناسن و جارێ لای هیچ کەس باسی مەکە». چووم تاکسییەکم بۆ گرت و رۆیشت. دواتر زانیمان گەیشتوونەتە ئێران، بەڵام ئیتر هەواڵیانمان نەزانی تا رۆژێک پاکیزە خانی خێزانی کاک فەرەیدون عەبدولقادر هات وتی: «برادەران هەموویان گیراون و تەسلیم بە رژێمی عیراق کراونەتەوە و بردوویانن بۆ سلێمانی».

منیش یەکسەر رۆیشتم بەرەو سلێمانی و چوومە ماڵی کاک رەئوفی حاجی فەرەج کە مێردی پوورە خەجاوم بوو، لەوێ کاک ئەمیری کوڕی زۆر هاوکارم بوو و هەوڵی دا بچین لە ئەمن بیانبینین یان هیچ نەبێت دڵنیا بین کە ئەوان لە

گرتووخانەن. هەندێک شتمان برد، زۆر هەوڵمان دا نەیانهێشت بچینە ژوورەوە، بەڵام شتەکانیان لێ وەرگرتین و بردیانە ژوورەوە، وتم: «چۆن بزانم گەیشتووەتە دەستیان». چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوە وتیان: «خاڵت دەڵێت ڕێباز هەر وەک خۆی زۆر دەگری و هاوڕێ گەورە بووە»، ئیتر زانیمان ئەوان لە ژوورەوەن. ئەو شتانەی بۆمان بردن، بەتانی بوو کە لەگەڵ خاتوو کافیە سلێمان پارەمان کۆکردەوە و کڕیمان، هەروەها ٢٥ دیناریشمان کۆکردەوە ئەوەشمان بۆ بردن لەگەڵ هەندێک پێداویستیی پیاوانە و جلوبەرگ. کە بردیانن بۆ بەغدا، جارێکی تر بەدوایاندا ڕۆیشتم، لەگەڵ زیبای پوورم هەوڵی زۆرمان دا بۆ ئەوەی چاومان پێیان بکەوێت، بەتایبەتی لە ڕێگەی کاک ڕەفیق پشدەری کە زۆر هاوکارم بوو بۆ بینینی دارۆ، لە ئەمنی عامە (بەشی دوو) جارێک توانیم دارۆ ببینم، بەڵام دەبوایە لەبەر چاوی ئەفسەرێکی عەرەب و بەعەرەبی قسە بکەین. لەوێ هەواڵی خاڵم و کاکە شەهابم لێ پرسی، وتی: «لامانن». ئەمە بووە هۆی ئازاردانێکی زۆری دارۆ، چونکە لە وەڵامی پرسیارەکانی ئەمن نەیوتبوو من جەعفەر دەناسم و خزممە.

که لێکۆڵینەوە تەواو بوو، هەموو برادەرانی کۆمەڵەیان لە ئەمنی بەغداوە گواستەوە بۆ گرتووخانەی فزەیلیە وەک (تەسفیرات) پێش دادگاییکردن. لەوێ سەردانیان ئاسان بوو، هەموو رۆژانی تایبەت بە سەردان نەماندەپەڕاند و سەردانمان دەکردن. لەوێ هەموویان باسی ئازار و ئەشکەنجەکانی ئەمنیان بۆ دەکردین. هەر دە نینۆکی قاچی خاڵە جەعفەریان دەرهێنابوو، جارێک تازە نینۆکی سەر دەردەهێنێتەوە دیسانەوە دەریانهێنابووەوە. خۆڕاگرییان لە زیندانەکانی بەعسدا بوو بە داستانێکی بێوێنە لە مێژووی کورددا.

بۆ من، سێ کەسی لێ بوو جگە لە هاوڕێکانی تری کۆمەڵە (دارۆ، خاڵە جەعفەر، کاکە شەهاب)، دروشمی (کەم ژیان و کەڵ ژیان)یان داهێنا. زۆربەی هەڤاڵەکانی زیندان، شاهیدی خۆڕاگریی خاڵە جەعفەرن، بەم هەموو ئەشکەنجەدانەشەوە لە قسەی خۆش نەکەوتبوو، تەنانەت دوژمنەکانیشی سەرسام بووبوون پێی. نەیتوانی زیندان وەک دواوێستگەی ژیان و بەرگری سەیر بکات، بەرلەوەی بچێتە بەر پەتی سێدارە، لەناو زیندانیش وای کرد لە خزمەتکردنی وڵات و داهاتووەکەی بەردەوام بێت و خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزیی

لەناو زیندانداا کردبووەوە، کە دەتوانین ئەمە وەک بەشێکی تری گیانی بەرگریی جەعفەر عەبدولواحید سەیری بکەین.

لەو کاتەی کە لە فزەیلیە بووون، لە یەکێک لە سەردانەکاندا نامەیەکی پێچراوەی نوشتەئاسای دا بە باوکم، وتی: «کاک عوسمان ئەم نامەیە لای خۆت هەڵبگرە بۆ دواڕۆژ، خۆت کە زانیت بارودۆخەکە باشە ئەوسا بیکەرەوە، خۆشت بڕیار دەدەیت بیدەیتە کێ». باوکم وەک ئەمانەتێکی زۆر بەنرخ هەڵیگرتبوو، بێ کردنەوەی لەناو سەرینی لۆکە شاردبوویەوە. بەداخەوە، ناوەڕۆکی ئەو نامەیە بۆ هەتاهەتایە بەنهێنی مایەوە، چونکە بەهۆی خۆشاردنەوەی باوکم و دایکم و ئیمەش پێشمەرگە بووین، لە دوای بردنی کەلوپەلەکانی مالّی باوکم، ئەو سەرینەش دیار نەما و نامەکەش وەک هەموو شتە گرنگەکانی ژیانمان ون بوو.

پاش دادگاییکردنیان، کاکە شەهاب و خاڵە جەعفەر و ئەنوەر زۆراب بە لەسێدارەدان و ئەوانی تریش بە شەش ساڵ بەندکردن سزا دران. پاشان گواستیانەوە بۆ گرتووخانەی ئەبوغرێب و دابەشیان کردن بەپێی بڕیاری دادگە، ئەو سێ قارەمانەیان بردە ئەو بەشەی کە تایبەت بوو بەو کەسانەی بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچوو. لەبەر ئەوە هەموو

سەردانێکم بۆ زیندان، دەبوو سەردانی دوو بەش بکەم، هەندێک لای خاڵم و کاکە شەهاب دابنیشم و هەندێکیش بچم سەردانی دارۆ بکەم، کە لە بەشی سزا قورسەکان (الاحکام الثقیلة) بوو.

ئەو کاتەی خاڵم و کاکە شەهاب و ئەنوەر زۆراب چاوەڕێی لەسێدارەدان بوون، من و پوورە زیبام سەرمان کرد بە هەموو شوێنێکدا کە تروسکایی لێوە بێت، بۆ کەمکردنەوەی حوکمەکەیان.

چووینە لای جێگری سەرۆککۆمار (تەها محێدین) وتی: «دەسەلاتم نییە». چووین بۆ لای (خەیرولڵا تولفتاح)، کە خاڵی سەدام حسێن بوو، چووین بۆ لای (جۆرج حەبەش)ی سەرۆکی بەرەی میللیی رزگارکردنی فەلەستین (الجبهة الشعبیة لتحریر فلسطین) و نامەیەکیشی بۆ سەدام حسێن نووسی، پوورم بەتەنیا چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەدام حسێن کرد، داواکاریی سەدام ئەوەبوو وتی: «ئەگەر ئەوان نامەیەک بنووسن پەشیمانیی خۆیان و دڵسۆزییان بۆ رژێمی بەعس پیشان بدەن، ئەوسا حوکمەکەیان کەم دەکەینەوە». دوای ئەوە چووین سەردانی خاڵم و کاکە شەهابمان کرد و راسپاردەکەمان پێ وتن، وەڵامی هەردووکیان زۆر توند بوو، خاڵم بە منی وت: «حەز دەکەیت

خاڵێکت هەبێت هەتا ماوی سەرت پێی شۆڕ بێت، یان خاڵێکت هەبێت سەرت پێی بڵند بێت؟ لە هەموو کەسێک چاوەڕوانی ئەم قسەیە بووم، بەڵام لە تۆ نا!». هەروەها هەڕەشەیان کرد و وتیان: «نابێت ئیتر بچن بۆ لای هیچ کەس و واز بهێنن». خاڵم بەگاڵتەوە وتی: «من کە هاتمە دنیا، بە خواستی دایک و باوکم بوو، بۆیە مردن خۆم هەڵیدەبژێرم».

بە هیچ جۆرێک سەری بەرزیان بۆ دوژمن نەوی نەکرد، بەڵکوو لە بەشی لەسێدارەدان پەلەیان بوو کەی ئەو کارە نامرۆڤانەیە ئەنجام دەدەن، بۆ ئەوەی دەستی هاوڕێکانیان لە شاخ والا بکەن بۆ چالاکیی چەکداری. هەرواش دەرچوو، لە پاش لەسێدارەدانیان گڕوتینی شۆڕش زیاتر کڵپەی سەند، ئەو قارەمانانە بوونە سەرقافڵە و نموونەی شەهیدەکان و بەرزکردنەوەی ورەی زیندانییەکان و دروشمی (کەم ژیان و کەڵ ژیان)یان ورەی کادیرانی لە هەموو زیندانەکاندا بەرزتر دەکردەوە.

لەو کاتانەی کە لە ژوورەکانی بەشی لەسێدارەدان سەردانم دەکردن، جووتێک پێڵاویان بۆ دروست کردبووم لە بەغدا لای کەسێکی حزبی شیوعی، پاژنەی پێڵاوەکە لەناوەوە بەتاڵ بوو، دەمتوانی نامە ببەمە ژووری زیندان و بەپێچەوانەشەوە، جارێکیان

هۆنراوەیەکی خاڵە جەعفەرم هێنایە دەرەوە کە بە زمانی عەرەبی نووسیبووی، وتی: «بیدە بە ڕێکخراوی بەرەی میللیی رزگاریی فەلەستین بۆ ئەوەی لە گۆڤارەکەیاندا بڵاوی بکەنەوە». بەداخەوە، هەرچەندە وێنەیەکیم لێ نووسیبووەوە، بەڵام وەک هەموو بیرەوەرییەکانی ترم ئەویش فەوتا و ئێستاش لەیادم نەماوە، ناوەڕۆکەکەی باسی خۆشەویستیی وڵات و خاک و خەڵک بوو.

تەنیا یەک کۆپلەی هۆنراوەیەکی عەرەبیی خاڵم لەبیرە لەو کاتەی کە مامۆستا بوو، ئەویش دەڵێت:

سنلتقي سنلتقي في جنة الخورنق
بعد بزوغ الشفق
او في السماء الازرق
سنلتقي ياحياتي
بعد فيراق اليم
فمرحبا بالتلاقي
ووداعا للجحيم

عەلی محەمەد قادر (عەلی بچکۆل)، یەکێکە لەو کەسانەی هاوڕێ و هاوسەفەر و هاوزیندانی خاڵە شەهاب و جەعفەر عەبدولواحید و ئەو برادەرانە بوو کە لە ساڵی ١٩٧٥ چوونە ئێران و لەوێ گیران و بەند کران و پاشان تەسلیمی عیراق کرانەوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لە زیندانەکانی ئێران و پاشان تەسلیمکردنەوەیان بە رژێمی عیراق و بەندکردن و ئەشکەنجەدانیان لە زیندانەکانی ئەمنی سلێمانی و ئەمنی عامە و گرتووخانەی فزەیلیە و ئەبوغرێب تا کاتی لەسێدارەدانیان، ئەو ماوەیە لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵسوکەوت و هەڵوێست و خۆڕاگرییان بووە. لە کتێبەکەیدا (سەختەڕی... لە چەمی ڕەزانەوە تا ترۆپک)، کە تایبەتە بە ژیاننامەی خۆی و گێڕانەوەی یاد و بیرەوەرییەکانی، بەوردی ئاماژەی بەو رۆژگارانە داوە، ئەو بابەت و پەرەگرافانەی پەیوەستن بە یادی شەهید جەعفەر، لێرەدا تۆماریان دەکەینەوە:

تایبەت بـەو کاتەی لە زیندانی سـەقـزدا بەند کرابوون، عەلی بچکۆل لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی:

ئێوارانی زیندانمان تـەرخـان کـرد کە جەعفەر عەبدولواحید دەرسـی زمانی ئینگلیزیمان پێ بڵێت و خۆشمان وەختی پێ دەبەینەسەر، ماوەیەک لە رۆژدا بەوە کاتمان بەسەردەبرد، بەتایبەت لە کاتی هەواخۆری ئێواراندا، بەڵام ساواکییەکان تەنگیان پێ هەڵچنین و ناچار وازمان لە خوێندنی ئێواران هێنا. شەوانیش کۆڕمان دەبەست بە نوکتەی خۆش خۆش و گێڕانـەوەی باسوخواسی رابـردووی عەباسی قەدەمی، چونکە هەموو ژیانی لەزیندانـدا بردبووەسەر چ لەسەر پۆخڵەواتی خۆی و چ لەسەر رابردووی زیندانەکانی کە دیبوونی، سیاسی و کۆمەڵایەتی، ناوبەناویش سەیری فیلمی تەلەڤزیۆنی و ئاهەنگی گۆرانیی کچانی دەنگخۆش و مۆسیقای ئێرانیمان دەکرد.

ل١٠٤-١٠٥

هەڵوێستێکی ئازایانەی کاک جەعفەر

بەبیستنی هەواڵی دانەوەمان بە عیراق، هەنگاوی هاتوچۆمان زیاتر کرد، دوو بە دوو کەوتینە وتوویژ

که چی بکەین؟ چی بڵێین؟ هەڵوێست چی بێت؟ وەڵامی پرسیاری لێکۆڵینەوە لەبەردەمی ئەمندا چی بێت؟ چونکە ئێمە دڵنیا بووین دەکوژرێین، جا کام هەڵوێست راست و نەمرانەیە بیگرین؟

مامۆستای ئازا، جەعفەر، بانگی کردین و لەناوەڕاستی هۆڵەکەدا دەستێکی درێژ کرد نیشانەی پەیمان بەیەکتری دان بۆ ئەوەی کام هەڵوێستمان دەستنیشان کرد و پەسەندمان کرد، پەیمان بدەین لێی پاشگەز نەبینەوە. ئێمەش هەموومان دەستمان خستە سەر دەستی و بڕیارمان دا کە بەرگری لە بیروباوەڕمان بکەین و هەوڵ بدەین کۆمەڵە بپارێزین بە خوێنی خۆمان و هاوڕێکانمان سەربەرز بکەین بە گرتنی هەڵوێستی نەترسانە.

ئێشکچییەکان و ئەفسەرەکان لە کۆبوونەوەی ئێمە و دەست خستنە سەر دەستی یەکترمان سەریان سوڕمابوو، ئەوان لە سەرما خۆیان پێ ناگیرێت، ئێمەش لە ئێوارە زووەوە هاتوچۆ دەکەین، کەچی تازە وەرەمان بەرزتر دەبێتەوە و هەستی خۆشەویستی و وەرەی شۆڕشگێڕی و تەباییمان بەرزتر دەبێتەوە.

خاڵە شەهاب، مامۆستای دنیادیدەی هاوڕێ و برامان وتی: «من پێم چاکە بە کەڵەپیاوی بمرین و سەر بۆ دوژمن شۆڕ نەکەین و خۆمان

شەرمەزاری مێژوو نەکەین، هەڵوێستمان ئەوە بێت بەرگری لە بیروباوەڕمان بکەین بەیەکەوە و یەکدەنگ لەبەردەمی لێکۆڵینەوەدا بڵێین ئێمە (تەنزیم) نین و نە ئابوونەمان داوە بە کەس و نە کەس ئابوونەی داوە پێمان، چاپەمەنی و بڵاوکراوەشمان نەبووە، بەڵام ئێمە شەپۆلێکی بیروباوەڕین (تەیاری فکری)ن، لەناو خەڵکدا هەوڵمان داوە کە خەڵکیی خۆی بە بیروباوەڕی پێشکەوتووانە پەروەردە بکات و دژی سیاسەتی بەزۆر بە بەعسیکردن و بەعەرەبکردن و بەزۆر راگوێزان بن. ئێمە بە خەڵکمان وتووە باشتر خۆتان پەروەردە بکەن بۆ ئەوەی بە ڕێگەی راستدا رابەریی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردایەتی بکەن و لەدەست سیاسەتی چەوتی ئێوە خۆیان ڕزگار بکەن».

خاڵە شەهاب وتی: «من دەڵێم بەرپرسیاری یەکەمی بیروباوەڕەکەم و بە خەڵکم وتووە کە بخوێننەوە. ئێوەش بڵێن ئێمە بەیەکەوە تەنیا کتێبمان خوێندووەتەوە. ئەو برایانەی ئێستاش گیراون و لەژێر دەستی ئەمندان ئێمەش دەناسن و لەگەڵماندا لە سەرکردایەتیدا بوون کە دەممان گەیشتە ئەوان ئاگاداریان بکەین بەدوای ئێمەدا هەمان قسەی ئێمە بکەنەوە».

هەموومان لەسەر ئەوە رێک کەوتین، کە هەندێکمان لە ئێران لە زیندانداا بووین بە ناسیاو و لەسەر دەستپێشخەریی هەڵوێستی ئازایانەی جەعفەر عەبدولواحید و قسە بەنرخەکانی خاڵە شەهاب رێک کەوتین و جارێکی تر بڕیارمان دا و دەستی یەکترمان گوشی بە پەیمانی کوردانە و کردمان بە بەرنامەی کاری زیندان.

ل١١٤-١١٥

بۆ وا بەگرنگییەوە لە ئێمەیان دەڕوانی

کۆمیتەی ئەستێرەی سوور لە ساڵی ١٩٧٤ دروست بووە بۆ سەرپەرشتی رێکخراوەکانی شارەکانی هەولێر، کەرکوک، بەغدا، سلێمانی و شارەکانی تری کوردستانی عیراق.

١. جەعفەر عەبدولواحید لێپرسراوی بوو.

٢. ئەنوەر زۆراب.

٣. ئاسۆی شێخ نوری، ئەندام و لێپرسراوی سلێمانیی کۆمەڵە.

٤. ئیحسان نەجم (ئەبو شەهاب).

ئەبو شەهاب پاش ماوەیەک پەیوەندی کرد بە هێزی پێشمەرگەوە و چووە شاخ، جەعفەر عەبدولواحید سەرپەرشتی شاری کەرکوکی کۆمەڵەی دەکرد.

ل١٢٠

قۆناغی یەکەمی لێکۆڵینەوە لێمان

کاتێک گەیاندینیانە ژێرخانەکەی ئەمنی سلێمانی، لەیەک دایانبڕین و خاڵە شەهاب و عومەری سەید عەلی و فەرەیدون و من لەژووروێکدا بووین، کاک جەعفەر و ئاوات و ئەرسەلانیش لە ژووروێکی تردا بوون، ئەو ژوورەی ئێمەیان تێ فڕێ دا، هەناسەی خەڵکی تری لێ دەهات، هەستمان لێ راگرتبوون و چاوەڕوانی سەدایان بووین، زۆر خۆیان نەگرت و کەوتنە دوان بە زمانی عەرەبی، سەرەتا هێرشیان کردە سەر حکومەت و باسی شێوەی ئازاردانیان دەکرد، دەیانویست تێمان بگەیەنن کە زۆر بێزەمیرن، وردە وردە کەوتنە پێڕابواردنمان، ئێمە چاو و دەستمان بەسترابوونەوە نەماندەدیتن. زۆری نەخایاند یەک دوو پۆلیس هاتن بەدوای خاڵە شەهاب و فەرەیدون و جەعفەر عەبدولواحیددا، ماوەیەکی زۆر نەیانهێنانەوە، هێشتا ئەوان نەگەڕابوونەوە یەکە یەکە ئەوانی تریش بانگ کراین بۆ شوێنی جیا و تەنیا تەنیا قسەیان لەگەڵ کردین و کەوتنە پرسیار و زمانکێشانەوە و هەڕەشەوگوڕەشە. ئێمە هەر چۆن لەسەر ئەوە رێککەوتبووین کە بەرگری لە بیروباوەڕمان بکەین، هەر کەسە لە لای خۆیەوە

بەرگری قارەمانانەی خۆی کرد بێ ئەوەی سڵ بکەینەوە لە دواڕۆژ چی ڕوو دەدات.

کاتێک براینەوە شوێنەکانمان، بۆمان دەرکەوت خاڵە شەهاب و ئەو دوو برادەرەی تریان بردبووە بەردەمی لیژنەیەکی باڵای لێکۆڵینەوە کە پێک هاتبوو لە مونەزەمەی بەعس و مودیریەتی ئەمنی سلێمانی و مەنزومە و حاکمی تەحقیق، کە ئەوسا حاکم عومەر ناوێک بوو کە خەڵکی سلێمانی بوو و لەگەڵ کاک شەهابدا یەکتریان چاک دەناسی، پاشان ئەو لە دەرەوە گێڕابوویەوە کە چۆن ئەم سێ هاوڕێیەمان چوون بەگژ سیاسەتی چەوتی بەعسدا، چۆن ئازایانە بەرگرییان لە بیروباوەڕی خۆیان کردووە و دژی سیاسەتی بەعەرەبکردن و بە بەعسیکردن و ڕاگوێزانی بەزۆر قسەیان کردبوو. بەگشتی بەرگرییەکی باشیان کرد هەروەکوو ئەوەی لەسەری ڕێککەوتبووین، وتمان: «تەیارێکی فکری لە کوردستاندا شەپۆل دەدات و ئێمەش دەورمان هەیە لە هاندانی خەڵکی بۆ خوێندنەوە و خۆپەروەردەکردن بەنیازی خۆڕزگارکردن لەدەست سیاسەتی چەوتی ئێوە، هەر بۆیە بەناچاری کوردستانمان بەجێ هێشت و ویستمان بڕۆینە زەفار و لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ئەوێدا کار بکەین و خۆمان لەم گێژاوەی ئێوە

دوور بخەینەوە، چونکە نەماندەتوانی چاو لەئاستیدا بپۆشین».

پێدەچوو بەرگریکردنەکەمان سەرنجی لێپرسراوانی راکێشابێت، وەها بەبێ ترس و راستگۆیانە قسەمان لە رووباندا دەکرد، گەیشتبوونە ئەو بڕیارەی بمانێژن بۆ ئەمنی عام لە بەغدا و لەوێ شانۆگەرییەکە تەواو بکەن، بۆیە لێمان بێدەنگ بوون.

ل١٢١ - ١٢٢

لە کەرکوک دەرچووین، برادەران قسەیان لەگەڵ جێگری مودیری ئەمنی سلێمانی کرد، کە بەرپرسیاری گەیاندنمان بوو بۆ ئەمنی عام لە بەغدا، لەسەر وەزعی کورد و راستوڕەوایی کێشەی کورد و دیموکراتیەتی گەلەکەمان. لە گازینۆکەی دووزخورماتوو کە لەوێ لایاندابن بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، لەسەر مێزی نانخواردنیش نوکتە و قسەی خۆشی کاک جەعفەر سەرخۆشی کردبووین، چونکە کاک جەعفەر دەوڵەمەندترین نوکتەزان بوو، شتی وەهای بۆ دەگێڕاینەوە کە قەت بەخەیاڵیشماندا نەدەهات، نەک هەر معاون کامیل بگرە ئێمەش پێوەی خڵافابووین. پاش نانخواردن جێگری ئەمن وێستی پارەی خواردنەکە بدات، چونکە مەسرەفی رێگەی

لەسەر بوو، بەڵام برادەران بۆ باشتر جێکردنەوەمان لەدڵیدا، رێگەیان نەدا و پارەکە خۆمان سەرفمان کرد و جارێکی تر بـەرەو بەغدا کەوتینەوە رێ، هـەر لـە پـردە درێـژەکـەی دووزخـورمـاتـوو رەت بووین، ئۆتۆمبێلەکان راوەستان، معاون کامیل پێی راگەیاندین کە «پێش ئـەوەی بتانبەمە ناو شاری بەغدا دەستتان دەکەمەوە و کەلەپچەکان لا دەبەم بۆ ئەوەی لە ئەمنی عام زەختتان زۆر لێ نەکەن»، ئێمە پێمان وابوو درۆی پۆلیسە، بەڵام دەستخۆشەمان لێ کرد و هانمان دا کە شتێکی مرۆڤانەی چاکە و پێی دەزانین.

دنیا تاریک داهاتبوو کە گەیاندیانینە ناو بەغدا و کردیانین بە ئەمنی عامدا، لەپێشەوە بردیانین بۆ (استعلامات)ەکە، کامیل دابەزی سێ چوار ئەمنی بازۆڵە قەوی رەشی بالابەرزی ئێسکگران چاویان لێ زەق دەکردینەوە، کامیل هەستی پێ کردن و وتی: «ئەمانە پیاوی نیشتمانپەروەر و چاکن، قسەی ناشیرین مەکەن لە رووبان» و خۆی کردە ژووری ئیستعلاماتەکە و پاش تۆزێک کاک جەعفەریان بـانـگ کـرد، دوابـــەدوای ئـەو ئێمەش بانگکراینە ژووریکی بچکۆلە، مێزێکی لەبەردەمدا دانرابوو، سـەر مێزەکەی لەژێر شووشە ئەستوورەکەیدا وێنـەی جـوان جـوانـی مـاڵ و منداڵی خـۆی تێدا

دانرابوو، تەلەڤزیۆنێکی رەنگیی کاری دەکرد، ئێمە دەمێک بوو شوێنی ئاوا خۆشمان نەدیبوو، تەواو تەواو سەرنجی راکێشابووین، کابرای سەر مێزەکە لەگەڵ کاک جەعفەردا کەوتبوونە قسەکردنی توند و کاک جەعفەر دیاربوو نوکتەی بەتەنگەدا دابوو، بۆیە کابرای بەرپرسی ناونووسین بەتووڕەییەوە ناوەکانی لێ وەرگرتین و وتی برۆن بیانبەن بۆ شوێنێک هەموو لەشیان جارێکی تر بشکێنن. هەندێک پارەمان لا مابوو، لێیان وەرگرتین و لەوێش ناونووسیان کردین و بە کۆشکەکەدا سەریان خستین، لە یەکەم دەرگاوە و یەکەم پێپلیکانەوە تا گەیشتینە تەختی حەوتەمین قاتی سەرەوە، حەوت دەرگایان لەسەر کردینەوە و لەدواوە لەسەریان دادەخستین.

هەر حەوتمان بەڕیز وەستابووین، پاڵتۆ دڕێژەکان و پێڵاوە نیوجزمە ئێرانییەکان و ریشی دڕێژمان سێتی دروست کردبوو، سەرنجی ئەوانەی رادەکێشا کە بۆ یەکەم جار دەیانبینین، پۆلیسە کلیلبەدەستەکە خەریکی کردنەوەی دەرگا شیشبەندەکە بوو، وەها دروست کرابوو لەمسەریەوە دەرگایەکی شیشبەند و ڕێڕەوێکی یەک مەتر و نیو پان لەنێوانیاندا هەبوو، بە لای راستدا چوار ژووری یەکنەفەری (انفرادي)ی تێدا

بـوو، لـەودیـو دەرگـای دووەمـی رووبـەڕوومـان سالۆنێکی گەورەی تێدا بوو کە (١٥) مەتر پان و (٢٥) مەتر درێژ دەبوو، هێندەی گڵۆپی شیریی تێدا بوو وەکوو دەرەوە وەها بوو، نێوانی شەو و رۆژ تەنیا بە کاتژمێر دەزانرا، لەناو ئەم سالۆنەدا (١٠٠) زیندانیی زیاتری تێدا بوو کە جۆرەها رێکخراو و پارتی سیاسی و کەسانی نیشتمانپەروەر و خەڵکی جۆراوجۆریشی تێدا کۆکرابووەوە. کاتێک هەستیان کرد زۆرەی کلیل دێت، یەک یەک خۆیان لە دەرگاکە نزیک کردەوە، یەک دووانێک هاتن و بەپەلە گەڕانەوە دواوە و هەندێکیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو بۆ سەیرکردن، لەناو ئەوانەدا ئەنوەر زۆراب، ئاسۆی شێخ نوریمان ناسی و دیاربوو ئەوانیش ئێمەیان ناسیبوو، بۆیە هەر بەدەوری یەکتریدا دەهاتن، پۆلیسەکە دەرگاکەی کردەوە، جارێکی تر وەستاین تا دەرگای دووەمیان لەسەر کردینەوە، باشتر بۆمان ڕۆشن بووەوە کە زۆربەی هاوڕێکانمان لەوێن. کاتێک پۆلیسەکان دەرگاکەیان کردەوە و ئێمەیان کردە سالۆنەکەوە، زانیمان هەڵەیەکی گەورەیان کردووە، بەڵام بواریێکی مێژووییمان دەست کەوت. خێرا برادەران دابەشیان کردین بەسەر جێگەکانی خۆیاندا و بەپەلە ئێمە ڕاوبۆچوونی خۆمان بۆ باس کردن لە بابەت ڕووبەڕووبوونەوەی لێکۆڵینەوەی

ئەمن و هەروەها ئەوانیش قسەیان بۆ کردین لە بابەتە جۆراوجۆرەکانی لێدان و لێکۆڵینەوە و پێویستییەکانی رۆژانی بردن بۆ لێدان و بۆشیان باس کردین کە چییان وتووە لەسەر ئێمە و لەسەر خۆشیان. ئێمەش ئاگادارمان کردن ئەوانیش لە کاتی بانگکردن بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێمە بڵێن ئێمە لەترسا قسەمان کردووە، ئەگینا ئێمە ڕێکخراومان نییە و تەنیا کتێبخوێندنەوە لەنێوانماندا هەبووە. بەکورتی، تەگبیر و ڕای چاکمان کرد، چونکە دڵنیا بووین تا لێکۆڵینەوەمان تەواو نەبێت ناهێڵن لێرە بین. برایان بەپێویستیان زانی یەکی یەک دەستەسڕمان بدەنێ بۆ ئەوەی کاتێک بردیانین بۆ لێدان چاومانی پێ ببەستینەوە، چونکە ئەگەر هەر کەس پەڕۆی چاوبەستنەوەی خۆی پێ نەبێت، بۆ ڕووخاندنی دەروونی زیندانییەکە بە پەڕۆیەک کە لە پیسایی وەردەدرا چاوی پێ دەبەستراینەوە.

برایان ئامۆژگارییان کردین «لەکاتێکدا فەلاقەیان کردن، کە هێنایاننەوە شوێنی خۆتان هەندێک لەسەری بجوواڵێن بۆ دەرچوونی هەوای پێوپلتان و هەرکات کە پۆلیس هاتە لاتان داوای حەبی ئازار بکەن، چونکە ئازارەکانی پاش لێدان مرۆڤ هەراسان دەکات ئەگەر حەب و دەواتان لا نەبێت دووچاری دەردەسەری دەبن».

وەکوو وتمان، ئەو ئێوارەیەی کە گەیشتینە (ئیستعلامات)، کامیل دەوری بینی و رێکەوت وەهابوو ئێوارەی پێنجشەممە بوو، بۆیە تەنیا رۆژی هەینی دەستیان لێ نەداین و هەر لەناو خەڵکەکەدا ماینەوە و هەرچی بەبیرماندا هات لە بابەت دواڕۆژی لێکۆڵینەوە قسەمان کرد.

ئێوارەی شەممە، ئیبراهیم عەلاوی، لێپرسراوی بەشی دووی ئەمن (الشعبة الثانية) کە بەشێک بوو دانرابوو بۆ لێکۆڵینەوە لە پارت و رێکخراو و کەسانی چەپ و مارکسییەکانی کوردستان، هاتە ژوورەوە و ناوەکانی ئێمەی بەدەستەوە بوو، نەڕاندی وتی: «چ سەگبابێک ئێوەی هێناوەتە ئێرە». بڕیاری دا خێرا لەوێ دەریان کردین و بردیانین بۆ ژوورە تەنیاییەکان یەک یەک و دوو دوو.

وەها رێک کەوتبوو خاڵە شەهاب و جەعفەر و فەرەیدون خرانە ژوورێک، ئەرسەلان بایز دوور خرایەوە بۆ ژوورێک دەنگی ئێمەی نەدەگەیشتێ، عومەری سەید عەلی و ئاوات عەبدولغەفور و من خرانە ژووری یەکەمی نزیکی سالۆنەکەوە، دەنگی ئێمە و خاڵە و ئەوان بەئاسانی دەگەیشتە هاوڕێیانی سالۆنەکە.

شەوی شەممە بوو، پیاوە باڵابەرزە قەڵەوە دێزەکە لەگەڵ مەفرەزە ئەمنەکەی لەگەڵیدا بوون،

هەر حەوتمانیان برد بۆ شوێنی لێدان و لێکۆڵینەوە، سەرەتا لە هەیوانێکی بچکۆلەدا رایانگرتین، دەستیان کرد بە چاوبەستنەوە، هەموومان دەستەسڕمان دەرهێنا و ئەوانیش توند چاویان بەستینەوە و هەریەکە دەستێکیان کەلەپچە کردین و سەرەکەی تری کەلەپچەکەیان لە بەرزیی لاوانەی پێپلیکانەکەوە بەستبووەوە و خێرا خێراش ئەمنەکان لەنزیکمانەوە ئاخوئۆفیان دەکرد، دەیانویست بمانترسێنن و بۆ کاتی لێدان ئامادەمان بکەن و بڕووخێین، ناوبەناویش سەری کێبڵێکیان دەهێنا و بەدرۆ دەیانوت: «وریا بن، ئەوە کارەبایە دەتانگرێت».

لەو شوێنە تەنیا گوێت لە لێدان و هاوار هاوار و پاڕانەوەیە، لە هەندێک شوێنیش بۆ خۆیان شریتی دەنگی لێدان و هاوار و دانپێدانانی تەسجیلکراو دەهێنن لێی دەدەن بۆ دابەزاندنی ورەی زیندانیی.

کاتژمێر لە سەروو (١٠)وە بوو، جەعفەر لە لایەک بانگ کرا و منیش لە لایەکی ترەوە.

ل١٢٥- ١٢٨

لەگەڵ هاوڕێکانی ترمان رێک کەوتبووین لەسەر ئەوەی لە کاتی گەڕانەوەمان لە لێکۆڵینەوە، نیشانەی نەدرکاندن ئەوە بێت کە هێنایانینەوە پێبکەنین، بۆیە

کاتێک هێنایانینەوە بۆ ژوورە تەنیاییەکان، خۆم پێ نەدەگیرا، بەڵام بۆ دڵنەوایی هاوڕێکان پێدەکەنیم کە دەموچاوم لە بنی مەنجەڵ رەشتر بوو، چونکە ساغیی تێدا نەمابوو هێندەیان بۆکس لێ دابوو، خۆم پێ نەدەگیرا، پشتم دا بە دیوارەکەوە هەتا پۆلیسەکە دەرگای ژوورەکەی کردەوە.

رۆژگاری زیندان فێری داهێنانی نوێی کردین، بۆ ئەوەی باشتر ئاگاداری هەڵسوکەوت و رووداوەکانی یەکتری بین لە سالۆنەکەدا، هاوڕێکانی ئێمە رۆژی دووانیان هەڵدەستان بە سڕینەوەی سالۆنەکە و ڕێڕەوی نێوانی دەرگاکەی ئێمە و دەرەوەی هەردوو دەرگا داخراوەکەی نێوانمان و دەگەیشتنە نزیکی ژوورەکەی ئەرسەلان، کە ئێمە هەموومان دڵمان لای ئەو بوو، چونکە لەشولارێکی لاوازی هەبوو، لە هەمووشمان منداڵتر بوو، لێی دەترساین لەبەردەمی ئازاراندا دەرنەچێت، ئەو برایانە کە زەوییەکەی ژوورەکانیان دەسڕییەوە، بە دەنگی بەرز قسەیان بۆ خۆیان دەوت و نیازیان ئەوەبوو ئێمە بزانین، ئێمەش کاتێک ئەوان دەهاتنە نزیک، بە سروود یان گۆرانی، رووداو و ئامۆژگاریی لای خۆمان دەگەیاند بۆ یەکتر، شەو و رۆژێک کاک جەعفەر نەهێنرایەوە، کاتێک هاتەوە سیمای بەتەواوەتی گۆڕابوو، لە

کونه بچووکەکەی دەرگای ژوورە تەنیاییەکەمانەوە کە پرتەقاڵێکی گەورەی پێوە نەدەچوو، دەرگای هاتنەرێڕەوەکەمان دەبینرا، کاتێک زڕەزڕی کلیلەکان دەهات، تێکڕای زیندانییەکان دڵیان دادەخورپا و دەکەوتنە روانینی ئەو رووداوە، زڕەزڕ هات، سەرنجمان دا کاک جەعفەر هێنرایەوە، خۆی بەپێوە پێ نەدەگیرا، شێرئاسا خۆی دایە پاڵ دیوارەکە و پێکەنینەکەی بۆ هاوڕێکان کرد، چووە ژوورەوە خۆی هەندێک بێدەنگ بوو، فەرەیدون بە دەنگی بەرز وتی: «هیچ نییە هیچ».

کات خۆی دابوو لە ١ی شەوی دووەم، جەعفەر سروودەکانی دەست پێ کرد، ئێمە و هاوڕێکانی سالۆنەکەش کە گوێمان لێ بوو، بەڕاستی دەنگێکی خۆش و توانایەکی بێوێنە و شارەزاییەکی تەواوی لە مۆسیقادا هەبوو، چی رووی دابوو، چۆن گاڵتەی بە ئەمنەکان کردبوو، چۆن نوکتەی لەسەر گێڕابوونەوە، کە نیشانەی گێلیی ئەمنەکان بێت، هەمووی پێ وتین. زۆریان لێ دابوو، باسمان کرد ئەو شەو و رۆژە نەیانهێشتووە ساتێک پشوو بدات، یان لێیان داوە، یان پرسیاریان لێ کردووە. سروودەکانی کاک جەعفەر دڵی خۆش کردین.

ل١٣٢-١٣٣

ئەشکەنجەدان بەردەوام بوو

رۆژانە دەیانبردین، هەموو رۆژێک بەجۆرەها شێوەی لێدان و گۆڕینی پرسیار و چەندبارە پرسیارکردنەوە، شتێکی ئەوتۆیان بۆ دەر نەکەوت، ناچار پیاوێکی دینیی ریشدرێژ کە وایان نیشان دەدا لە پارتی دەعوادا کار دەکات، هێنایان و خستیانە ژوورەکەی کاک جەعفەر و خاڵە و ئەوان، پاشان لەگەڵ کاک جەعفەر خستیانە ژوورێکی تەنیا و زۆر وردەووخێنەر بوو، کاک جەعفەرک هاواری لێ هەڵسا، وتی: «ئەم دڕندەیەیان ناردووە بمڕووخێنێت، لێی دەدەم»، خاڵە جوابی دایەوە شتێکی وەها نەکات و دان بەخۆیدا بگرێت و ئەوەندە گرنگیی پێ نەدات. ئەوەندە گرنگییان دەدا بە کاک جەعفەر، چونکە لە کاتی لێکۆڵینەوە چەند ئەوان ئازاری جەعفەریان دەدا، جەعفەریش ئەوەندە گاڵتەی پێ دەکردن و ئیهانەی دەکردن، هەر بۆیە کاتێک لە لێدانیش دەیانهێنایەوە، لە ژوورەکەشدا ئەو ملۆزمەیان بۆ دانابوو.

ل١٣٥

گوێزانەوەمان لە ئەمنی عامەوە بۆ فزەیلیە

پاش (١٥) رۆژێک مانەوەمان لەم ساڵۆنە و لە ئەمنی عام، دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە، بەرەو (فزەیلیە) بردیانین.

(فزەیلیە)ی بەغدا، بریتی بوو لە حەوشێکی بچکۆلەی (٤X١٢)م، ئەم حەوشەیە، حەمامێک و دوو سێ هۆدەی بچکۆلەی تێدا بوو، کە لە کاتی خۆی شوێنی ئەسپەوانەکانی رایزی سەردەمی (مەلیک فەیسەڵ و نوری سەعید) بوو. ژمارەی (٢٠٠ تا ٢٥٠) بەندی تێدا بوو، کە بریتی بوون لە بەشێکی زۆری پارتی دەعوا و ژمارەیەک پارتی بەعسی سەر بە سووریا و چەند برایەکی حزبی شیوعیی عیراق ل.م و هەندێک کوردی کوردستانی ئێران. حەوشەی دووەم، حەوشەیەکی پانوپۆڕی زۆر گەورە بوو، کە شوێنی حەوانەوەی ئەسپەکانی رایز بوو، ئەم حەوشەیە یەک (WC) لەگەڵ ژوورێکی بچووکی (١ بە ٢)م دەبوو، هەتا سەرنج بدەیت، شوێنێکی پیس و پەڵۆس بوو، کە بە کەڵکی حەوانەوەی ناچاریی مرۆڤ نەدەهات، ژمارەی زیاتر لە (٤٠٠) بەندی هەمەجۆری تێدا بوو، کە زۆربەیان کوردی کوردستانی ئێران بوون و لە دەست برسێتی و دیکتاتۆریەتی رژێمی

حەمەڕەزا شا هاتبوونە عیراق بۆ ئەوەی بە ڕەنجی شانی خۆیان تیکەنانێک پەیدا بکەن و بەئاسوودەیی و دوور لە ڕاوەدوونانی ساواکی ئێران بژین، هەندێک کوردیشی تێدا بوو کە ڕژێمی شا بۆ کاری تایبەتیی خۆی ناردبوونی و دەستگیر کرابوون، چەند کوردێکی کوردستانی باشووریشی تێدا بوو، کە پاش هەرەسەکە بوختانی جۆراوجۆریان بۆ دروست کردبوون و خرابوونە ئەم گرتووخانەیەوە بۆ چاوەڕوانیی دادگەیی. باری ژیان لە هەردوو بەشەکەی ئەم زیندانە کاتییەدا، نائاسایی بوو، بەتایبەتی ژیانی زیندانییەکانی حەوشە گەورەکە، هەر زۆر خراپتر بوو، چونکە هێشتا پاشەڕۆی ئەسپەکان و ئاخوڕەکانیان شوێنەواریان دیار بوو، سەرەڕای ئەوەش، چونکە خەڵکەکەی دوور بوون لە کەسوکار و دەرامەتیان نەبوو، ئەوەی پێی دەژیان تەنیا ئەو (کانەیە) ئازووقەیە بوو کە لە ئیدارەی بەندیخانەکەوە پێیان دەدرا بیخۆن، کە ئەگەر نەیخۆن، دەمرن. بۆ نموونە؛ خواردنی هەردوو بەشەکەی بەندیخانەکە یەک سەرچاوەیان هەبوو لە کاتێکدا بەندیی قاپێکی دەبرد چێشتی بۆ تێ بکەن، چێشتچییەکە (عنقرچی) سەری مەنجەڵەکەی لادەبرد، هەتا قاپێکی پڕ دەکرد، بە سەدان مێش خۆیان تێدا سوور دەکردەوە، سەرەڕای پیس و

پەڵۆسی، لە لێنان و تام و چێژدا لەبەر ئەوەی ناچار بووین بە خواردنی، دەبوو جارێکی تریش زەخیرەی ناو چێشتەکە بپاڵێوین و بە شێوەیەکی تر سووری بکەینەوە، ئەوسا کەمێک بە کەڵکی خواردن دەهات، کە ئەویش هەموو کەسێک بۆی هەڵنەدەسووڕا.

ل ١٤٤

ئامادەکردنمان بۆ دادگاییکردن

ئێمە هێشتا بەتەواوەتی شوێنەواری لێدان لەسەر لاشەمان سارێژ نەبووبوو، شوێنی پلایس و سۆندە و کارەبا و پانکە و جۆدۆ و کاراتێ لەسەر سەروچاو و دەست و قاچمان لانەچووبوو، هەرچەندە رۆژگارێک وەکوو مار چۆن کاژ فڕێ دەدات، ئێمەش ئاوها پێستی نوێمان هەڵ دەدا، ئاگادارکراین کە ئامادە بین بۆ دادگاییکردن، بەڵام کە سەرنجی سەروچاو و لاشەیان دەداین شوێنی ئازاردانی پێوە دیارە، چەند رۆژێکی تر دوایان خست. ئێمە زۆرمان ئارەزوو دەکرد زووتر بمانبەن بۆ دادگاییکردن، چونکە لەو ماوەیەدا کە لە (فزەیلیە) بووین، چەند جارێک خزم و برا و کەسوکار و هاوڕێیانی کۆمەڵە سەریان لێ دابووین و برایانی کۆمەڵە، رێکخراوی کەرکوک و بەغدا نەخشەیەکیان بەدەستەوە بوو، کە کاتێک

ئیمەیان برد بۆ دادگەی بەناوی شۆڕش (محكمة الثورة) هەوڵ بدەن لە ڕێگە لە دەست پۆلیس دەرمان بهێنن، ئیمەش زۆرمان لا چاک بوو، بۆیە هەموو هەستی خۆمان لەگەڵ نەخشەکەی ئەوان جووت کردبوو.

چەند جارێک بردیانین بۆ دادگە، بەڵام بێ هیچ لێپرسینەوەیەک دەیانگێڕاینەوە. ئەمەی باسی دەکەم، دواجاریانە؛ پاش ئەوەی زانییان زامەکانمان شوێنەواریان کەم بووەتەوە لەسەر دەموچاو و لەشمان، ڕۆژی بردنیان بۆ دیاری کردین و عەسرێک سەعات (٤)ی ئێوارە، دەرگای زیندانیان کردەوە و بەپێی لیستی دەستیان یەکە یەکە بانگیان کردین و یەک یەک و دوو دوو کەلەپچەیان کردین و خستیانینە ناو چەند ئۆتۆمبێلێکی پەنجەرەدارەوە و بەرەو دادگەی بەناو (شۆڕش)، کاروانەکەمان بەناو کۆڵان و شەقامی پێچاوپێچدا لەسەرخۆ و بەهۆشیاریی هەنگاویان دەنا. ئیمەش بە هەموو لایەکدا چاومان دەگێڕا بۆ ڕووداوێک، بەڵام کاتێکمان زانی لە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی دەرگا بچکۆلەکەی خۆرئاوای دادگە خۆمان بەدی کرد، تا دەهات ئۆتۆمبێلەکان لەسەرخۆتر دەبوون و دەڕۆیشتن، ئیمە چونکە چاومان دەگێڕا، خەڵکێکی زۆرمان

زووتر بەدی کرد کە لەمبەر و ئەوبەری کۆڵانەکە و بەردەرگا وەستا بوون و خێرا ناسیمانەوە کە خزم و برا و کەسی خۆمان بوون و هەواڵی رۆژی دادگاییکردنی ئێمەیان زانیبوو، هاتبوون بۆ دیدار، پڵنگئاسا هەڵمەتیان هێنا و هەریەکە و پریاسکەیەک خواردەمەنی جۆراوجۆریان بۆ خستینە ئۆتۆمبێلەکەوە و بە دەنگی نزم دەیانوت «بڕواتان بەهێز بێت» و هەر دەستی خۆیان دەگوشی، پۆلیسەکان نێوانیان کردین و ئێمەیان خێرا داگرت و فڕێیان داینە حەوشەیەکی گەورەی دادگەوە و ئاگامان لە خزمان برا. پاش چارەکێکی تر، ناویان خوێندینەوە و سەرژمێریان کردین و بردیانین بۆ ساڵۆنێکی گەورە کە لە قاتی ژێرەوەی دادگە بوو، هەندێکیش لەوێ رایانگرتین و کەلەپچەکانیان لەدەست کردینەوە و بردیانین بۆ ژێرزەمینێکی سەیروسەمەرە کە بۆ چاوەڕوانی بردنەپێش ئەندامانی دادگەیە.

شوێنەکە هەر کەسێک دەیبینێت بڕوا ناکەم وەسفێکی پڕپێستی خۆی بکات، هیوا دەخوازم هیچ مرۆڤێکی سەر گۆی زەوی بەدیلی ڕێگەی نەکەوێتە ئەو شوێنە، کە تەنیا لەوە زیاتر بەیاددا دێت نەفرەت لە فاشیەت بکەیت و هیچیتر.

ئەم ژێرزەمینە (کوشتارخانە)ی خەڵکە نەک شوێنی داد و دادپەروەری، لە زۆر کۆنەوە دروست کراوە بۆ قڕکردنی مرۆڤ بە تاک و بە کۆمەڵ. شوێنەکە وەها دامەزراوە پانیی (٥ بە ٩)مەترە و بە کەوانەیی لەسەر شێوەی کۆن دامەزراوە و تەنیا دوو کلاوڕۆژنەی تێدایە، لەسەر تەختی حەوشەی سەرەوە کە شێوەی دروستکردنەکەی وەهایە نە لە خوارەوە سەرەوە دیارە و نە لە سەرەوە خوارەوە بەدی دەکرێت، بە پانی و بە درێژی و بە بەرزیی ئەم دیوارە نەخشێنراوە بە مانشێتی دەستی مرۆڤی شۆڕشگێڕ و بێتاوان، بە شێوەیەک نەخشێنراوە کە لە توانای مندا نییە وەکوو خۆی بۆ خوێنەری بەڕێزی بگێڕمەوە، کە چۆن شۆڕشگێڕان و بێتاوانانی کوردستان و عیراق و دەوڵەتانی دەوروبەر حوکمیان بەسەردا دراوە بەناڕەوایی و هەریەکەیان بە شێوەی جۆراوجۆر و بە خەتی جۆراوجۆر و بە زمانی جۆراوجۆر نووسیبوویانن.

ل١٤٥ - ١٤٦

پۆلیسەکان هاتنە دەرگا و بە لیست ناوەکانیان خوێندەوە: «ئەنوەر زۆراب، جەعفەر عەبدولواحید، شەهاب نوری سالّح، تا گەیشتە هەموومان و بە پلیکانە پێچاوپێچەکاندا بەرەو لای (جاروڵلّا عەلاف)

سەرۆکی دادگەی بەناو (شۆڕش) سەریان خستین، یەکە یەکە براینە شوێنی تاوانبار، واتە ناو قەفەسەکە، کە (١٥) کەسێکی دەگرت، پاشماوەی ئەوانی ترمان لە نێوانی قەفەسی تاوانباران و قەفەسی دادوەران وەستێنراین و چەند پۆلیسێک و یەک معاونی ئەمن کە کورد بوو و بۆ گۆڕینی قسەکان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی وەستێنرابوون، جاروڵڵا عەلاف وەکوو ترسنۆکێکی ئازا چەکوشەکەی دا بە میزەکەدا و هاواری کرد: «دادگە» و هەندێک قسەی نابەجێ و ناڕەوا و هەڕەشەوگوڕەشەی کرد، کردینی بە (٣) بەشەوە؛ شەهاب شێخ نوری سالح، بە بڕیاری خنکاندن تا مردن، بە تاوانی پەیوەندیی دەرەوە و هاندانی خەڵکی بۆ خۆڕێکخستن، ئەنوەر زۆراب، بە بڕیاری خنکاندن تا مردن، بە تاوانی ڕەئیس عەسابە و پەیوەندیی دەرەوە، جەعفەر عەبدولواحید، بە تاوانی سەردانی دەرەوە و بینینی جەلال تاڵەبانی و پەیوەندیی دەرەوە و هاندانی خەڵک بۆ خۆسازدان و خۆڕێکخستن، بڕیاری مەرگ و خنکاندن تا مردن.

(٢٢) کەس بە تاوانی کارکردن بۆ خوێندنەوە و خۆسازدان و خەڵک هۆشیارکردنەوە بۆ خۆڕێکخستن، ماوەی (٦) شەش ساڵ زیندانیی بە کارکردنی بەردەوام، (٨) کەس ئازاد کە بەڵگەی تەواو

بەدەستەوە نەبوو، بێتاوان بوون و ئازاد کران، ئێمە ژمارەمان (٣٣) بەندی بووین، کە لەسەر کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان گیرابووین.

خەڵکی زۆربەی شارەکانی کوردستانمان لەگەڵ بوو، جگە لە هەندێک برادەرمان کە لە بەغدا دادەنیشتن و سەر بە رێکخراوی ئەم شارە بوون.

لیستی ناوەکان:

ناوی ئەو هاوڕێ تێکۆشەرانەی کە پێکەوە براینە بەردەمی مەحکەمەی بەناو شۆڕشی بەعسییەکان:

١. شەهاب شێخ نوری.
٢. جەعفەر عەبدولواحید.
٣. ئەنوەر زۆراب.
٤. عومەر سەید عەلی.
٥. دارۆ شێخ نوری.
٦. دکتۆر ئەرسەلان بایز.
٧. عەلی محەمەد قادر (عەلی بچکۆل).
٨. فەرەیدون عەبدولقادر.
٩. ئاسۆ شێخ نوری.
١٠. عوسمان ئەحمەد نەسرولڵا (نانەوا).
١١. ئاوات عەبدولغەفور.
١٢. عەلی حەمە مراد (وەستا عەلی).
١٣. جەبار فەرمان.

١٤. محەمەدی میرزا سەعید (کاکە حەمە).
١٥. سەعدون یەدوڵڵا شەفی (سەعدون فەیلی).
١٦. سەلام محەمەد برزو.
١٧. ئەنوەر حەسەن.
١٨. عەبدوڵڵا رەشید.
١٩. حسێن رەزا رەزا، بۆ جاری دووەمیش گیرایەوە و هەر بەقارەمانی شەهید بوو.
٢٠. فاروق ئەحمەد.
٢١. حاکم ئیبراهیم حەسەن (بلەیغ).
٢٢. خدر عەبدولڕەحمان (سەوزە).
٢٣. کەمال عەلی.

هەموو ئەمانەی سەرەوە لە رێکەوتی ١٩٧٦/٧/١١ بە مادەی (١٧٥) فەقەرەی (٤٠٣)ی یاسای عیراقی، دادگەیی کران و حوکم دران.

(١٠) کەس ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و (١٥) کادری سەرەکی و پێنج کەس لەسەر کۆمەڵە گیرا بوون، دووانیان لە رێکخستنەکانی کۆمەڵەدا بوون و لەبەردەم لێکۆڵینەوە خۆیان گرت و هەر بە بێلایەنی مانەوە و سێ کەسی تریش هەر لە بنچینەدا سەر بە کۆمەڵە نەبوون، بۆیە هەر وا مانەوە و لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیان لەسەر نەبوو، پاش دادگاییکردن ئازاد کران.

پاش بڕیاری دادگە، پۆلیسەکانیان هان دا بمانبەنەوە خوارەوە بۆ هەمان ژێرزەمینی کە پێش دادگاییکردن لێی بووین. هێشتا بەشی زۆری هاوڕێکانمان لە نێوانی ژووری دادگە و پلیکانەکاندا بوون، جەعفەر عەبدولواحید شێرئاسا نەڕاندی وتی: «خۆیان عەسابەن، فاشیستن، پیاوکوژن، ئازادییزەوتکەرن، ئێستا سەروگوێی جارولّلا عەلاف پاش تفکردنە سەروچاوی تێر تێر دەیشۆرمەوە و پاشان چی لە توانایاندایە با دڕێغی نەکەن». سوور هەڵگەڕا بوو، دەموچاوی شەڕی لێ دەباری، چاوە شینە جوانەکانی سامیان لێ دەباری و سیمای بەتەواوەتی گۆڕا بوو، چەند هەنگاوێک خۆی ڕاپسکاند بەرەو ژووری جارولّلا عەلاف، بەنیازی ئەوەی چی لەدەست بێت بیکات و داخی دڵی خۆی بڕێژێت، بەڵام کاک عومەر و ئەنوەر زۆراب و خاڵە شەهاب پێشیان لێ گرت و ڕێگەیان پێ نەدا کە بچێتە ژووری دادگەوە و لەگەڵ خۆیان بەرەو پلیکانەکانیان هێنا، کاتێک هەموو گەیشتینە ژێرزەمینەکە، هەموو بڵاوەمان لێ کرد و ڕوومان کردە دیوارەکە و هەر کەسێک بە مانشێتێکی جیا جیا چەند وشەیەکی نووسیبوو بۆ مێژوو، لەناویاندا ئەم چەند مانشێتە دەخوێنرایەوە:

١. (٣) پاڵەوانی مێژوو، (٣) کەڵەپیاوی هەڵکەوتووی گەلی کوردستان: شەهاب شێخ نوری شێخ سالّح و مامۆستای بلیمەت جەعفەر عەبدولواحید و کرێکاری بازووهەڵکردووی دلێر، ئەنوەر زۆراب، بە تاوانی دڵسۆزیی بۆ گەلی کوردستان، ئا لێرەدا مەرگیان تا مردن لەم کۆشکەدا بەسەردا سەپێنرا.

٢. ئەمڕۆ (٢٣) کوردی تێکۆشەری هاوچەرخ دادگەیی کران بە تاوانی بەشداریی شۆڕشگێڕانەوە، خەباتی رەوای گەلی کوردستان و بڕیاری جۆراوجۆریان بەسەردا داین، ئەمڕۆ جەللادە خوێنڕێژەکان بەنیازی کۆژانەوەی چرای هیوای کوردستان، تاوانێکی تریان کرد و خاڵە شەهاب و جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆرابیان بە مەرگ حوکم دا.

ئەم جارە نەمانتوانی وەکوو سەرەتا نووسراوەکان بخوێنینەوە، چونکە مەترسی ئەوەمان هەبوو لەو برایانە دامانبڕن کە بڕیاری خنکاندنیان بەسەردا دراوە، بۆیە پاش چەند وشەیەک نووسین، چوویینە دەوری خاڵە و مامۆستا جەعفەر و ئەنوەر، داوامان کرد بێبەشمان نەکەن لە ئامۆژگارییەکانیان و ئەوانیش وەکوو ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت و لەسەرخۆ بە خەندەی دڵخۆشی و پەرۆشەوە بۆ دواڕۆژی کۆمەڵە و کوردستان قسەیان بۆ دەکردین و هانیان دەدایـن وا بکەین خوێنی گەشی ئەوان

کەڵکی لێ وەربگرین بۆ باشتر هێنانە جۆشوخرۆشی بزووتنەوەی زیندووی رەوای گەلەکەمان و بەهێزکردنی ڕێکخستنی کۆمەڵە.

خاڵە شەهاب لە کونجێکدا دانیشتبوو لەسەرخۆ نانەبەرەیەکی لەسەر ئەژنۆکانی دانابوو، بابۆڵەیەکی پڕ کردبوو لە خەیار و تەماتە و وردەنانی دەخوارد، هیچ بەوە نەدەچوو هەوالّی خنکاندنی خۆی بەر گوێ کەوتبێت.

ئەنوەر زۆراب و مامۆستا جەعفەر زۆر بەپەلە لە ژوورەکەدا هاتوچۆیان دەکرد و هەریەکەیان چەند هاوڕێیەکی لەملا و ئەولا بوو و قسەی بۆ دەکردن و ئامۆژگاریی بەنرخی خۆیان دەبەخشی بۆ دواڕۆژی خەڵکی کوردستان و بۆ کۆمەڵە. هەندێک هاوڕێی زۆر هەستناسک و بە بەزەیی، سەریان لەسەر ئەژنۆیان دانابوو و فرمێسکی نهێنییان بۆ خاڵە و هاوڕێکانی دەڕشت، بەڵام بەئاشکرا پێیانەوە دیاربوو دەلەرزین و دڵپەڕێشانن. خاڵە شەهاب هەستی پێ کرد و بانگی کردین و وتی: «براینە، ئێمە بە ئارەزووی خۆمان ئەم ڕێگەیەمان هەڵبژاردووە، هەموشمان چاک دەمانزانی ئەم ڕێگەیە دوورودرێژ و دژوارە، راست و رەوایەتی خەباتی گەلەکەمان جۆرەها ئازار و زیندان و زامداری و ئاوارەیی و برسێتی و شەهیدبوونی تێدایە و ئەوجاریش بێباکانە ڕێگەمان

گرتووەتە بەر لە هیچ کۆسپێکی رێگە چاومان نەترساوە».

خاڵە لە زاویەیەکدا لەسەر چیچکان دانیشتبوو و بابۆڵەکەی بە دەستییەوە بوو، لەسەرخۆ پاروویی لێ دەپچڕی و دەموچاوی هیچ شتێکی پێوە دیار نەبوو، خۆ ئەوانەی زۆر لەگەڵ خاڵە ژیاون، دەیانبینی ئەم مرۆڤە کەڵەپیاوە لە ئاخرین هەواڵی مەرگی خۆشیدا بچووکترین گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، لەسەرخۆ وتی: «ئێوە راستییەکان فەرامۆش مەکەن، ئێمە (٣٣) کوردین، ئەوا سێمان بڕیاری خنکاندن دراوین، هەشت ئازاد دەکرێت و (٢٢) زیندان دەبن بۆ ماوەی (٦) ساڵ، بەڵام ئەوە چاک بزانن، زیندان و هەڕەشەوگوڕەشە و خنکاندنی ئێمە نەک نابێتە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلەکەمان لەناو بچێت، بەڵکوو خوێنی ئێمە و گرتنی ئێوە دەبێت بە بەنزین و دەکرێت بەسەر ئاگری خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان و کۆمەڵەدا و دوژمن دەسووتێنێت و کۆمەڵەش بە لەناوچوونی ئێمە و شەهیدکردنمان، زۆر بەهێزتر دەبێت، جا مادام ئەوە بزانین وەکوو راستییەک، بۆ دەبێت فرمێسک بۆ مەرگی خۆمان هەڵڕێژین؟»

وتی: «من بەشبەحاڵی خۆم هیچ پەشیمان نیم لەوەی کە پێی هەڵساوم، بەڵکوو زۆر بە راستوڕەوای

دەزانم و داواش دەکەم ئێوەش لەجیاتی فرمێسک هەڵڕشتن بۆ ئێمە، هەوڵ بدەن لەمەولا کەڵک لە رابردوو وەربگرن و هاوکاریی هاوڕێکانی کۆمەڵە بکەن بۆ ئەوەی بتوانن رێکخستنەکەمان بەهێزتر بکەن تا گەلەکەمان و نیشتمانەکەمان لەدەست سیاسەتی بەزۆر بەعەرەبکردن و بە بەعسیکردن و بەزۆر کۆچپێکردن لە کوردستانەوە بۆ عەرەبستان رزگار بکەن، ئێوە پێویستە بەهیمەت بن و بژین ژیانێکی کەم، بەڵام بە کەڵی بژین، واتە کەم بژین، بەڵام کەڵ بژین، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی خزمەتکردن و رزگارکردنی گەلەکەمان».

وتی: «ئێمە بە خەڵک و هاوڕێکانی خۆمان دەوت پێویستە خۆگر بن، ئازا و چاونەترس بن، ژیانی خۆتان بکەنە قوربانیی خەڵکی، ئەی بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی و هاوڕێکانی خوار خۆمان رەوا بێت، بۆچی بۆ خۆمان وا نەبێت؟ بۆیە من شانازیی دەکەم خوێنی ئێمە و گرتنی ئێوە ببێتە هۆی گەورەبوونی کۆمەڵە و کۆمەڵە بتوانێت میللەت لەم رۆژە رەشە رزگار بکات». خاڵە، هەموومانی گەرم کردەوە و وەهای لێ کردین فرمێسکەکانمان وشک بکات و وەرەمان زۆر بەرز بێتەوە و بڕیاری خنکاندنی ئەوانمان لەبیر بچێت. کاکە ئەنوەر و مامۆستا جەعفەریش بەخەندەوە و بە ئامۆژگاریی بەهێزەوە کە بۆ زۆربەی هاوڕێکانمانیان

کردبوو و خێرا خێرا دەهاتن و دەچوون، هیچ بەوە نەدەچوو زیندان بین و بەتەمای ئەوە بین پۆلیس راپێچمان بکات، هەر لەو رۆژەشەوە، وشەی (کەم بژی و کەڵ بژی) بوو بە دروشمی هاوڕێکانمان و تێکڕای رۆڵەکانی گەلەکەمان.

پۆلیسەکان هاتن (٣) کەلەپچەیان بەدەستەوە بوو، خاڵە و مامۆستا و کاکە ئەنوەریان کەلەپچە کرد و خستیانننە ئۆتۆمبێلێکی جیاوە، (٨) برادەریش ئازاد بوون، (٢٢) کەسیش بە دوو ئۆتۆمبێل بەرەو گرتووخانەی (ئەبوغرێب) لە کاتژمێر ١ی شەودا لە دەرگایەکی تری دادگەوە بردیانین.

لە کاتێکدا گەیشتین بە (ئەبوغرێب)، خاڵە و جەعفەر و ئەنوەریش لەگەڵ ئێمە دابەزین، بەڵام لە ساڵۆنێکی زۆر درێژی زیندانەکە، هەردوو لامانیان راگرت تا بڕیاریان وەرگرت چیمان لێ بکەن، پاشان خاڵە و ئەنوەر و جەعفەریان بەرەو ژوورەکانی خنکاندن برد، ئێمەش بە پێچەوانەی رۆیشتنی ئەوان بۆ شوێنێکی چاوەڕوانی دابەشکردن براین، خاڵە و ئەنوەر و جەعفەر، رێگەکەیان نەدەبڕی و هەر ئاوڕی ئاخرین دیداریان دەدایەوە لە ئێمە و هەر دەستیان بە زنجیرەوە هەڵدەبڕی بۆمان، ئێمەش تێکڕا رووەمان تێ کردن و تا لە چاومان ون بوون،

دەستمان هەڵبڕی و بە چاو و دەم و دەست و هۆشەوە لەگەڵیان ڕێمان دەکرد، پۆلیس لە نێوانی هەردووڵامانەوە زۆریان هەوڵ دا سۆزی نێوانمان بپچڕێنن، بەڵام نەیانتوانی، تا ئەوان گەیشتنە ژوورەکانی چاوەڕوانیی جێبەجێکردنی بڕیاری خنکاندن و ئێمەش براینە ژووری چاوەڕوانیی دابەشکردن.

ل١٤٨-١٥٣

ماوەی چەند مانگێک ئێمەیان لە زیندانی (الثقیلة) دا هێشتەوە، ڕۆژانە دەڕۆیشتین بۆ نەخۆشخانە بۆ ئەوەی هاوڕێکانی ژووری ئیعدام کە دەهێنران بۆ نەخۆشخانە بیانبینین، زۆر جار ڕێک دەکەوت چاومان پێیان بکەوێت و کاتێک دەگەیشتینە یەکتری خێرا ڕوومان دەکردە یەکتری و قسەمان دەکرد بۆ ئەوەی خاڵە و هاوڕێکانی تێمانبگەن، چونکە پۆلیسەکان نەیاندەهێشت کەس قسەیان لەگەڵدا بکات، وەها نەبوایە سوودمان لە یەکتری نەدەبینی، هەر لەبەر خۆمانەوە قسەمان بۆ دەکردن و پاش هەواڵپرسین، داوامان لێ دەکردن ڕۆژانە ئەگەر کرا یەکێکیان بێت بۆ نەخۆشخانە هەر چاکە، بۆ ئەوەی ئاگاداری وەزعیان بین. بەڕاستی ڕۆژگارێکی زۆر

تاڵ و ناخۆش بوو، خۆشەویستترین هاوڕێ و برامان لێ دابڕا بوو و نەماندەزانی دواڕۆژیان چی بەسەر دێت. جار جار لە نێوان خۆمان قسەمان دەکرد و دڵمان بەوە خۆش دەکرد؛ خاڵە شەهاب پیاوێکی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕی ناسراوە لە لای ڕێکخراوەکانی فەلەستینی و ڕەنگە هەڵوێستی ڕاست بگرن و داوا لە ڕژێمی عیراق بکەن بۆ ئازادکردنیان، سەرەڕای ئەوەش، دڵمان بە مام جەلال و برایانی دەرەوە خۆش بوو، کە هەرایەکی گەورەیان بۆ دروست بکەن و ببێتە هۆی ئازادکردنی برادەرەکانمان لە ژووری خنکاندن، هەر لەو کاتەشدا خزمان و برادەرانی ڕێکخراوی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر، خەریکی دۆزینەوەی خەڵکی نزیکی ڕژێم بوون کە هەوڵی ڕزگارکردنی برادەران بدەن لە ژووری خنکاندن، پێشووتریش بۆ ڕۆژی دادگاییکردنمان پارەیەکی زۆر لەلایەن خزمانەوە سەرف کرابوو و (٣) پارێزەریان بۆ گرتین، بەڵام بەداخەوە نەیانتوانی ئەو (٣) هاوڕێیەمان ڕزگار بکەن.

ماوەیەکیش ڕەفیق پشدەری هاتوچۆی نێوانی خاڵە و جەعفەر و ئەنوەر و کۆشکی کۆماریی کرد، داوای کۆشکی کۆماریی ئەوەبوو خاڵە و هاوڕێکان

نووسراوی پاشگەزبوونەوە و داوای بووردن بکەن، ئەوسا حوکمەکەیان دادەبەزێنن. خاڵەش هەرچەندە پیاوێکی زۆر بەئەدەب بوو، قەت قسەی ناشیرینی لە دەم دەرنەدەهات، بەڵام ئەوان لەو داوایەی کۆشکی کۆماریی تووڕە بوون و بە رەفیق پشدەرییان وتبوو: «لەمەولا هاموشۆمان نەکەیت و ئێمە نەک هەڵە نین، بەڵکوو دەبێت رژێم داوای بووردن لە ئێمە و گەلەکەمان بکات».

ل١٥٥

کۆستێکی گەورەمان کەوت

یەکێتیی نیشتمانی لە دەرەوە جموجۆڵێکی زۆری کردبوو بۆ ئەوەی ئێمە لەزیندانداا ئازاد بکات، یان لانی کەم گیانمان بپارێزێت، هەر بۆیەش هانایان بردووە بەر زۆر رێکخراوی سیاسی و پیشەیی لە دەرەوە، داوایان لە زۆر سەرۆکوەزیران و سەرۆککۆمار کردبوو ناوی هەموومانیان بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی ئەو رێکخراوە سیاسی و پیشەییانە نامەی داوای ئازادکردنمان بۆ بەغدا بنێرن.

بە سەدان نامە رووی کردە بەندیخانەی ئەبوغرێب ئەگەرچی یەک گونیەی گەورە لە مەکتەبەی (أحکام خاصة)دا بوو، تاکە دانەیەکیان کار پێ نەکرد و نیشانی خۆشمانیان نەدا.

هیوا و بڕوایەکی زۆرمان بە هاتنی جۆرج حەبەش هەبوو بۆ عیراق بتوانێت شتێکمان بۆ بکات و هاوڕێکانی ژووری خنکاندنمان بۆ بهێنێتە دەرەوە، بەڵام ئەو هیوایەش پووکایەوە و خاڵە شەهاب، رابەری لەسەرخۆی بەویژدانی خاوەن بیروبڕوای شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵە و هاوڕێی وشیار و لێزان و زانا و پاراو بە هەموو رۆشنبیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی، چاونەترسی وەک جەعفەر عەبدولواحید و کرێکاری بازوهەڵگراوی خۆنەویستی دەمبەخەندەی وشیاری وەکوو ئەنوەر زۆراب، لە چرکە و کاتی خنکاندندا بوو لە کوردستان و لە دەرەوە لە دڵی هاوڕێکانمان و لە دڵی جەماوەی کوردستاندا دەژیان، رژێم ئەم راستییەی چاک چاک دەزانی، بۆیە ویستی هەنگاوێک بهاوێت کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان بەوە لەناو ببات، ئەویش ئەوە بوو پەلە بکات لە خنکاندنی خاڵە شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر.

ئێوارەی ۲۰\۱۹۷٦/۱۱/۲۱ لە حەوشەی (م۳) لەگەڵ کاکە عەبەی هونەرمەند و کاک عوسمانی نانەوا هاتوچۆمان دەکرد و باسوخواسمان لەسەر رابردووی خاڵە و جەعفەر و ئەنوەر بوو، چونکە بەیانیی زوو ناردبوویان دارۆی شێخ نوری و فەرەیدون چووبوون

بۆ لایان که ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کاتی خنکاندنیان نزیکە، بەپێی قسەی ئەو زیندانیانەی پێش ئێمەش لە (م٣) بوون، کاتی خەڵک خنکاندن لە دنیاتاریکبوونی ئێواران و لە تاریک و رووتی بەیانیاندایە. ئێمە هەمیشە خۆمان بە زەنگیانەچنینەوە خەریک دەکرد، چونکە ڕێگەی خوێندنەوەی شتی چاک کەم بوو، بەڵام ئەو ئێوارەیە دەستمان لە هیچ شتێک نەدا، هەر هەستمان رادەگرت بۆ ئەوەی بزانین چی نوێ دەبیستین، چونکە وەکوو دەیانگێڕایەوە ئێواران لە کاتژمێر ٦ و بەیانیانیش تاریک و ڕوون خەڵکی لە دار دەدەن و سەدای ساجەکان دەگات لە کاتی بەیەکداداندا.

دنیا تاریک بوو، خەڵکی کەم لە حەوشەکەمان بوون، ئێمە هەر هاتوچۆمان دەکرد، لەپڕێکدا زرمەی ساجەکە هات، چەند چرکەیەکی تر وەستا، جارێکی تر لێی دایەوە، ئێمەش وەستاین، هەستمان ڕاگرت، جارێکی تریش سەدای هات، بەوەدا دڵنیا بووین کە ئەو (٣) ڕۆڵە دڵسۆزە، کەڵەپیاوانی مێژوو، لەلایەن جەللادەکانەوە خنکێنران و دڵە مەزنە پڕ لە خۆشەویستییەکەی مرۆڤایەتییان لە لێدان خرا.

نەماندەزانی پێش خنکاندنیان چییان ئامۆژگاری بۆ ناردووین، بەڵام دڵنیا بووین زۆر بە وردە و پاڵەوان و بێباک بوون لەبەردەمی کاتوساتی ئاخرین کۆچیاندا.

بەیانیی فەرەیدون و دارۆ گەڕانەوە بۆ ناومان و هەواڵی خنکاندنی برادەرانیان راگەیاند و ئامۆژگارییە بەنرخەکانی ئەو سێ کەڵەپیاوەیان هێنابووەوە بۆ هاوڕێیان، بەڵام لەبەر سەختیی بارودۆخی زیندان بڵاویان نەکردەوە. جێگەی داخە، دوای ئەو هەموو ساڵەی تێپەڕی بەسەر ئەو کۆستە کەوتووەماندا، ئەو ئامۆژگارییە بەنرخانە و هەڵوێستی بێوێنەی ئەو سێ سەرکردە مەزنەمان لەبەردەستدا نییە تا تۆماری بکەین، هەرچەندە نامەشم بۆ کاک دارۆ نارد بۆم بنووسێتەوە و بۆم بنێرێت، بەڵام تاکوو ئەم کاتەش بە دەستم نەگەیشت، داوای بووردن دەکەم لەو بۆشاییە گەورەیەی ناو کتێبەکە.

زۆر بەداخەوە، کاکە دارۆش پاش بوونی بە لێپرسراو و کارکردنێکی دڵسۆزانە، ئەویش دڵە مەزنەکەی لە لێدان کەوت و ئێمەش تا ئەم ساتەوەختە شتێکمان دەستگیر نەبوو.

ل١٧٣-١٧٤

ئاسۆ نوری رەزا (ئاسۆی شێخ نوری)، یەکێک لە ئەندامە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە، لەو کەسانەیە کە زیندان و ئەشکەنجەدانیان بینی. ساڵی ١٩٧٤ کە کۆمیتەی ئەستێرەی سوور دامەزرا، کاک ئاسۆ دەکرێتە بەرپرسی سلێمانیی ئەو کۆمیتەیە و پاشانیش بووە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە.

لە کتێبی «هەستنامەی زیندان»دا کە لە ئامادەکردنی خاتوو (ئەمیرە محەمەد)ە، ئاسۆی شێخ نووری دەدوێنێت و لە چەند پەرەگرافێکدا ئاماژە بە جەعفەر عەبدولواحید و هەڵوێستەکانی دەکات.

لە مانگی ٩ی ١٩٧٠وە پەیوەندیم کرد بە ریزەکانی کۆمەڵەوە، کاک ئاوات عەبدولغەفور یەکەمین ڕێکخەرم بوو، دواتریش دلێر تاهیرم ناسی. من لە کۆمەڵەدا درێژەم بە خەبات داوە و پلە پلە سەر کەوتووم.

ساڵی ١٩٧٤ کۆمیتەیەک دامەزرا بەناوی کۆمیتەی ئەستێرەی سوور بۆ ڕێکخستنی ناوشار، کە کاک جەعفەر عەبدولواحید بەرپرسی بوو. من بەرپرسی سلێمانی بووم، ئەنوەر زۆراب بەرپرسی بەغدا و خانەقین بوو. ئەبو شەهاب بەرپرسی کەرکوک بوو، هێندەی پێ نەچوو ئەبو شەهاب چووە ریزی پێشمەرگە، بۆیە مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید سەرپەرشتی هەولێر و موسڵ و کەرکوکی کرد.

دوای هەرەس، کۆمیتەی سەرکردایەتی بەهۆی هەندێک گرفتی ناوخۆوە، خۆی هەڵوەشاندەوە و دەسەڵاتەکانی خۆی دا بە کۆمیتەی ئەستێرەی سوور و کۆمیتەکە فراوانتر کرا و کاک عومەری سەید عەلی کرا بە بەرپرسی سلێمانی و کاک عەلی بچکۆلیش کرایە بەرپرسی کەرکوک و سەرپەرشتی ئەو پێشمەرگانەیان پێ سپێردرا کە لە دوای هەرەس تەسلیم بوونەوە.

کۆمیتەی سەرکردایەتی سیان لە کۆنەکانی مانەوە، (خاڵە شەهاب و جەعفەر عەبدولواحید و فەرەیدون

عەبدولقادر) و من و کاک عومەری سەید عەلی و عەلی بچکۆل و ئەنوەر زۆراب بووینە سەرکردایەتی.

ل ٢٠ بۆ ٢١

لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئابی ١٩٧٥ لەلایەن ئەمنی سلێمانییەوە دەستگیر دەکرێت و پاش ماوەیەک دەبرێتە ئەمنی عامە لە بەغدا، سەبارەت بە ڕەوشی زیندان و بینینی خاڵە شەهاب و جەعفەر عەبدولواحید لە زیندانی ئەمنی عامە لە بەغدا، دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

پاش ماوەیەک دەستەیەک لە زیندانیانی سیاسیی شاری سلێمانییان هێنا بۆ لامان، کە بریتی بوون لە: عوسمانی نانەوا، کەمال عەلی، حسێن ڕەزا ڕەزا، فاروق ئەحمەد، مامۆستا حەمەی عەتێ، دکتۆر جەمیل شێخ عەلی و سامی (کە دواتر بە حادیسەی سەیارە مرد).

من پێشتر لەگەڵ عوسمانی نانەوا و کەمالی عەلیدا پەیوەندی ڕێکخراوەییمان هەبوو، بۆیە بەر لە هەموو کەس چوومە لای ئەوان بۆ ئەوەی هەواڵ و دەنگوباسی دەرەوەی زیندان بزانم و تێ بگەم دوای گرتنی من چی ڕوویداوە و ئێستاش هاوڕێیانی دەرەوە چی دەکەن؟

کاک عوسمان کە ئەو دەمە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکان بوو (کۆمیتەی هەرێمەکان لە قۆناغی

یەکەمیدا) پێی وتم: کە هاوڕێیان خاڵە شەهاب و جەعفەر عەبدولواحید و فەرەیدون عەبدولقادر و عومەری سەید عەلی و عەلی بچکۆل، کە هەر پێنجیان ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوون، ڕەوانە کردوون بۆ ئێران و بەنیازی ڕۆیشتنن بۆ سووریا و یەکگرتنەوەیان لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلالدا. دوابەدوای ئەوانیش کاک ئاوات عەبدولغەفور و ئەرسەلان بایزم ڕەوانە کردوون. ئەم هەواڵە زۆر دڵخۆشکەر بوو، بەتایبەتی بۆ من و کاک ئەنوەر زۆراب. ئەم هەواڵە نیشانەی دەربازبوونی کۆمەڵە بوو لەو قەیرانەی کە ئەو سەردەمە تێیدا بوو.

(کاک ئەرسەلان ئەو کاتە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکان بوو، کاک ئاوات عەبدولغەفوریش ئەندامی سەرکردایەتی نەمابوو.)

بەم هەواڵە، کاک دارۆی برای خاڵە شەهابیش زۆر خۆشحاڵ بوو کە خاڵە ڕزگاری بووە.

لە نائومێدی و خەم و ناخۆشیی ژیانی ناو زیندان ڕزگار بووین و کاتەکانی خۆمان بە یاریکردن و گێڕانەوەی نوکتە و قسەی خۆش بەسەر دەبرد.

لە زیندانداا، سجنەکان سوود لە ناوی سەمون وەردەگرن بۆ دروستکردنی پولی دۆمینە. ئەویش بەوەی ناوی سەموونەکە بە تف بشێلن تا جوان جوان نەرم دەبێت و وەکوو قوڕی سناعی لێ

دێت. بۆ رەنگەکانیشی، لە کلێنکسی رەنگاوڕەنگ سوود وەردەگیرا. ئێمە بە پارەی خۆمان هەندێک پێداویستیی رۆژانەی ڕێپێدراویان بۆ دەکڕین، وەک جگەرە و کلێنکس و...تاد.

عەبدوڵڵا رەشید (کاکە عەبە)، هونەرمەندێکی کاریکاتێریست و دەستڕەنگین بوو. لە ناوی سەمون، داشی یاریی شەترەنج و پولی دۆمینەی دروست دەکرد.

برادەرێکم هەبوو هەولێری بوو، ناوی خضر بوو، ئەو زۆری حەز لە خواردنی تەرەپیاز بوو، بۆ ئەوەی بەشی کەس نەدات، دەچووە بەردەم دەرگای تەوالێت و حەمامەکە و دەیخوارد، ئێمە ناومان نابوو (سەوزە).

بەم جۆرە رۆژ و رۆژگارمان بە ڕێ کرد تا نیوەشەوی ١٩٧٦/١/٨.

ئەو شەوە لە محاجەرەکانی دەرگاکەوە سەیرمان دەکرد، لەپڕدا کۆمەڵێک کەسمان بینی هێنایانە ژوورەوە، ئەوانە پاڵتۆیەکی کۆنیان لەبەردا بوو، جامانەیان لە ملەوە پێچابوو. سەروو جووت پێڵاوی لاستیکیشیان لە پێدا بوو. ئێمەش لێیان ورد دەبووینەوە بزانین ئەمانە کێن، لەپڕ یەکێکیان ئاوڕی دایەوە و بە دەست ئیشارەتی بۆ کردین. کە بە دیقەتەوە لێمان روانی، تەماشامان کرد خاڵە شەهابە.

لەو کاتەدا کاک دارۆم لە تەنیشتەوە بوو، سەیرێکی یەکترمان کرد و هەر ئەوەندەمان مابوو ئەژنۆمان بشکێت و لەداخدا رۆحمان دەر بچێت. ئیتر ئەوەندەمان پێ کرا بەئەسپایی بچینەوە سەر جێگەکانی خۆمان. خۆشبەختانە ئەو شەوە دائیرەی ئەمن سەریان لێ شێوابوو، زیندانییەکانیان هێنا بۆ هۆڵەکەی ئێمە، (هەڤاڵان خاڵە شەهاب و عومەری سەید عەلی و جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب و عەلی بچکۆل و ئەرسەلان بایز و ئاوات عەبدولغەفور).

سەرەتا ئەم هێنانەی ئەوانمان بۆ ژووری ئێمە بە پیلانی ئەمن دەزانی، بۆیە خۆمانمان لێ نزیک نەکردنەوە، بەڵام پاش کاتژمێرێک دڵنیا بووین لەوەی کە دائیرەکە کپ و ئارامە، بۆیە چووینە لایان و پاش هەواڵ پرسین، هەریەکەمان کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی دەستگیرکردنی خۆی و ئەو زانیارییانەی کە هەیبوو.

رێکەوت وابوو ئەو شەوە شەوی جومعە بوو، بۆیە ئەو شەوە و شەوی دواتریش هەرچی هەبوو لە بیروڕا و لە پلانی خۆمان بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەزگاکانی ئەمن، ئاڵوگۆڕمان کرد.

تا ئەو کاتە هاوڕێیان لەگەڵ لێکۆڵەرەوەکانی ئەمن لە مناقەشەدا بوون کە پێیان بسەلمێنن ئێمە

حزب نین، بەڵکوو ڕێکخراوین. بەڵام خاڵە شەهاب و هاوڕێیانی تازەهاتوو پێیان وتین کە لەبری ڕێکخراو بڵێین «ئاراستەیەکی فکری بووین و هیچ ئیلتیزامێکی حزبی و ڕێکخراوەییمان پێکەوە نەبووە و پێویستە حاشا بکەین لە دانی ئابوونە و چۆنیەتی شانەبەندی و کۆبوونەوەی مونەزەم و تەنیا تەئکید لەوە بکەین کە کتێبمان خوێندووەتەوە و بیروڕامان ئاڵوگۆڕ کردووە.» ئەم کۆبوونەوەیە وای لە هاوڕێیان کرد ئەگەر شتێکیشیان وتبێت کە زیاتر زیان بە هاوڕێیانی تر بگەیەنێت، لێی پاشگەز ببنەوە.

لەم ساتەوەختەدا خاڵە شەهاب دروشمی «کەم ژیان و کەڵ ژیانی» کردە واقیعێکی بەرجەستە و بووە نموونە و سەرمەشق بۆ هەموو تێکۆشەرانی شار و شاخ.

ئێمە ئیتر زانیاریمان سەبارەت بە چۆنیەتی گرتنیان دەست کەوت کە لە ئێران گیراون و دواتر تەسلیمی مەخفەری پێنجوێن کراون و چۆن ڕەوانەی سلێمانی کراون و پاشان چۆن هێناوياننەتە بەغدا.

بۆ ڕۆژی شەممە کاتێک بەڕێوەبەری ئەمنی بەغدا، نەقیب (ئیبراهیم عەلاوی) دێتە زیندان و ئاگاداری تێکەڵکردنی حەوت کەسەکە دەبێت لەگەڵ هەموو زیندانییەکانی تردا، بەشێوەیەکی ناسروشتی هەڵ دەچێت و بە ڕاست و چەپدا هاوار دەکات و

جنێو دەدات، بەڵام ئێمە تازە کاری خۆمان کردبوو.

ئەوانیان جیا کردەوە و دابەشیان کردن بەسەر ژووری ئینفرادیدا و رۆژانە یەک یەک و دوو دوو دەیانبردن بۆ لێکۆڵینەوە و ئێمەش لە محاجەرەکانەوە چاودێریی هاتوچۆکانمان دەکردن.

کاتێک لە دوای ئەشکەنجە بە نیوەمردوویی دەیانهێنانەوە، کە دەگەیشتنە نزیک ئێمە، بە زەردەخەنەیەک تێیان دەگەیاندین کە بارودۆخەکە بەو جۆرە نییە مەترسی شتێکی لێ بکەین و ئاماژەشیان بە خۆڕاگریی خۆیان دەدا. ئەگەرچی بینینیان بەو حاڵە جێی نیگەرانی بوو، بەڵام وردەی بەرزیشیان ئاماژەیەکی باش و پاڵنەرێکی بەهێز بوو، گوڕوتینێکی زیاتریان دەبەخشییە هەموومان کە خۆڕاگر بین.

بۆ تێگەیشتن لە یەکتر و گەیاندنی هەواڵەکان و رەوتی لێکۆڵینەوەکان، پەنامان دەبرد بۆ ئەو رێگەیەی کە بە گۆرانی لەگەڵ یەکتردا بدوێین. واتا؛ ئەوان دەنگیان هەڵ دەبڕی و بە گۆرانییەوە هەرچییان بوێستایە بە ئێمەیان دەوت، هەندێک لە ژوورەکانی لە ئێمە دوور بوون و گوێمان لە هیچ نەدەبوو، بۆیە ژوور بە ژوور گۆرانییەکە دەوترایەوە تا ئاخر کەس بەباشی گوێی لێ بێت، بۆ وەڵامدانەوەش لەمسەرەوە گۆرانیی دەوترا، بەم چەشنە هەواڵ رەوانەی ئەمسەر و بۆ ئەوسەر دەکرا.

یەکێک لە پاسەوانەکان دیاربوو تێبینی ئەم گۆرانییانەی کردبوو، کە لەم ژوور بۆ ئەو ژوور دەوترێت و لەوسەریشەوە دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی ئەو حەوت کەسەی دوای هاتنەوەیان لە ئەشکەنجەدان گۆرانی دەڵێن، وتی: توخوا ئەمە گۆرانییە؟ یان وتووێژە لە بەینی خۆتاندا دەیکەن؟

ل٣٤ – ٣٨

لێرەدا ئاسۆی شێخ نووری ئاماژە بە وردە و نەبەزینی جەعفەر عەبدولواحید دەکات کە نەک چۆکی بۆ ئەشکەنجەدان دانەداوە، بەڵکوو بەردەوام بووە لەسەر قسەی خۆش و نوکتەکانی.

جگە لەو رووداوە ناخۆشانە، هەندێک جاریش قسەی خۆش دەکرا. یەکێک لەو سجنکراوانە، کە بە قسەخۆش و نوکتەچی بەناوبانگ بوو، مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید بوو. ئەو تەنانەت لەسەر جەللادەکانیش نوکتەی دەکرد.

جەللادەکانیش فێر بووبوون دوای ئەشکەنجەدان، دایان دەنا و داوای گێڕانەوەی نوکتەیان لێ دەکرد. جەللادەکان بۆ ئازاردان و جوولاندنی هەستی، نوکتەیان لەسەر کورد بۆ دەکرد، ئەمیش لەسەر عەرەب و تەنانەت لەسەر جەللادەکان خۆشیان نوکتەی دەکرد.

مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید سەرەڕای ئەوەی کە پیاوێکی خۆشمەرەب و بەتاقەت بوو، تووڕەش دەبوو. کاتێک کە دەنوست، کەس نەیدەوێرا و کەس جورئەتی نەدەکرد خەبەری بکاتەوە.

کاک سەعدون فەیلی، منداڵترین هەڤاڵمان بوو. جارێکیان وتی: من ئێستا کاک جەعفەر خەبەر دەکەمەوە. هەموومان بەیەکەوە پێمان وت نەکەیت خەبەری بکەیتەوە، با لێت تووڕە نەبێت. بەڵام ئەو گوێی بە قسەی ئێمە نەدا و خەبەری کردەوە و وتی: کاک جەعفەر، ئەمانە دەمێکە دەیانەوێت خەبەرت بکەنەوە، بەڵام من ناهێڵم. مامۆستا جەعفەر بەزەردەخەنەوە سەرێکی بادا و نوستەوە.

زۆر دیمەن هەیە مرۆڤ تا لە دەستی نەدات قیمەتی نازانێت و لە جوانییەکانی تێ ناگات.

هۆڵەکەمان زۆر گەورە بوو، چەندین پەنجەرەی بەرزی بچووکی تێدا بوو، شەوێکیان یەکێک مانگی بینی، دەستە دەستە لەو شەوەدا چووین بۆ تەماشای مانگ. ئەو کاتە هەستمان بە جوانیی مانگ کرد کە لەناو پەڵە هەورەکاندا دەردەکەوت.

ئێمە لە محاجەرەکانەوە تەماشای دەرەوەمان دەکرد و لەوپەڕەوە لە دوورەوە ئەو کەسانەمان دەبینی کە دەیانبردن بۆ تەحقیق. بۆیە رۆژانە یەک دوو کەسمان لەبەر محاجەرەکاندا دەوەستا بۆ

چاودێریکردنی بردنی خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی بۆ تەحقیق.

کە دەیانهێنانەوە ئەوەندەیان ئەشکەنجە دابوون، بەزەحمەت بەپێوە خۆیان راگیر دەکرا، بەڵام کە تەماشای محاجەرەکانیان دەکرد و ئێمەیان دەبینی، بەئاستەم سەریان بەرز دەکردەوە و زەردەخەنەیەکیان بۆ دەکردین، بەو مانایەی کە باشن و رەوتی تەحقیقیش بەرەو باشتر دەچێت.

پاش چەند رۆژێک لە تەحقیق و تەعزیبدانی خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی ئەوانیان هێنا بۆ ئەو هۆڵەی ئێمەی تێدا بووین. کە ئەوان هاتن، وەزعی دەروونیی ئێمەش باش و بەرەو باشتر دەچوو. ئیتر دەکەوتینە شەترەنجکردن و گێڕانەوەی قسەی خۆش و نوکتەکردن و هەندێک جاریش گۆرانیوتن.

هەر لەو ماوەیەدا کادیرێکی بەغدایی حزبی شیوعیان هێنایە لامان و ناوی ئەبو ئیبراهیم بوو. ئەم پیاوە زۆر شارەزای ئەدەبیاتی عالەمی بوو، زۆربەی زۆری رۆمانەکانی بە ناوی پاڵەوانەکانیشەوە لەبەر بوو. بە هەمان شێوە کاک جەعفەریش شارەزاییەکی زۆری هەبوو لەسەر ئەدەبیاتی جیهانی، بۆیە زۆر شەو یەکێکیان باسی رۆمانێکی بۆ دەگێڕاینەوە و کە تەواو دەبوو، داوای لە ئێمە دەکرد هەڵسەنگاندن بۆ رۆمانەکە بکەین.

هـەر ئـەم ئەبو ئیبراهیمه شارەزاییەکی زۆری لە یاریی شەترەنجدا هەبوو، ژمارەیەکی بەرچاوی لە هاوڕێیان فێری شەترەنج کرد. لەوانە ئەنوەر حەسەن.

نـەورۆزی ئـەو ساڵەمان لە هۆڵی ئەمنی عامە کـردەوە. ئاگرێکی بچووکمان بـە دەنکە شقارتە کردەوە و هەمووشمان بە دەستەجەمعی سروودی نەورۆزمان وت.

سـەرەتـای مـانـگـی ٤ی ١٩٧٦ هـەمـوومـان گوێزراینەوە بۆ زیندانی (فەزیلیە)، جگە لە مامۆستا حسێن رەزا رەزا.

ل٤٠ – ٤١

رۆژی ١٩٧٦/٧/١١ دیسان هەموومانیان بردەوە بۆ ژێرزەمینەکەی مەحکەمەی سـەورە، لەدواییدا بانگیان کردین بۆ بـەردەم حاکم و هەموومانیان پێکـەوە کـردە قـەفـەزی ئیتیهامەوە. ئەگەرچی کەسوکارمـان دوو محامییان بـۆ گرتبووین و ئامادەی مەحکەمە بوون، بەڵام کەسیان نقەیان لێوە نەهات. داواکاری گشتی حوکمی ئیعدامی داوا کرد بۆ حـەوت هاوڕێکەمان کە لە ئێران گیرابوون و ناردبوونیانەوە ئەمدیو و حوکمی جۆراوجۆریشی داوا کرد بۆ باقیەکەمان.

پاش ئەوەی ئیمەیان بردەوە بۆ ژێرەزەمینەکە و پێیان وتین چاوەڕوانی بانگکردنەوە بن، پاش چەند سەعاتێک بانگیان کردینەوە ژووری مەحکەمەوە و قەراری حوکمیان بۆ خوێندینەوە.

لە بڕیارەکەدا سێ هەڤاڵمان بە ئیعدام حوکم دران (خاڵە شەهاب و جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب). هەشت کەس ئیفراج کران (دکتۆر جەمیلی شێخ عەلی، سەلاح کەرکوکی، حەمەسەعید هەورامی و مەحمود حسێن و چوار فەرمانبەرەکەی کە لەگەڵ کاک ئەرسەلاندا گیرابوون، کە بریتی بوون لە: عەلی مەولود، جەبار حەسەن، یاوەر ئەنوەر و هەینی عوسمان خالید).

(٢٠) هەڤاڵیشمان بە شەش ساڵ حوکم دراین.

پاش خوێندنەوەی قەرارەکە، بردیانینەوە ژێرزەمینەکە و هەموومان لە بارودۆخێکی دەروونیی زۆر خراپدا بووین بۆ ئەو سێ هاوڕێیەمان کە بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووبوو.

سەعدون فەیلی دەستی کرد بە گریان، ئەو بۆ سێ هەڤاڵەکەمان دەگریا. ئەمنەکان وتیان: ئەوە حوکمەکەت چییە؟ وتی: من بە شەش ساڵ حوکم دراوم. ئەو سێ هەڤاڵە، ورەیان زۆر بەرز بوو. ئەوان دڵخۆشیی ئیمەیان دەدایەوە.

پاش ئەوەی تۆزێک هاتینەوە سەر خۆمان، خاڵە شەهاب لە دەوری خۆی کۆیکردینەوە و کەوتە ئامۆژگاریکردنمان و وتی: ئەمە رێگەی خەبات و تێکۆشانە و دەبێت چاوەڕێی ئەنجامەکەشی بکەین. ئەوەی داواتان لێ دەکەم؛ یەکتریتان خۆش بووێت و دڵسۆز بن بۆ رێبازەکەی کۆمەڵە.

پاشان (طبع الاصابع)یان پێ کردین و دواتر کردیانینە لۆرییەکی موقەپەتەوە و بەرەو ئەبوغرێبیان بردین. کە گەیشتین، نیوەشەو بوو. هەستمان بە برسێتی و هیلاکی دەکرد.

لەوێ هەموومانیان خستە شوێنێکەوە، کە پێیان دەوت پێشوازی (ئیستقبال). ئەو شوێنە تەرخانە بۆ ئەو زیندانیانەی کە تازە دەیانهێنن، هەتا ئیشوکارە ئیداریەکانی تەواو دەبێت و دواتر دابەشیان دەکەن بەسەر بەشەکاندا. بۆ بەیانی کە دەوام دەستی پێ کرد، خاڵە شەهاب و جەعفەر و ئەنوەریان لە ئێمە جیا کردەوە و بردیانن بۆ رەدهەی ئیعدام.

ل٤٤ – ٤٥

ئاسۆی شێخ نوری دەربارەی کۆتا رۆژەکانی ئەو سێ قارەمانە لە ئەبوغرێب و رۆژی لەسێدارەدانیان، بە دڵێکی پڕەوە دەڵێت:

هـەرکـەس نـەخـۆش بـوایـە، دەچـوو بـۆ بنکە تەندروستییەکە و سەرەی دەگرت بۆ چوونەژوورەوە. زۆر جار هەوالّمان بۆ هاوڕێکانمان (خالّە شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر) دەنارد کە بەناوی نەخۆشییەوە بێن بۆ بنکە تەندروستییەکە، ئەوانیان بە کەلەپچەکراوی و بە پاسەوانەوە دەهێنا و لە ریزدا دەوەستان، هەر فرسەتمان بهێنایە، بەچرپە هەندێک قسەمان بۆ دەکردن.

لەو ماوەیەی ئێمە لە سجندا بووین، هەڤالّانمان لە دەرەوەی ولّات هەلّمەتێکی باشیان دەست پێ کردبوو لەناو رێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤدا، بۆیە ژمارەیەکی زۆر کارتمان بە پۆستە پێ دەگەیشت، زۆربەی ئەدرەسەکان بەناوی کاک دارۆ و کەمال عەلییەوە دەهات.

ناخۆشترین رۆژمان رۆژی ۱۹۷۷/۱۱/۲۰ بوو. کاتێک لە زیندانداً هەوالّ بلّاو بووەوە کە ئەمشەو تەنفیزی ئیعدام هەیە. ئێمە تووشی دلّەڕاوکێ و پەشێوی بووین، کەوتینە بەدواداچوونی هەوالّەکە و زانیمان هەوالّەکە راستە.

کاک دارۆ و کاک فەرەیدون کەوتنە هەوڵدان بۆ چوونە مواجهەیان، باش بوو رێگەیان پێ دابوون کە بچنە سەردانیان.

هەتا ئێوارە نزیکی کاتژمێری حەوت، برادەرانی جەیشی تەحریری شەعبی بە ئاوێنە لە درزی دەرگاکانەوە چاودێریی راڕەوەکانیان دەکرد بۆ ئەوەی بزانن کێ هاتوچۆ دەکات.

کاک ئاسۆ بەدەم قوڵپی گریانەوە وتی:

کاتژمێر لە حەوت لای دا، دەنگەدەنگ و تەپەی پێم گوێ لێ بوو. برادەرەکان بە خەمباریيەوە وتیان: لیژنەکە هات. چەند ئەفەندییەکم بینی بە بەردەمی بەشەکەی ئێمەدا تێپەڕین بەرەو بەشی سێدارە. ماوەیەکی پێ چوو گوێم لە دەنگی کردنەوەی دەرگاکان بوو، دیسان تەپەی پێ هاتەوە، من و کاکە حەمە هێز لە ئەژنۆماندا نەما و دانیشتین. ئەو برادەرانەی کە چاودێرییان دەکرد، هاتنە لامان و وتیان: خۆتان خۆش بن. وتم: یەعنی چی؟ ئەو چەند ئەفەندییەی بە بەردەمماندا تێپەڕین، هەر بەو ئاسانییە بێ ئەوەی ئێمە دەسەلاتێکمان هەبێت، رۆحی برادەرەکانی ئێمەیان کێشا و رۆیشتن؟

ئەو ساتەوەختە هێندە سەخت بوو کە هەرگیز لەیادم ناچێت. هەر کاتێک باسی بکەم، هەمان ئەو هەستەی ئەو کاتەم دەبێت کە ئەو هەڤاڵانەی من لە سێدارە دران.

ل٥٠ - ٥١

بەشی چوارەم

وتارەکان

- کورتەفیلمەکانی یادەوەری
- جەعفەر عەبدولواحید، سەرکردەیەکی خۆڕاگر و قارەمانی زیندان
- یادێك بۆ سەرکردەیەکی قارەمان
- شەهید جەعفەر عەبدولواحید
- شەهید جەعفەر، میدالّی ئیفتیخاری

کورتەفیلمەکانی یادەوەری

نازەنین عوسمان

بیرەوەرییەکانم سەیرن، نازانم بۆ کاتێک بەتایبەتی بیر لەو خۆشەویستانەم دەکەمەوە کە جێیانهێشتووین، زیاتر ناخۆشییەکان لەبیرمدا سەر هەڵ دەدەن و بەتایبەتییش کۆتا رۆژەکانیان. کەچی رۆژانە کە شتێکی خۆش روو دەدات، پەیوەندییەکی خۆڕسکانە لەگەڵ یەکێک لەو خۆشەویستانەم دروست دەکات و زیندوویان دەکاتەوە لە لام.

یادەوەرییەکانم لەگەڵ خاڵە جەعفەرم زۆربەی پەرشوبڵاون و کورتن، بۆ نموونە؛ گەر یەکێک ببینم لە کاتی پێکەنیندا قسە بکات و کەمێک فس بێت، خاڵم

بیر دەخاتەوە، هەندێک جار بەردەوام وا نەبوو، بەڵام کە پێدەکەنی و پیتی (س) لە وشەکانیدا بوایە، کەمێک فسییەکی تێدا بوو لەو کاتەی قسەکردن و پێکەنین بەیەکەوە. ئێستا کەمتر، بەڵام جاران زۆر زیاتر، پیاوی باریکەڵە و قۆز و چاوکاڵ و قژخاو، خاڵمی دەخستەوە یادم، ئێستا وێنەکانی جێگەیان گرتووەتەوە.

لە پۆلی یەکی سەرەتایی بووم، خاڵم هاتبووە قوتابخانەکەمان و راهێنانی شایی و هەڵپەڕکێی بە خوێندکارە گەورەکان دەکرد، مامۆستا و خوێندکار لەدەوریان کۆ بووبوونەوە، دڵم زۆر خۆش بوو، بە چاوێکی زۆر ئیعجابەوە سەیرم دەکرد و بە هاوڕێکانم دەگوت ئەوە خاڵمە...

ئێستاش هەندێک نوکتە و گاڵتەکانیم لەبیرە، باپیرم بە قسەخۆش و گاڵتەباز ناوی دەرکردبوو، خاڵم زۆر لە باوکی قسەخۆشتر بوو، جگە لە نوکتەکانی باوکی کە هەموویانی دەزانی، نوکتەکانی سەردەمی خۆشی هەموو دەزانی و بە ناوی نوکتەوە چی بوایە پێی دەگوتی.

بە لای منەوە، سەحەری «خارە سێوە»ی لە سێوە خۆشتر دەچڕی، چونکە وشەکانی زۆر بە روونی دەگوت.

لـه ١٩٦٣ دوای ئـەوەی هـەمـوو خەڵکی کۆیە کۆیەیان چۆڵ کرد، ئێمەش لەگەڵ مااڵی مامم چووینە ئەشکەوتێک لە دۆڵە مۆمن، لە دۆخێکی زۆر ناخۆشدا بـووین؛ باوکمـان لـەگـەڵ نـەبـوو، بـۆ چـارەسـەری نەخۆشیی چووبووە بەغدا، دایکیشم تـازە منداڵی بـووبـوو، منداڵەکەش دوای چەند رۆژ مـردبـوو. شتومەکمان زۆر پێ نەبوو، شوێنەکەشمان لەبەر دەمی ئەشکەوتەکە بوو، دایکم شوێنەکەی پێ باش نەبوو، لە ترسی بۆمباران و شوێنە خراپەکەمان، دوای چەند رۆژێـک گەڕاینەوە کۆیە، ئـەو شـەوە خاڵم بەدزییەوە هاتبووەوە، وا دیـاربـوو بـەدوای دایکمدا هاتبێ تا بۆمان ڕێک بخات بچینە بەغدا بۆ لای باوکم، خاڵم ئەو کاتە یان پێشمەرگە بوو، یان دەڕۆیشت بۆ پێشمەرگایەتی. وا دێتە خەیاڵم کارەباماان نەبووبێت، لەبەر فسکەفسکی ئەو و دایکم و ترس لە سەرباز و پشکنینی لەناکاو، نەمدەتوانی بنوم. بەرەبەیانییەکەی بەتاریکیی خاڵم ڕۆیشت و تا ماوەیەکی زۆر نەمدیتەوە، ئەو کاتەی بینیمەوە، لە هەولێر بووین، هاتوچۆی پزیشکی دەکرد، پەردەی گوێی دڕابـوو بەهۆی ئـەوەی لە پێشمەرگایەتیدا تۆپێک لە پەنایدا تەقیبووەوە.

ئەو کاتەی لە پێشمەرگایەتی بوون، لەگەڵ خاڵە خالیدم باڵی چەپی پارتی و مەکتەبی سیاسی بوون

لە ١٩٦٤، زۆر زەحمەتیان چێشتبوو، هەندێک جار هەندێک لەو ناخۆشیانەی بۆ باس دەکردین کاتێک پێشمەرگە بووە لە هەمەدان و ماوەت، بۆ نمونە؛ چۆن پێشمەرگەکان دەمێکبووە نانێکی گەرمیان نەخواردووە و رۆژێک بڕیار دەدەن نیسک لێ بنێن، نیسک دەکڕن، بەڵام مەنجەڵیان نابێت، تەنەکەیەکی رۆنی بەتاڵ لە لای پینەدۆزێک دەهێنن، تەنەکەکە هەمووی ژەنگاوی دەبێت، بەڵام ناچار هەر تێیدا لێی دەنێن، پاش ئەوەی نیسکەکە دەخۆن، سەیر دەکەن تەنەکەکە سپی سپی بووەتەوە و بریسکەی لێوە دێت و هەموو ژەنگەکە چووەتە گەدەی پێشمەرگەکانەوە.

جارێکی تریان لە دێیەکدا دەبن و ئاردیان نابێت، ئاشێکی ئاوی کوێربووەوەی لێ دەبێت، بەڵام ئاوەڕۆکەی گیراوە، دەبێت چاکی بکەنەوە دەنا بێ نان دەبن. گوریس لە پێشمەرگەیەک دەبەستن و رەوانەی خوارەوەی دەکەن تا ئاوەڕۆکە بکاتەوە، پێشمەرگەکە دەچێتە خوارەوە و لە چاوان بزر دەبێت، هاوار دەکات رایبکێشنە دەرەوە، هەر نایهێننە دەرەوە، ئەویش هەر هاوار دەکات و دەکەوێتە جوێن بە پێشمەرگەکان و بە کوردستان، کاتێک دەریدەهێنن دەبینن هەڵپەنماوە ئەوەندە مێشوولەی لێ بووە، خەریکە بمرێت، ناچار رەوانەی ئێرانی دەکەن.

هەر لەو بیرەوەرییانەی کاتی پێشمەرگایەتییەکەی، باسی سەرما و بێنوێنیی دەکرد کە چۆن ئاگریان کردووەتەوە و رایەخیان بەسەر ئاگرەکەدا داوە و لەژێریەوە پێشمەرگەکان نوستوون لەژووری داخراودا و خەریک بووە هەموویان بمرن بەهۆی گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆنەوە. لەگەڵ ئەو هەموو ناخۆشیانەی بینیبوویان لە دەربەدەری و بێشوێنی، باسی ئەوەی دەکرد کاتێک بەشەو لە تاریکیدا لە ئەشکەوتەکان دادەنیشتن و پێشمەرگەکان جگەرەیان دەکێشا، وەسفی جوانیی ئاگری جگەرەکەی دەکرد چۆن لەگەڵ قوملێدان دەدرەوشایەوە و دوای ئەوە خامۆش دەبووەوە و رووناکیی جگەرەکە هەستێکی گەرموگوڕی داوە بەو شەوە. هەندێک جاریش باسی ئەو کچ و ژنانەی دەکرد لە هەندێک گوندی سەر سنوور چۆن تەشقەڵەیان پێ کردووە تا هەڵیان بگرێت، بەڵام خاڵم نەیویستووە.

ئەو ساڵەی خاڵم لە هەولێر دامەزرا، هێشتا ژنی نەهێنابوو و ماڵی دانەنابوو، لە ماڵی ئێمە دەژیا و لەیەک ژووردا بووین، من ئەو کاتە لە پۆلی دوو و سێی ناوەندی بووم، لە وانەی ئینگلیزیدا یارمەتی دەدام و دەرسی پێ دەگوتم و رێنمایی خوێندنەوەی کتێبی دەکردم، هەندێک جار میوانی دەهات و خەریکی کۆبوونەوە دەبوون، لەو کاتانەدا داوای

دەکرد چا و شەربەتیان بۆ ببەم، هەستم دەکرد شتێکی هەستیار دەکەن. بەگشتی بێدەنگ و کەمدوو بووم، ترسی نەبوو قسە بگێڕمەوە. جارێکیان بیرم نییە باسەکە چی بوو، بەڵام تەعلیقێکم لێ دا، جا خاڵم گوتی: «بۆق بگەزی، نەوعی مار نییە. بەوەی نییە وا فەقیر دیارە، لەژێرەوە زۆرزانە».

ئەو کاتەی خاڵە شەهاب لە هەولێر بوو، نازانم بۆ خۆشاردنەوە بوو یان بۆ کاری کۆمەڵە بوو، خاڵم ئەو کاتە مااڵی هەبوو، بەڵام خاڵە شەهاب لە مااڵی ئێمە دەمایەوە. خاڵە شەهاب زۆر حەزی لە چا بوو. رۆژێکیان دیارە کردوومەتە تەمەڵی و تاقەتم نەبووە چای بۆ لێبنێمەوە، کە داوای چای کردووەتەوە ئاوم لە چاکە کردبووەوە و چایەکی رووتم بۆ تێ کردووە، جا بۆ خاڵمی باس کردبوو. خاڵم بانگی کردم و گوتی: «ئەو پیاوە دەبینیت، زۆر چاخۆرە، هەتا خۆی نەڵێت بەسە، چای بەڕەنگی هەر بۆ تێ بکە». ئێستاش هەستی ئەو تەریقبوونەوەیەم و لە دواییشدا هەستی کەمتەرخەمیی گەنجێتیم بیر ناچێتەوە.

دوای گیرانی خاڵم، زنجیرەیەکی تری ناخۆشییەکان دەستی پێ کرد، مااڵێکی شێواو، خاڵ و مێردی خوشک گیرابوون، برا لە مەنفا بوو، هەرچەندە من

ئەو ساڵە لە بەسرە بووم، بەڵام دوو جار بەتەنیا لە بەسرەوە چوومە مواجهە بۆ بەندیخانە، جارێکیان بۆ بەندیخانەی فزەیلیە و ئەوی تریشیان بۆ ئەبوغریب، خاڵم زۆر دڵخۆش بوو کەوا بوێرانە و بەتەنیا چووم. لە بەسرە بەقاچاخ جگەرەی رۆسمان دەفرۆشرا کە لە کوەیتەوە دەهات، جگەرەم بۆ دەبردن.

ئەو کاتەی کە خاڵم بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبوو، لەگەڵ باوکم لە بەغدا بووین و دەگەڕاینەوە هەولێر، باوکم زۆر بێتاقەت بوو، گوتی: «خاڵت حوکمی ئەبەدیی بۆ دەرچووە»، راستییەکەی پێ نەگوتم. منیش بەلامەوە سەیر بوو، پێم گوت: «جا بۆ خەمباریت؟ چاک نییە حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرنەچووە، خۆ لەوە دەترسایین، حوکمی ئەبەدی بۆ سیاسیی هیچ مەترسی نییە، هەر رۆژێک بێت بەر بڕیارێکی لێخۆشبوون دەکەوێت، یاخود کودەتایەک روو دەدات و ئازاد دەکرێت»، هەروەها گوتم: «نەک هەر نابێت خەم بخۆیت، بەڵکوو دەبێت دڵت خۆش بێت». نەمزانی راستییەکەی لێ شاردوومەتەوە. کە گەیشتینەوە ماڵ ئینجا زانیم باوکم بۆ وا بێتاقەت بوو.

خاڵم دوای ئەوەی حوکمەکەی دەرچووبوو، لە بەندیخانە بە خاڵۆژنمی گوتبوو کە پشت بە نازەنین

دەبەستێت یارمەتی بدات و جێگەیەکی باش بۆ منداڵەکان پڕ بکاتەوە. بەداخەوە، هێندەی پێ نەچوو منیش لە رێکخراوەکانی کۆمەڵە ئاشکرا بووم، ڕۆیشتم و بووم بە پێشمەرگە و جێمهێشتن، رێباز و ڕەوام درەنگ بینینەوە، کاتێک بینیمنەوە، دوای یازدە ساڵ بوو، گەورە بووبوون، بەداخەوە ئەو هیوایەی خاڵم نەهێنایە جێ.

جەعفەر عەبدولواحید، سەرکردەیەکی خۆڕاگر و قارەمانی زیندان

ئەرسەلان بایز

کاتژمێر ٦ی سەرلەئێوارەیەکی هاوینەی ساڵی ١٩٧٥، بەپێی بڕیار و نەخشەی داڕێژراوی پێشتر؛ سووک لە زەنگی دەرگەکەم دا، هەر هێندە دەرگاکە کرایەوە، قانیعە خانی هاوسەری مامۆستا جەعفەر، بە قژێکی ئاڵۆزکاو، دەموچاو ماندوو، شڵەژاو، یەکەودوو بەچرپە وتی:

- بڕۆ! بڕۆ... خۆت دەربباز بکە! ئێستا دێن دەتگرن. جەعفەر رای کرد، هاتن بیگرن، بەڵام باش بوو لە ماڵ نەبوو.

ئەگەرچی من پێشتر هەواڵی ئەوەم هەبوو ژمارەیەک لە هاوڕێیانمان لە سلێمانی گیراون، بەڵام هێشتا هەواڵی ئەوەم نەبوو کە لە شاری بەغداش هەندێک لە هاوڕێیانمان گیراون. لەوانە: لێپرسراوی ڕێکخستنی بەغدا. بۆیە منیش هەندێک شڵەژام، بەڵام هەرچۆنێک بوو خۆم کۆنترۆڵ کرد و پرسیم:

- باشە... ئەی پێی نەوتی چۆن بتوانم ببینم؟

لە وەڵامدا وتی:

- بڕۆ بۆماڵی مامۆستا عوسمان، بۆ لای نەرمین خان.

شیاوی باسە من پێشتر لە سەردەمی خوێندنی زانکۆ دووربەدوور ناسیاوەتییەکم لەگەڵ نەرمین خان هەبوو، ئەو ساڵانە ئەو دەزگیرانی کاک دارۆی شێخ نووری بوو، دەشمزانی ئەندامێکی کارای کۆمەڵە و یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانە.

ئیتر من ماڵی مامۆستا جەعفەرم جێهێشت. نێوانی ماڵی مامۆستا جەعفەر و ئەوسەری کۆڵانەکە، نزیکەی ٧٠ مەترێک دەبوو، خۆشم لە شڵەژان نەمزانی چۆن ئەو ماوەیەم بڕی، بەڵام زۆرم لەگەڵ ناخی خۆم هەوڵ دا تا ئەوسەری کۆڵانەکە ئاسایی بڕۆم و شڵەژانم پێوە دیار نەبێت؛ نەوەکا لە دوورەوە لەلایەن جاسووسەکانی

ئەمن و هەواڵگریی عیراق چاودێریی بکرێم، بەڵام هەر هێندە گەیشتمە ئەوسەری کۆڵانەکە و ماڵی مامۆستا جەعفەرم لێ ون بوو، ئیتر بە گورگەلۆقە لە شوێنەکە دوور کەوتمەوە. لە رێگەی رۆیشتنم دەمەتەقێیەکی زۆرم لەگەڵ خودی خۆم کرد: چی بکەم؟ بچم بۆ ماڵی مامۆستا عوسمان و لەوێ نەرمین خانی خوشکەزای مامۆستا جەعفەر ببینم و هەواڵی شوێنی مامۆستای لێپرسراوی رێکخراوەکەم بزانم، یان ئیتر سەری خۆم کز بکەم و برۆمەوە ماڵەوە و چاوەڕوانی دۆخەکە بکەم؟

سەرەنجام بڕیارم دا بچمە لای نەرمین خان.

ماڵی مامۆستا عوسمان ئەو سااڵنە لە نزیک (تەجنیدی کۆن) لای مزگەوتی شێخ مستەفا بوو. چوومە بەر دەرگا، بەهێمنی سەیری ئەملا و ئەولای شەقامەکەم کرد، پەنجەم خستە سەر زەنگی دەرگاکە و دام گرت. پاش چەند خولەکێک (یـــاێ)ی دایکـی نـەرمـین خـان هـات و درزێـک دەرگاکەی کردەوە.

- تۆ کێی؟

- من ناسیاوێکی نەرمین خانم، کارم پێیەتی.

- کاری چیت پێیەتی؟

- به خۆی بڵێ! ئەو دەمناسێت.

کاتێک لە درزی دەرگاکەوە سەیری ماڵەکەم کرد، نەرمین خان لای پەنجەرەکەوە سەیری دەرگاکەی دەکرد. ئەو لە دوورەوە منی ناسی، بە دایکی وت: دایکە، من دەیناسم، با بێتە ژوورەوە. چوومە ژوورەوە، هەر بەسەر پێوە هەواڵی مامۆستا جەعفەرم پرسی.

*****

دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥، بەشێک لە سەرکردە و پێشمەرگە و کادیرەکانی کۆمەڵە بە رێبەرایەتی خاڵە شەهابی شێخ نووری، لە رێگەی پێنجوێن - سەیدسادق گەرمیانەوە عیراق، چونکە باوەڕمان وا بوو خەبات لە ناوەوەی وڵات و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی خۆمان دەکرێت نەک لە هەندەران. ئێمە و سەدان پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول، بە زیلی سەربازی گواستراینەوە یاریگای سلێمانی، لەوێ بە هەر شێوەیەک بوو لە یاریگاکە هاتینە دەرەوە. بۆ بەیانییەکەی من پێوەندیم بە (تەجنید)ی سلێمانییەوە کرد بۆ ئەوەی بڕۆمەوە بۆ تەواوکردنی سەربازی. دوای دوو رۆژ مانەوە لە سلێمانی، لەگەڵ دەیان سەربازی راکردووی تر گواستراینەوە بۆ بەغدا،

بەڵام پێش گواستنەوەمان بە خاڵە شەهابم وت دوای گەڕانەوەم لە سەربازی، چۆن پێوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە بکەم؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: لە هەر کوێ گیرسایتەوە ئاگادارمان بکەوە. دوای مانگێک لە سەربازی، گەڕامەوە هەولێر و لە کۆمپانیای پەلەوەری هەولێر دامەزرام. دوای ١٥ ڕۆژێک زەنگی تەلەفۆنی ژوورەکەمان لە کۆمپانیا لێی دا، یەکێک لە فەرمانبەرەکان وتی: تۆیان دەوێت. کاتێک ئامێری تەلەفۆنەکەم هەڵ گرت، قسەکەرەکەی ئەوسەر بەبێ ئەوەی ناوی خۆی بڵێت، وتی: من لەلایەن خاڵە شەهابەوە راسپێردراوم قسەت لەگەڵ بکەم. منیش یەکسەر تێگەیشتم. بۆ ڕۆژی پاشتر لە قاوەخانەی (عەبۆ) کە دەکەوتە ناوەڕاستی شار و قاوەخانەیەکی قەرەباڵغ بوو، یەکترمان بینی. دوای چاخواردنەوەیەک بە یەکەوە، هەڵساین و بەرەو گەڕەکی تەیراوە بۆ لای ماڵی خۆیان بە ڕێ کەوتین. کە چووینە ماڵەکەیان و دانیشتین، مامۆستا جەعفەر خۆی پێ ناساندم. ئینجا بانگی قانیعە خانی خێزانی کرد و پێی وت: ئەمە فلانە و دەبێتە کوڕی ماڵەکەمان، هەر کات و ساتێک هات متمانەی پێ بکە. دوو منداڵی وردەڵەش (ڕێباز، ڕەوا) لەوسەری ژوورەکەوە خەریکی یاری

بوون. ئیتر لەو رۆژە بەدواوە مامۆستا جەعفەری مامۆستای زمانی ئینگلیزی، وەکوو ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی هەولێر، کۆبوونەوەی پێ دەکردین. شیاوی باسە، کاک ئیحسان کەرکوکی کە پێشتر کرێکاری کۆمپانیای نەوتی کەرکوک بوو و بە (ئەبو شەهاب) ناسرابوو، ئەندامی کۆمیتەکە بوو.

نەرمین خان کچێکی منداڵی لەگەڵ ناردم بۆ لای مامۆستا جەعفەر، چەند کۆڵانێک لە پشتی ماڵی خۆیان لە گەڕەکی بیرێژیان (کە خانووەکانی هەموو قوڕ بوون)، من لە دوای منداڵەکەوە رۆیشتم تاکوو منی بردە بەر دەرگای ماڵێک و تەق تەق لە دەرگاکەی دا. ژنێکی بەسااڵچوو، پشت کۆماوە، دەرگاکەی کردەوە، من چوومە ژوورەوە و منداڵەکە گەڕایەوە. لە پەنجەرەیەکی بچووکەوە مامۆستا جەعفەر بانگی کردمە لای خۆی، ژوورێکی بچووکی دوو بە سێ، شێدار، بنمیچ نزم، مامۆستا لەسەر التەختێک دانیشتبوو و دەمانچەیەکیشی بە رووتی لە لای دەستی راستی خۆی دانابوو، پیاوێکی بە وەرە، بێمنەت لە دوژمن. هەر بەپەلە هەموو رووداوەکانی بۆ باس کردم. دوای چەند خولەکێک ئەوم جێهێشت.

******

ئیتر له مامۆستا جەعفەر دابڕام، دوای دوو مانگ له زیندانی شاری (سەقز) له کوردستانی رۆژهەلات یەکترمان بینییەوە. ماوەی یەک مانگ لەوێ بەیەکەوە بووین. ئەو ماوەیە زیاتر له پێشوو کەسایەتی گەورە و رۆشنبیر و شۆڕشگێڕیی ئەو پیاوەم بۆ دەر کەوت. له ئێوارەی رێکەوتی (١٩٧٥/١٢/٣١) رادەستی رژێمی عیراق کراینەوە، ئیتر ماوەی حەوت مانگ له ئەمنی عامەی بەغدا و زیندانی (الفضيلية) لەگەڵ (٢٧) هاوڕێی تر بەیەکەوە بووین.

ماوەی دوو مانگ لە ئەمنی عامەی بەغدا ژوورەکانمان لە تەنیشت یەکتر بوو، دەزگای ئەمنی عامە زیاتر لە هەموو هاوڕێیانی تر ئازار و ئەشکەنجەی مامۆستا جەعفەریان دا. هێندەیان لێ دەدا مامۆستا نەیدەتوانی لە ژوورەکەی هەڵسێتەوە و خواردن وەربگرێت، بۆیە ئەمنەکان دەرگاکەیان دەکردەوە و خواردنەکەیان لە ژوورەوە بۆ دادەنا. لەگەڵ ئەو هەموو ئەزیەت و ئازارەش، شەوان لە رێگەی ئەو پەنجەرەیەی لەسەر سەرئاوەکەی هاوبەشی هەردوو ژوور بوو، قسەی لەگەڵ خاڵە شەهاب دەکرد. گەلێ جاریش بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانییەکانی (عەبدولوەهاب)ی بۆ دەوتینەوە، هەتا بڵێی دەنگی خۆش بوو.

کەسێکم نەدی هێندەی ئەو خۆڕاگر و بە وڕە بێت. لە کاتی لێکۆڵینەوە، جۆرەها نوکتەی لە دژی ئەمنەکان دەوت. سەرەنجام بە سەربەرزیی چووە سەر پەتی سێدارە و هوتافی بە کۆمەڵە و دژی بەعسی لێ دا و بۆ گۆلمە خوێنێک پاکانەی نەکرد. سەربەرزانە شەهید بوو، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی گشت شەهیدان.

یادێك بۆ سەرکردەیەکی قارەمان

سەعدون فەیلی

ئەوەی راستیی بێت، من پێش ئەمن و گرتن و زیندان، مامۆستا جەعفەر عەبدولواحیدم نەناسیوە و هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانی و حزبیم لەگەڵی نەبوو، ئەو خەڵکی کۆیە بوو، لە هەولێر ژیاوە و منیش خەڵکی بەغدا بووم و لەوێ ژیاوم، بەڵام ئەوەی کە دێتە بیرم؛ شەوی ٤ لەسەر ٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ بوو، کە شەوی پێنجشەممە لەسەر هەینی بوو، ئێمە لە هۆڵی ئەمنی گشتی بووین، من لەوێ راگیرابووم، دەرگای هۆڵەکە کرایەوە حەوت کەس

کرانه ژوورەوە، پاڵتۆیان لەبەردا بوو، جامانەیان بەسەرەوە بوو، چونکە زستان بوو.

دیاربوو هەموویان لەسەر یەک بابەت گیرابوون، هاوڕێیەکم کە لەسەر هەمان بابەت گیرابوو، لە تەنیشتم نوستبوو. لەو حەوت کەسە من هیچیانم نەدەناسی، هەڵمساند وتم: «هەستە بزانە ئەمانە کێن؟» هەستا کەمێک رامـا و وتـی: «ئەمانە هەموویان سەرکردایەتیی کۆمەڵەن»، منیش وتم: «چی؟ سەرکردە!»، وتی: «تەواو، ئەمانە هەموویان سەرکردایەتی کۆمەڵەن و هەموو شت تەواو بوو»، ئیتر گەڕایەوە و خەوتەوە.

ئەمنەکان لە سلێمانییەوە ئەوانیان هێنابوو بۆ بەغدا، برادەرانی دیکە لە زیندان کە لەگەڵمان بوون وەکوو (ئەنوەر زۆراب، کاک جەبار) دەیانناسین، بەبۆنەی خـواردن و نـان درەنگی شـەو چوونە لایـان. من هـەروا بەلایاندا رۆیشتم، نەمدەناسین، تا بەیانییەکەی شەونخونیمان کرد لەگەڵیاندا. من دەمزانی ئەمانە برادەرانی خۆمانن لە دیوی ئێرانەوە گیراون و رەوانەی عیراق کراونەتەوە.

بەیانییەکەی زوو شەبەق هاتن، هەموویانیان کـۆکـردەوە و بـردیـانـن بـۆ ژووری لێکۆڵینەوە، بەرپرسی ژووری لێکۆڵینەوە پیاوێک بـوو رائید بـوو، نـاوی ئیبراهیم عـەلاوی بـوو، دوایـی زانیمان

پێی ناخۆش بووە کە بەر لە لێکۆڵینەوە ئەو کەسانە لەگەڵ هاوڕێکانی خۆیان دانراون.

بەم شێوەیە ماوەیەک کەوتنە زیندان و هەر یەکەیان خستنە ژوورێکی لێکۆڵینەوەوە، بەڵام دیاربوو هەر لە یەکەم خولەکەوە لێکۆڵینەوەیەکی تووندیان لەگەڵ کرا و ئەشکەنجە دران، هەموویان لای من قارەمان بوون. ئیبراهیم عەلاوی زۆر رقی لە جەعفەر عەبدولواحید هەڵسابوو، پێی وتبوو فایلەکەت دەخەمە ریزی ئەوانەی کە لەسێدارە دەدرێن، کە پێیان دەوترا «تجمع الوطني»، هەڕەشەی زۆری لە جەعفەر عەبدولواحید دەکرد.

رۆژێکیان بینم بە گڵۆڵە لە ژووری لێکۆڵینەوەوە هێنایانەوە ژوورەکەی خۆی. کاک جەعفەر زۆر قارەمان بوو، بەم دۆخەوە دوو مانگ مانەوە، دواتر تێکەڵاویان کردنەوە و هێنایاننەوە لای ئێمە، کاتێک هاتنەوە لامان، من دڵم بۆ کاک جەعفەر زۆر کرایەوە، پیاوێکی رووخۆش و نووکتەزان و دەنگخۆش بوو، مامۆستای ئینگلیزی بوو، عەرەبییەکی زۆر باشیشی دەزانی و دەیوت بە عەرەبی قسەم لەگەڵ بکە، چونکە عەرەبییەکی جیاواز لەوانی دیکە قسە دەکەیت، زۆرجار بەشەو پیاسە و قسەمان دەکرد، بەسەرهاتی خۆی لە زانکۆ و مامۆستایەتی بۆ باس دەکردم.

ئەو لە من گەورەتر بوو، چونکە ئەو مامۆستا بوو و من خوێندکاری ئامادەیی بووم، نزیکییەکی زۆر لەنێوانمان دروست بوو، هەموو شەوێک دەوری کاتژمێر یەک و دوو هەڵیدەستاندم لە خەو، پیاسەمان دەکرد لە هۆڵەکە و گۆرانیی دەوت، زۆر حەزی بە گۆرانییەکانی سەباح فەخری بوو، بەتایبەت «خمرة الحب»، پێم وایە هەموو گۆرانییەکانی لەبەر بوو.

مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید کابرایەکی ناسک و رۆحسووک بوو، رۆژێکیان نوستبوو، دوو بۆ سێ جار سەیرم کرد هەر نوستبوو، جا بۆ گاڵتە چووم بانگم کرد وتم: «کاک جەعفەر، کاک جەعفەر»، وتی: «بەڵێ»، وتم: «ویستوویانە هەڵستێنن من قبوڵم نەکرد»، وتی: «ئەها، یانی تۆ هەڵتنەستاندم»، ئیتر بەوە تووڕە بوو. یادگاریی وامان زۆر هەبوو، لە هەمووی خۆشتر؛ رۆژێک لەبیرمە کابرایەکیان هێنا، سوورییی بوو، بەڵام پیاوێکی خوێندەوار بوو، شاعیر و رۆشنبیر بوو، لە حزبی بەعس لە سووریا زویر بووبوو، هێنابوویان بۆ عیراق و دەستگیریان کردبوو، زۆر زیرەک بوو لە یاریی شەترەنج، لە شام یەکەم بوو، دەورەیەکی کردەوە هەموومان شەترەنجمان دەکرد، لە هەموویانی بردبووەوە، بەڵام لەگەڵ من نەیدەبردەوە، زۆری پێ ناخۆشبوو.

کاک جەعفەر هات بۆ لام و پێی وتم: «پێم بڵێ چۆن شەترەنجت لەو پیاوە بردەوە». وتم: «نازانێت، قەڵایەکی هەبوو و هەڵمگرت و شاردمەوە». وتی: «چۆن دەبێت تۆ فێڵ بکەیت»، منیش وتم: «دەمویست لێی بەرمەوە». کاک جەعفەر چووبوو پێی وتبوو کە فێڵم لێ کردووە، ئیتر کابرا تووڕە بوو و بەزمێکی خۆشمان نایەوە.

ئێمە پەیوەندییەکەمان بەم شێوەیە بوو، تا نەگەیشتینە زیندانی فزەیلیە نەمانتوانی باسی ژیانی خۆمان بکەین، لە فزەیلیە شتێکم لەبیرە کە هەرگیز لەبیرم ناچێت؛ زۆرکات شتی لەسەر باس دەکەم، برادەرێکمان هەبوو ناوی کەمال عەلی بوو، رۆژێکیان بووە دەمەقاڵێمان، من ئەو کاتە سۆرانیم نەدەزانی، یان بە فەیلی قسەم دەکرد یان بە عەرەبی، تانەی لێ دام و گاڵتەی پێ کردم گوایە من کوردی نازانم. من لەسەر ئەوە زۆر بەخراپی تووڕە بووم، وتم من بە زمانی خۆم قسە دەکەم کەیفی خۆتانە تێدەگەن یان نا. خاڵە شەهاب لەوسەرەوە ئاگای لێ بووبوو، بە کاک جەعفەری وتبوو برۆ بزانە ئەو دەمەقاڵێیە چییە لە نێوان سەعدون و کەمال رووبداوە، کاک جەعفەر هات وتی: «چی بووە؟» وتم: «لەسەر ئەوەیە دەڵێن تۆ کوردی نازانیت و بە عەرەبی قسە دەکەیت». وتی: «لەسەر ئەوە دەمەقاڵێتان بووە؟» وتم: «بەڵێ»، وتی: «سەعدون زویر مەبە، من دوو سێ پرسیارت لێ دەکەم»، وتم: «چییە؟» وتی: «تۆ کاتێک

خەون دەبینیت، بەکوردی دەیبینیت یان عەرەبی؟» بیرم کردەوە و وتم: «خەو بە عەرەبی دەبینم». وتی: «سەد دینار تاک دیناریت بدەینێ بڵێین بیژمێرە، بە عەرەبی دەیژمێریت یان بە کوردی؟» وتم: «بەعەرەبی». وتی: «دەی کاکە عاجز مەبە، تۆ زمانی دایکت عەرەبییە، کەی بە زمانی کوردی خەونت بینی و پارەت ژمارد، ئەوکات زمانی دایکت کوردییە». ئیتر بەوە ئاشت بووینەوە.

بەداخەوە، هاوڕێیەتیمان لەگەڵ کاک جەعفەر لە سەردەمێکی ناخۆشدا بوو، خۆمان دڵخۆش دەکرد و ورەی یەکترمان بەرز دەکردەوە. ئەو پیاوێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و نازدار بوو، تاوەکوو حوکمی سێدارەکەیان جێبەجێ کرا ئێمە پێکەوە بووین. پیاوێک هەبوو پێیان دەوت ئەبو وید، جەللاد بوو، باسی قارەمانێتی هەر سێ جەعفەر عەبدولواحید، ئەنوەر زۆراب، خاڵە شەهابی دەکرد، بەتایبەت جەعفەر عەبدولواحید، کاتێک چووەتە سەر قەنارە بۆ لەسێدارەدانی، وشەی سەر زمانی ئەو، کورد و کوردستان بووە، ئیمانی تەواوی هەبوو بە هاوڕێ و ئەو پرسەی کە لەسەری دەستگیر کرابوو، کە دۆزی کورد بوو.

هەزار سڵاو لە گیانی پاکی شەهید جەعفەر و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

شەهید جەعفەر عەبدولواحید

مستەفا رابەر

جەعفەر عەبدولواحید، مرۆڤێکی پاک بوو، رۆحێکی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتنخوازی هەبوو. دڵی بەوە خۆش بوو خەڵکی شاری کۆیەی سەبەرز بوو، کۆیە لای ئەو لە شارەکانی تری کوردستان خۆشەویستر بوو. خەباتی ئەو بۆ ئەوە بوو کورد ئازاد بێت، هەوڵی دەدا گۆڕانکاری لە بیری چەقبەستووی مرۆڤی کورددا دروست بکات، بەتەمای شتی زۆر مەزن بوو. رۆڵی سەرەکیی هەبوو لە دامەزراندنی کۆمەڵەی رەنجدەراندا، بەردەوام دەینووسی و دەیخوێندەوە، وتار و مانفێستی دەستنووسی هەبوو، سەرکەش بوو... زمانی عارەبی و ئینگلیزی زۆر باش دەزانی.

رۆژێک وێکڕا لە قەڵادزێوە بە پێ بەرەو گوندی ئاوەکورتێ رۆیشتین، کە بارەگای (م. س) لێ بوو، گەیشتینە گوندی (گەناو) شەومان بەسەردا هات، لامانداپە مااڵی ئاغا. بۆنی چێشتی برنج دەهات، دانیشتین، پاش بەخێرهاتن ئاغا پرسیی: «خەڵکی کوێن؟» من گوتم: «من خەڵکی دەشتی بڕانەتیی هەولێرم.» ئاغا رووی لە کاک جەعفەر کرد و پرسیی: «ئەی جەنابت خەڵکی کوێیت؟» کاک جەعفەر کە گەنجێکی جوان و قیتوقۆز بوو، گوتی: «من خەڵکی کۆیەم.» گوتی: «زۆر چاکە، لە کام بەرەبابی ئاغاکانی، حەوێزی یان غەفووری؟» کاک جەعفەر خێرا گوتی: «من هیچیان نیم، بەرەبابی مسکێنەکانم!» ئاغا هیچ پرسیارێکی تری نەکرد، هەستا چووە ژوورەکانی تری ماڵەکەی خۆی، زۆری پێ نەچوو خزمەتچییەک هات و سەرو قاپە ماشیان لەپێش دانایِن! گوتم: «باشە! دەفەرموو.» گوتی: «بۆ پاروو برنجێک خۆم ناکەمە ئاغا!» کاک جەعفەر زۆر سەرڕەق بوو، هەرگیز ئامادە نەبوو سازش بکات.

بەداخەوە زۆر تووند بوو، رۆژێک لە هەولێر لە گەڕەکی تەیراوە لە ماڵی ئێمە دانیشتبووین، بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانیی دەگوت، ئاگامان لێ

نەبوو خوالێخۆشبوو بابەکرای پشدەری لەگەڵ شێخ تارق شێخ نووری وەژوور کەوتن، کاک جەعفەر بێدەنگ بوو، کاک بابەکر گوتی: «لە دەرەوە گوێم لە دەنگت بوو، زۆر خۆشە، بەندێکیش بۆ ئێمە بڵێ»، کاک جەعفەر راست راست گوتی: «من گۆرانیی بۆ جاشان نالێم!».

جارێک گێڕایەوە گوتی: لە کۆیە حەزم لە کچێک دەکرد، باوکی نەیدامێ، لە بەغدا کاتێک لە ساڵی ١٩٧١ لە زانکۆی موستەنسریەی بەغدا دەمخوێند، لە شەقامی رەشید تووشم بوو بەتووشی باوکی کچەکەوە، هەواڵمی پرسی و گوتی: «ئیستا لێرە چ کارەیت؟» بەقەشمەرییەوە پێم گوت: «لە چێشتخانەیەک قاپان دەشۆم!» گوتی: «ئەی باشە بۆچی لای خۆمان تڕوتۆپتان ئەوەندە گەورە بوو!».

رۆژێکیان چووین بۆ سینەما خەیام لە بابولشەرجی بۆ فیلمێکی ئینگلیزی کە ژێرنووسەکەی عەرەبی بوو، لە کۆتاییەکەیدا تاوانوەپاڵدراوەکە لە کاتی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانیدا بە پارێزەکەی گوت: «دەترسم!» کاک جەعفەر ئەو وشەیەی چەندین جار دووبارە کردەوە! سەد حەیف و مخابن، لە رۆژی ١١ی

تـەمـووزی ١٩٧٦ مەحکەمەی سـەورەی بەغدا بڕیـاری لـەسێدارەدانـی بۆ دەرکـرد و لـە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦ لەگەڵ دوو شۆڕشگێڕی تر لە بەغدا سزای خنکاندنیان جێبەجێ کرا.

شەهید جەعفەر،
میدالّی ئیفتیخاری

بـــزەی هـاتـێ گـوتـی ڕووناکـە ئـاسـۆم
وەرە جـەنـلاد پـەتـت بـاوێـژە ئـەستـۆم
ئـــەوە پـــەت نـییـە مـیـدالّـی ئـیفتیخـارە
کـە بـووەمـە قـارەمـانـی میـللـەتـی خـۆم

«هێمن»

عەبدولوەهاب شێخانی

سـەرەتـا پێـم خـۆشـە بـە چـیـرۆکـی شیعری (خـەیـاڵ)ی مامۆستای پـایـەبـەز و کـوردپـەروەر (خالید دلێر) دەست پێ بکەم، کە سەڵاح محەمەدی هـونـەرمـەند، لـە تیپی هـونـەریـی هەولێر تۆماری کـردووە. مامۆستا (وریـا ئـەحمـەد) بەسەرهاتی دانانی ئەم شیعرەی، بەم شێوەیە گێڕایەوە: خالید دلێر ئەو شیعرەی لەسەر مامۆستا جەعفەری نەمر دانـاوە، ڕۆژێـک پێش لەسێدارەدانی هەواڵیان بە مامۆستا خالید دلێر داوە و ئەویش بۆ بەیانیی لەگەڵ کەسوکار چوون بۆ سەردانی مامۆستا جەعفەر، کە چوونەتە سەردانی لە زیندانی ئەبوغرێب، ئەو هەموو خزمە بەگریانەوە دەستیان لە ملی مامۆستا جەعفەر

کـردووه، یەکجار دیمەنێکی دڵتەزێن و ناخۆش بووە. کەسێکی وەک مامۆستا جەعفەر کۆڵنەدەر وا لەبەردەمتایە و زیندووە، تەنیا لەبەر ئەوەی داوای مافی راستەقینەی نەتەوەی خۆی دەکات، لە سێدارە دەدرێت.

پاشان مامۆستا وریا لە زاری مامۆستا خالید دلێرەوە بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە: من (واتە خالید دلێر) لـە دوای هـەمـوو خەڵکەکە راوەسـتـابـووم، بەهیچ جۆرێک نە فرمێسک لە چـاوم دەهـات، نە دەگریام، بـەڵام لەناخەوە دەکـوڵام، تەماشای ئەو دیمەنە ناخۆش و پڕ ئێش و ئـازارەم دەکـرد. هیچ دەنگم لێوە نەدەهات تا کاک جەعفەر گەیشتە من و گوتی: «کاکە خالید، ئاوام دەوێست بێیە کنە من، ئاوا خۆڕاگر و نەبەز، ئاوا وەکوو شێر بەرانبەر بە من بوەستیت بەخۆڕاگری»، کاک جەعفەر بەردەوام بوو: «ئەوەی من کردوومە هیچ لێی پەشیمان نیم، پێی سەربەرزم، بۆ نەتەوەکەی خۆم کردوومە». من لەناخەوە دەکوڵام، بەڵام خۆم راگرتبوو، کە هاتمە دەرەوە، ئەو دیمەنە پڕ ئێش و ئـازارە بووە هۆی ئـەوەی ئـەم شیعرە لەسەر کاکە جەعفەر دابنێم. بەهرەی شیعرەکە کات و ساتی بەر لە سێدارەدانە لە قەسابخانەکەی ئەبوغرێب کە (تەعبیر) لەو کات و ساتە و کاک جەعفەر خۆی دەکات.

خەیاڵ

درۆیە گەر بڵێم ئاگام لەخۆیە
بە گیانی تۆ بە چاوی تۆ درۆیە
مەگەر هەر خۆم بڵێم چۆن هەست و هۆشم
تەربوی خۆم پەپوولەی دەوری تۆیە
لەگەڵتا خۆم نەژیم ئەی بۆ خەیاڵم
بە لاتا بەرنەدەم؟ دە بڵێ لە بۆیە؟!
لە باخی جوانی تۆدا وا لە گەشتا
هەنێ جار پەرت و ئاڵۆز هەندێ کۆیە
هەنێ جار مەستی بادەی چاوەکانی
دەورتەنراو بە برژانگ و برۆیە
خەیاڵیشم بەرامبەر چاوی مەستت
مەلۆچکەی بەر چنگی باز و هەڵۆیە
قژی بۆنخۆش و نەرمت وا لە دەستیا
هەنێ پەخشانە هەندێ جار مەڵۆیە
لەچێشتندایە دەم تامی خەیاڵی
مژی گۆناتە یا نوقڵی کڵۆیە؟

کاک خالید ئا لەو کات و ساتەدا دەکەوێتە دنیای خەیاڵ و ئەندێشە، چ خەیاڵ و ئەندێشەیەک...؟ پڕ لە ئازار و پڕ لە ناخۆشی و پڕ لە ژان، پڕ لە

جۆشخواردنی دەروون و نەشتوانیوە دەری ببڕێت، چونکە دێوەزمە رەقیبە و پێی دڵخۆش دەبێت.

لە جێگەیەکی تر، کەڵەپیاوی کورد، خالید دلێر دەڵێت: «گریان چارەی دەرد نییە». جا چۆن ئەو پەنا بۆ گریان دەبات، خۆڕاگرانە خۆی نیشان دەدات بۆ ئەوەی دێوەزمەی حاکم بخاتە دنیای سەرسوڕمانەوە.

ناخی دەروونی پڕژانی بەو چەند دێڕە شیعرە وەڵام دەداتەوە کە هەوێنی ئەو شیعرە، کەیف و زەماوەند نییە، دەم کاتێکی یەکجار ناخۆش و سووتانە. بۆیە ناونیشانی شیعرەکەش (خەیاڵ)ە، چونکە لەو کاتەدا خەیاڵ هەموو شتێک تۆمار دەکات و ژانی لەدایکبوونی نووسینیش رادەگەیەنێت. مامۆستا خالید تەواوی مەسەلەی دانانی ئەو شیعرەی بۆ مامۆستای پایەبەرزی کورد و مۆسیقار و ئاوازدانەری بەتوانا مامۆستا وریا ئەحمەد باس کردووە، ئەویش ئاوازی بۆ داناوە، چونکە کاک جەعفەر هاورێی نزیکی مامۆستا وریا ئەحمەد بووە، کاک (سەلاح محەمەد)ی هونەرمەند و کورپەروەری رەوشتبەرزیش بە شێوازێکی ناوازە چڕیویەتی، هەر سێکیان لە یەک ئاستدان، بۆیە ئەم گۆرانییە، نەمرە. نەوەی نوێ دەبێت بێن

لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر ئەم جۆرە گۆرانییانە بکەن، چونکە (شیعرەکە، ئاوازەکە، گوتنەکە) هەرسێکیان زۆر رەسەنن و بەرخۆدان بوو. لە کاتی خۆی گۆرانی بۆ خۆشی دەگوترا، بەڵام ئەم گۆرانییە لە ناخۆشیدا بۆ ناخۆشیی گوتراوە، چۆن کاریگەریی نییە، چۆن سۆزی نییە؟

ئەم گۆرانییە، یان بڵێم ئەم سروودە، بەرپەرچ بووە بۆ رژێمی بەعسی فاشی، (تەعبیر) لە کەسێکی شۆڕشگێڕ و گەورە و کوردپەروەر و چاونەترس دەکات، کە بەرانبەر دڕندەترین رژێم وەستایەوە و کۆڵی نەدا. جا خوێنەری خۆشەویست، چۆن ئەم گۆرانییە گرنگ و پڕبایەخ نییە؟ خۆ هەموو کاربەدەستەکانی زیندان و ژووری سێدارە، بە مامۆستا جەعفەریان دەگوت «ئوستاز» و ڕێزیان دەگرت لەبەر گەورەیی و کەسایەتی بەرزی مامۆستا جەعفەر. دەگێڕنەوە یەکێک لەو ئەفسەرانەی کە ئازاری مامۆستا جەعفەر دەدات و لێی دەدا، ڕۆژێک (نوکتە) لەسەر کورد دەڵێت، مامۆستا جەعفەریش دەڵێت دەستم بکەوە و لێدان ڕابگرە، با منیش (نوکتە) لەسەر عەرەب بڵێم. ئەفسەرەکە دەستی دەکاتەوە و مامۆستا جەعفەر زۆر بەئازایانە نوکتەیەک لەسەر عەرەب دەڵێت. دوایی کە تەواو دەبن، ئەفسەرەکە لە مامۆستا نادات. مامۆستا جەعفەریش دەڵێت: «بۆ

وەستایت؟» ئەفسەرەکە دەڵێت: «هەڵسوکەوت و قسەت زۆر کاری لێ کردم، بۆیە ناتوانم ئازارت بدەم»، پاشان دەست دەکات بە گریان و دەچێتە دەرەوە.

بەڵێ، دەبێت ئەم گۆرانییە بۆ نەوەی نوێ لێ بدرێتەوە کە چۆن ئەم شیعرە دانراوە، چۆن کاک وریا هەولێ داوە ئاوازێکی وای بۆ دابنێت کە پڕ بە پێستی شیعرەکە بێت، کاک سەلاح محەمەدیش بە دەنگە زوڵاڵەکەی نەک وەک گۆرانی، بەڵکوو وەک سروودێک بیڵێت کە هەر سێ بابەتەکە تەواوکەری یەکتری بن، چونکە هەرسێکیان رەسەنن، پاکن، پڕن لە کوردایەتی.

کاک سەلاح، هەر کە شیعرەکەی پێ دەگات لەلایەن مامۆستا وریا ئەحمەدەوە و ناوەڕۆکی شیعرەکەی بۆ باس دەکات و لەدایکبوونی شیعرەکەشی بۆ روون دەکاتەوە، دڵ و دەروونی جۆش دەستێنێت بۆ گوتنی تا پڕ بە گەرووی بچریکێنێت بۆ ئازادی و نەمانی چەوساندنەوە و بۆ رۆحی پاکی شەهیدی نەمر جەعفەر عەبدولواحید.

ساڵی (١٩٨٤) بوو کە کاک سەلاح مانای ئەم شیعرەی بۆ روون کردمەوە، منیش زۆر پێی سەرسام بووم، بۆیە من لەو ساتەوە ئەم گۆرانییەم زۆر لا بەرزە.

هـەر سـەبـارەت بـە وردەبـەرزیـی جـەعـفـەر عەبدولواحید، مامۆستا وریا ئەحمەد بۆی گێڕامەوە و گوتی: کە لە دوای هەرەسی شۆڕش هاتمەوە، زۆر دڵتەنگ بووم، لە ماڵەوە نەدەهاتمە دەرەوە. ڕۆژێک مامۆستا جەعفەر هـات گوتی: «ئـەوە بۆ هـەر لە ماڵەوەیت؟ هەستە با بچینە دەرەوە، کورد بە نەمانی شۆڕش لەناو ناچێت، کورد هەر دەمێنێت و شۆڕش لەناو ناچێت و سەر هەڵدەداتەوە».

ئازایزان، مامۆستا جەعفەر خۆشی دەنگی زۆر خـۆش بـووە و سـرووودی نیشتمانیی گـوتـووە، لە ئاهەنگەکانی نـەورۆزدا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە. لە ئاهەنگێکی نەورۆزدا لە هەمەدان، خۆی جۆرێک شایی دادەنێت و لە ئاهەنگەکەدا ئەو جۆرە شاییە دەکرێت.

هەروەها کاک جەعفەر لەگەڵ کاک خالید دلێری برای لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگە بوون.

برای بەڕێزم مام حەمید ڕەشاش، کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەرپرس بـووە و مامۆستا جەعفەریش ڕابـەرسـیـاسـی بـووە لـە لای. هـەر جـارێک باسی شەهید جەعفەری دەکرد، عەیامێک دەتاسا و خەیاڵ دەیبردەوە و پاشان دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئـەو کەڵەمرۆڤە دەکـرد، کە چەند بەتوانا و چەند خۆڕاگر و ئازا و نەبەز بووە، چەند کوردپەروەر و دڵسۆزی کورد و کوردستانەکەی بووە.

جا کەسێک لەبەر دەستی مامۆستای کوردپەروەر کاک (خالید دلێر)دا پـەروەردە بووبێت، چۆن وا نابێت؟

جارێکیان مام حەمید بۆی گێڕامەوە و گوتی: «جەعفەر عەبدولواحید یەکێک بوو لە پێشمەرگە دڵسۆزەکانی شۆڕشی ئەیلوول، سەرەتای ناسینم لەگەڵ ئەو قارەمانە، لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣ بوو، بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی من گوازرامەوە بنکەی حاجی قەڵا، ئەو کاتە د. خالید سەعید، لێپرسراوی بنکەی حاجی قـەڵا بـوو، منیش سـەرپـەل بـووم، ڕۆژێک گەنجێکی ڕێکوپێکی قسەخۆش نامەیەکی د. خالیدی بۆ هێنام، منیش نامەکەم کردەوە و د. خالید نووسیبووی «وا هەڤاڵ جەعفەر عەبدولواحیدمان گواستەوە بۆ سـەر میلاکی پەلەکەتان بە پلەی ڕابەرسیاسی کار دەکات لە پەلەکەتان، هیوادارم هاوکاریی بکەن.» من بە هاتنی کاک جەعفەر زۆر کەیفخۆش بـووم، لەبەر ئـەوەی ڕابەرسیاسیمان نـەبـوو. کـاک جەعفەر بـە مـاوەیـەکی کـەم لەبەر دڵسۆزی و کردەوە باشەکانی، جێی خۆی لە نێو دڵی هەموماندا کـردەوە. کاک جەعفەر کوڕێکی خوێندەوار و قسەخۆش و شارەزا بوو لە کاروباری ڕێکخستنی حزب، هەموو مەرجەکانی کوردایەتی و کوردپەروەریی تێدا بوو، خوێنەواریی باش بوو و

زمانی ئینگلیزییشی دەزانی و لە گۆرانیگوتنیشدا دەنگی زۆر خۆش بوو. ئەوکات هەموو پێشمەرگەیەک دەبوایە لە شانەی حزبیدا بەشداریی کۆبوونەوەکانی حزبی بکردایە، ئەو کاتە پێشمەرگە ئابوونەی نەدەدا لەبەر ئەوەی کەسمان موچەمان نەبوو. کاک جەعفەر کادیرێکی زۆر بەتوانا بوو، ئەو ماوەیەی لەگەڵ یەکتری بووین، زۆر سوودمان لە کردەوەکانی کاک جەعفەر وەرگرت لە هەموو رووبەکەوە. ئەو ماوەیەی لە ئێرانیش بووین، بەشی زۆری هاتوچۆی ناوشارمان بەیەکەوە بووین. ئەو برادەرانەی زۆر لە کاک جەعفەر نزیک بوون: من، د. حەسەن ئیسماعیل، د. حسێن ئیسماعیل و مستەفا رابەر بووین.

لەو کاتەی کە لە هەمەدان بووین، لەناو خۆمان چەند خولێکمان کردبووەوە، لەو خولانە، خولێکیش بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی بوو. مامۆستاکانی زمانی ئینگلیزی، تەها بابان و کاک جەعفەر عەبدولواحید بوون. هەر ئەو ماوەیەی لە هەمەدان بووین، من و کاک جەعفەر و کاک مستەفا رابەر، مانگانە بە شێوەیەکی نهێنی بەیاننامەیەکمان دەردەکرد بە ئاگاداریی سەرکردایەتی بەناوی (سەرچڵ)، لەسەر ئەو کەسانەمان دەنووسی کە کردەوەیەکی ناڕێکیان کردبا.

لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری هەمەدان ئاهەنگێکی گەورەمان گێڕا بۆ بۆنەی نەورۆز، داوامان لە حکومەتی ئێران کرد هۆڵێکی زۆر گەورەمان بۆ تەرخان بکات. مانگێک پێش جەژنی نەورۆز، خۆمان ئامادە کرد و چەند تیپێکمان پێک هێنا، وەکوو: تیپی گۆرانی و سروود، تیپی هەڵپەڕکێ و تیپی تەمسیلی، لەو تیپە هونەرییانەدا کاک جەعفەر دەوریێکی زۆر باڵای هەبوو، بەتایبەتی لە تیپی گۆرانی و سروود. هەروەها کاک جەعفەر خۆی جۆرە هەڵپەڕکێیەکی دانابوو خۆشی سەرچۆپی گرتبوو، منیش بەشداریی هەردوو تیپەکە بووم. بۆ ئاهەنگەکە، سەرکردایەتی خەڵکێکی زۆری لە دانیشتوانی شاری هەمەدان داوەت کردبوو، کاربەدەستانی حکومەت و پیاوماقوڵان و کەسایەتی شارەکەش بەشدار بوون. حکومەتی ئێران تیپی مۆسیقای داینێ، پێشەکیی ئاهەنگەکە بە سروودێکی ئەی رەقیب دەستی پێ کرد، لە پاشان کاک عومەر دەبابە وتارێکی بە زمانی فارسی و کوردی خوێندەوە، دواتر سروودێکی نەورۆز لە لایەن تیپی گۆرانی و بەهاوکاریی تیپی مۆسیقا دەستی پێ کرد. ئەو سروودە لە دانانی مامۆستا خالید دلێر بوو، من بەشێکیم لەیاد ماوە:

سالێکی تریش وا داهاتەوە
ڕۆژی نەورۆزی کورد هەڵاتەوە
بەم هاتنەوەیە نەورۆز ئەم جارەش
دەرسی تێکۆشان دائەداتەوە
ئێمەش سڵاو لە دووروڵاتەوە
بە گوڵی سووری ڕێی خەباتەوە
ئەینێرین بۆ هەر نەبەردێ کەوا
مەشخەڵی شۆڕش هەڵبکاتەوە

ئاهەنگەکە زۆر سەرکەوتوو بوو، جێگەی دڵخۆشیی هەموان بوو، ئەوە لەکاتێکدا کە لە هەمەدان بووین.

لەدوای گەڕانەوەمان لە ساڵی ١٩٦٥، مامۆستا جەعفەر گەڕایەوە سەر کاری خوێندن، لەدوای بەیانی ٢٩ی حوزەیران، کاک جەعفەر بووەوە بە مامۆستا و لە پاشان ژنی هێنا و بەداخەوە لە ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ سێ قارەمانی تر لەسێدارە دران، لەدوای شەهیدبوونیشی، ژن و منداڵەکانی لە ڕێگەی هەولێر – موسڵ تووشی کارەساتێکی دڵتەزێن بوون و کوڕەکەی زۆر بەسەختی بریندار بوو، بۆ چارەسەری کوڕەکەیان، هێنایانە بەغدا لە نەخۆشخانەی (جومگەی عەسەب)ی بوو، بۆ ماوەی شەش مانگ لە نەخۆشخانە مایەوە، ئەو کاتە من ماڵم لە بەغدا بوو، من و مامۆستا مەلا عەولا زۆر

یارمەتیمان دا، بەتایبەتی مامۆستا مەلا عەولّا ئەو کاتە وەزیر بوو، بەتایبەتی سەردانی د. سەعد ئەلوەتری کرد و داوای لێ کرد زۆر ئاگای لەو منداڵە بێت. منیش وەکوو مامێک خەمخۆریان بووم».

ئەمە بەشێک بوو لەو زانیارییانەی لای من بوون دەربارەی شەهید جەعفەر عەبدولواحید، لە بۆنە و نووسینی دیکەشدا ئاماژەم پێ کردوون.

بەشی پێنجەم

لاواندنەوە و هەڵبەست

- ڕاسپاردەیەکی بەجێ
- گۆرانیی خەم بۆ شەهیدێکی بێ ناز

• مامۆستا خالید دلێر؛ کەسایەتی سیاسی و سەرکردەی شۆڕشگێڕ، شاعیری کوردپەروەر و هونەرمەند، کە خاوەنی چەندین شیعر و سروودی نیشتمانییە، لە شیعرێکیدا کە وەک لاواندنەوەیەک وایە بۆ ژیان و مەرگی قارەمانانەی شەهید جەعفەری برای، دەڵێت:

ڕاسپاردەیەکی بەجێ

(جافر) گوتی: «ئێمە نەمرین
ڕازی نین لەبۆمان بگرین».
ڕاستە نەوەی گوتی (جافر)
گریان کەی بۆ نەمرە، ئاخر؟!
ئەو کەسە دوور لە نەمانە
قوربانی ڕێی تێکۆشانە
نەمر، زیندوو، هەر لە ژیانە
ئەوەی نەیزانێ (نەمان)ە
کەواتە گریان بۆ چییە؟
کە دەشزانین کەڵکی نییە
مەگرین، با قوونتربینەوە
بۆ ناو ناخمان شۆڕبینەوە

بـا ئـــازار، دەروونـــمـــان داغ کـا
بـۆ خـەبـاتـمـان، تـۆکـمـە و ســاغ کـا
بـا هـەمـوو گـیـانـمـان هـەر قـیـن بـێ
قـیـنـێـکـی وا ڕەش و شـیـن بـێ
تـــا مـــاویـــن بـــەرامـــبـــەر زۆردار
پـلـەی قـیـنـمـان نـەیـەتـە خـوار
بـــا ڕقـــمـــان نـەنـیـشـێـتـەوە
هـــەر ڕۆژە و تـــازە بـێـتـەوە
تـــا شـۆڕشـمـان پـێ بـەرپـا کـا
شـــۆڕشـــێ، زۆردار ڕیـــســـوا کـا
شـــۆڕشـــێ هـــەر بـــــــەردەوام بـێ
بـــۆ گـشـت پـرسـیـارێ، وەرام بـێ
بـــۆ هـــەر دەردێـــکـــی هـــەمـــان بـێ
دەرزی و دەرمـــــان و هـــەتـــوان بـێ
ئـیـش و نـــان، دەرمـــــان وخـوێـنـدن
دەســتـــەبـــەرکـــا، بـــۆ پـیـــاو و ژن
ســـەربـــەرزی و ســەربـەســتـی بـۆ گـشـت
بـــۆمـــان دابـیـــن کـــا، پـشـتـاوپـشـت
بـبـیـنـیـن کـــە چـــەوسـێـنـــراوە
لـــە کـــوردســـتـــانـــدا نـــەمـــاوە

چی جەور و ستەمی ناوە
قڕکراوە، گۆڕ کراوە
چ دەزگایە و کاربەدەستە
خزمەتی مرۆڤی مەبەستە
لە هەر چوار لای ئەم وڵاتە
ئیشکەر خاوەن دەستەڵاتە
وڵات بۆ چوون، بۆ پێشەوە
بەردەوام، نەوەستێتەوە
خۆنی با هەر گەش و سوور بێ
هاندەری خەڵکی ڕێ دوور بێ
با فرمێسک نەیشواتەوە
ڕەنگی سوور کاڵ نەکاتەوە
نیشانە بێ، لە ڕێی خەبات
تا ڕێبوار ڕێی بزر نەکات
خۆن بسڕێتەوە، ئیتر چۆن
خەڵک بەرەو ڕێی سەخت دەڕۆن؟!
بۆ میللەتێ ژێردەستە بێ
دیل و دواکەوتوو و خەستە بێ
نرخی ڕزگاری هەر خۆنە
دەنا هەر بێسەروشوێنە

لـــەم ســـەردەمـــە و لـــەم ژیـــانـــە
خـــوێـــن، هـــەوێـــنـــی تـێـکـۆشـانـە
لـــەم دونـــیـــایـــە هـــەتـــا مـابـیـن
بـــێ خـــوێـــن، هـــەرگـیـز ڕزگـــار نـابـیـن
پـــرســـەگـــر و ڕەشـــپـــۆش مـــەبـــن
بـــا دوژمـــنـــمـــان پـــێ خـــۆش نـــەبـن
هـــاتـــوچـــۆکـــردن بـــۆ ســـەر گـــۆڕ
کـــەڵـــکـی نـیـیـە، کـــەم هـــەتـــا زۆر
کـــێ لـــە ڕێـــگـــەی گـــۆڕپـــەرســـتـی
گـــەیـــیـــوە بـــە مـــافـــی، مـســتـی؟!
بـــا خـــۆمـــان هـــۆشـیـار کـــەیـنـــەوە
خـــەوتـــووان بـــێـــدار کـــەیـنـــەوە
نـیـشـکـــەری تـلـیـاک پـــێ دراو
لـــە دونـــیـــا و بـــوون نـــاگـــا بـــڕاو
تـــێـــنـــەگـــەیـــیـــو، تـــێـگـــەیـنـیـن
هـــۆشـیـــاری لـــە مـێـشـک بـچـێـنـیـن
بـیـکـــەیـن بـــە پـــێـــشـــڕەوی خـــۆمـــان
بـــە ســـەرکـــردەی جـــوســـتـــوجـــۆمـــان
ســـــواوەکـــــان، کـــولـــبـــووەکـــان

لـــه تـــێـــکـــۆشـــان فـــلـــبـــووەکـــان[1]
ســـاز دەیـــنـــەوە، جـــۆش دەیـــنـــەوە
دەرمـــــان بـــە نـــەخـــۆش دەیـــنـــەوە
ئـــەوانـــەی مـــانـــدوو و جـــدەون
وایـــــان لـــێ بـــێ، دوامـــــان کـــەون
فـرمـێـسـک مـــەڕێـــژن بـــۆ (جـــافـــر)
بـــا پـــێـی نـــەکـــوژێـــتـــەوە (ئـــاگـــر)[2]
بـــا (ئـــاگـــر) هـــەر لـــە بـڵـێـسـە بـێ
دامـــــرکـــــانـــــەوەی بـــۆ نـــەبـــێ
(ئـــاگـــر) ڕێـــگـــا نـــیـــشـــانـــدەر بـــوو
دڕک و پـــیـــسـی لـــەنـــاوبـــەر بـــوو
شـــۆڕشـــگـــێـــڕان بـــەبـــێ (ئـــاگـــر)
بـــە ڕێـــگـــادا چـــۆن بـــکـــەن بـــڕ؟
(ئـــاگـــر) گـــەرمـــی دەکـــردنـــەوە
تـــەمـــی لـــەبـــیـــر دەبـــردنـــەوە
(ئـــاگـــر) گـــوڵـــە بـــوو، دەســـتـــڕێـــژ بـــوو
(ئـــاگـــر)یـــێـــکـــی بـــاڵ درێـــژ بـــوو
(ئـــاگـــر) ڕۆکـــێـــت بـــوو، بـــۆمـــبـــا بـــوو

١- فل (Fil) = ماندوو.

٢- (١) ناوی نهینیی (جافر) له (پ. د. ک)دا (ئاگر) بوو، ئەم پارته بوو به پارتی شۆڕشگێری کوردستان.

(تـــی ئـێـن تـــی) بـــیـــری تـــێـــدا بـــوو
قـــــەڵای زۆڵـــمـــی هـــەڵـــدەتـــەکـــانـــد
(داد) و ڕێـــی ڕاســـتـــی دەســـەپـــانـــد
چـــاوی (جـــافـــر)، گـــەش و شـــیـــن بـــوون
جـــووتـــێ ئـــاســـمـــانـــی بـــەڕیـــن بـــوون
گـەشـتـبـیـن بـــوون و ڕووناکـبـیـن بـــوون
پـــڕئـــارەزوو و هـــیـــوای ژیـــن بـــوون
(ڕەوا) و نـــــاڕەوایـــــان دەدی
(ڕێـــبـــاز) و داوایـــــان دەدی
دۆســـــت و دوژمـــنـــیـــان دەنـــاســـیـــی
ڕەش و ســپـی، خـــراپـــی و خـــاســیـی
دوورونـــزیـــکـــیـــان دەڕوانـــــی
بـــۆیـــە هـــەردووکـــیـــان دەرهـــانـــی
بـبـرێ بـۆ (کـــۆ)، تـــەرمـــی (ئـــاگـــر)
کـــۆیـــەی شـــاری (حـــاجـــی قـــادر)
کـــۆیـــەی لانـــکـــی کـــوردایـــەتـــی
هـــیـــی هـــەڵـــوێـــســـتـــی مـــەردایـــەتـــی
دەبـــــێ چـــۆن ئـــاگـــرێ بـــگـــرێ؟
دەبـــــێ شـــت هـــەبـــێ، بـــۆی نـــەکـــرێ؟
دەبـــــێ خـــزمـــانـــی بـــــەدزی

بـــه ســـەد تـــکـــا و بـــەســـەرکـــرزی
لـــەتـــەنـــیـــشـــت دایـــکـــی دڵـــســـۆزی
زۆر مـــیـــهـــرەبـــان و پـــیـــرۆزی
مـــــاوەیـــــان بـــــدرێ وەیـــشـــێـــرن
زوو شـــــارەکـــــەش بـــەجـــێ بـــێـــڵـــن؟
نـــا... کـــە خـــەڵـــکـــی بـــیـــســـتـــی، هـــەرزوو
بـــۆ دوور، بـــەپـــیـــر تـــەرمـــەوە چـــوو
فـــەرمـــانـــی مـــیـــریـــیـــان شـــکـــانـــد
دۆڵـــــی تـــــرس و ســـامـــیـــان دڕانـــــد
کـــــە گـــــەڵ ڕابـــــــووە، تـــەقـــیـــنـــەوە
نـــامـــێـــنـــێ لـــــێ پـــرســـیـــنـــەوە
گـــــەورەلـــێـــپـــــرســـــراوی مـــیـــری
بـــــەخـــــۆی و جـــــاش و گـــــزیـــــری
لـــــە دەســـــت دەدەن، نـــــارام، ژیـــری
هـــیـــچـــیـــان نـــامـــێـــنـــێ لـــەبـــیـــری
لـــێـــپـــــرســـــراو پـــــاکـــــانـــــە دەکـــــا
دژ بـــــە مـــــیـــــری، هـــێـــرش دەبـــــا
نـــــەوەی بـــەســـە، تـــێـــی هـــەڵـــنـــەدرێ
لـــــەنـــــاو خـــەڵـــکـــی نـــابـــڕووی نـــەبـــرێ
جـــــاش و گـــــزیـــــر، نـــــەوە هـــــەر هـــیـــچ

دەکـــەونـــە قـــســـەی پـــڕوپـــیـــچ
یـــەک یـــەکـــی دی ســـوچـــبـــار دەکـــا
هـــەریـــەکـــە خـــۆی ڕزگـــــار دەکـــا
هـــەرکـــەس دەڵـــێ، خـــەتـــای ئـــەوبـــوو
دەرخـــــواردی خـــۆیـــان دەدەن گـــوو!!
کـــات درەنـــگـــە نـــێـــوارە بـــوو
بـــۆیـــە، هـــەر پـــیـــاوان هـــەمـــوو
تـــەرمـــیـــان بـــەســـەر شـــانـــان دادا
شـــار جـــمـــابـــوو، کـــۆڵان، جـــادە
نـــافـــرەتـــان بـــەســـەربـــانـــەوە
بـــۆ (جـــافـــر) دەنـــاڵانـــەوە
کـــاروان بـــێـــدەنـــگ و کـــشـــومـــات
دەنـــگـــی کـــۆکـــەیـــەک نـــەدەهـــات
دەتـــگـــوت هـــەمـــوو دەمـــیـــان قـــوفـــڵـــە
بـــەرەو (کـــەکـــۆن)[٣] بـــەرەو (قـــشـــڵـــە)[٤]

٣- کەکۆن: گردێکی گەورەی بەرزە، گۆڕستانێکی کۆنە، کەوتوتە ڕۆژئاوای باشووری شاری کۆیە. «حاجی قادر» باسی ئەم گردەی کردووە:
لە مابەینی (کەکۆن) و (هەیبەت سوڵتان)
شنەی ئێوارە و سایەی سبەینان

٤- قشلە: قەلایەکی کۆنی سەردەمی حوکمی عوسمانلییە و سەرای میری بووە. لەسەر بەرزترین جێگەی گردی (کەکۆن)ە. ئەم شوێنەوارە دێرینە، وا خەریکە دادەتەپێ!!

لای پەیکەری حاجی سەربەرز
مامۆستای نامۆزگاری و دەرز
دەریا بوون، شەپۆلیان دەدا
بەداگیرکەر، کۆنیان دەدا
هێندە بە سام و شکۆ بوو
داگیرکەر ترسی لێ کۆ بوو
میللەت تووڕە و دەروون پڕ بوو
بیدەنگییان، زۆر شت دەربڕ بوو
ناوەها خەڵکی شاری کۆ
لەتەنگانەدا، دەبن کۆ
گشت ناکۆکی و نادروستی
دەبن بە: «دوژمن نەویستی»
ئەوان هەموو خزمی یەکن
لە تەنگانە، تەک بە تەکن
ئەوان هەموو هەر هەژارن
بە دەستی دوژمن داغدارن
چ ڕێکخراوی «بەعس» هەبوو
پیس، شوورەیی، نەحس هەبوو
هەرهەمووی هەڵوەشانەوە
لەجێی خۆیان تووانەوە

ڕۆژی دوای ئـــەو شـــەوە
مـــیـــری خـــۆی بـــۆ کـــۆ کـــــردەوە
ڕۆژی قـــوتـــابـــیـــانـــی هـــەبـــوو
چـــی مـــابـــوو، چـــی هـــەبـــوو نـــەبـــوو
لـــە قـــوتـــابـــی و نـــاقـــوتـــابـــیـــانـــی
لـــەمـــلا و لـــــەوڵا، هـــەمـــووی هـــانـــی
تـــا ئـــاهـــەنـــگـــیـــان پـــێ بـــگـــێـــڕێ
وەرەیـــــەکـــــیـــــان تـــــێ بـــگـــێـــڕێ
بـــــەڵام پـــیـــلانـــی «نـــانـــەجـــیـــب»
بـــوو بـــە «ســـــردووی ئـــەی ڕەقـــیـــب»
ئـــاهـــەنـــگ گـــــۆڕا بـــە یـــاخـــیـــبـــوون
لـــەمـــەش بـــەشـــیـــان بـــوو، ئـــابـــڕووچـــوون
ئـــیـــشـــێـــکـــی زۆر بـــاشـــیـــان چـــێ کـــرد
«بـــێـــگـــانـــەبـــەدەر»یـــان لـــێ کـــرد
ســـێ ڕۆژ ئـــەو شـــارە پـــرســـەی بـــوو
هـــەرچـــی ڕووی خـــۆشـــی بـــێ، نـــەی بـــوو
شـــارێـــکـــی کـــش و خـــامـــۆش بـــوو
ڕقـــنـــەســـتـــوور و بـــەپـــەرۆش بـــوو
کـــــاروان گـــەیـــشـــتـــە گـــۆڕســـتـــان
تـــەرمـــیـــش لـــەســـەر شـــان و دەســـتـــان

(کەکۆن)ی وا گەورە و بڵند
خەڵک لەباوەشیان گرتبوو، تۆند
وەها دەوروبەریان دابوو
دەتگوت بەرگی تێ گیرابوو
دووشەمەی ڕۆژی بیست و دوو
نەم شاری (کۆجمان)ە بوو
تشرینی دووەمی حەفتاوشەش
دایک ڕۆڵەی گرتە باوەش
دەستی لە مل کرد، ماچی کرد
بۆ ڕێزلێنانی خاچی کرد
وا بەخێرهاتنی گەرمی کرد
(جافر) شڵەژا، شەرمی کرد
خوێری دوژمن، لەترسانا
یاساوڵی بەدیار گۆڕ دانا!!
نەوەک (جافر) هەڵسێتەوە!!
هەمیسان تێ هەڵچێتەوە!!
قوڕ بە سەری تا دونیایە
(مێرخاس) هەر لە زۆربوونداید
هەر یەکێ بڕوا، دەستبەجێ
چەندانی دیکەی دەچنە جێ

لـــەگـــەڵ ئـــەمـــەشـــدا، نـــیـــوەشـــەو
یـــاســـاوڵـــەکـــان، کـــەوتـــبـــوونـــە خـــەو
کـــوڕگـــەلـــی، فـــریـــشـــتـــەی ژیـــان
وەک دابـــەزیـــبـــن لـــە ئـــاســـمـــان!!
بـێ دەنـــگ و بـــێ ســـرتـــە و بـــێ هـەست
بـــۆیـــە ســـــوور و فـــڵـــچـــە بـــەدەســـت
گـەیـشـتـنـە پـــاڵ گـــۆڕی (جـــافـــر)
چـــوســـت و ئـــــازا، هـــەر بـــژیـــن کـــوڕ
شـــاپـــەڕیـــان بـــە کـــێـــلـــدا هـێـنـا
ئـــــاوی (قـــــارەمـــــان)یـــــان لـــێ ئـا

ناوەڕاستی مانگی
کانوونی یەکەمی ١٩٧٦

• شەماڵ عەبدوڵڵا، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ شعیرێکی بۆ شەهیدبوونی جەعفەر عەبدولواحید نووسیوە و لە دیوانی «فەرموودەکانی ترس و هێلانەکانی مەرگ»دا بڵاو بووەتەوە.

گۆرانیی خەم بۆ شەهیدێکی بێ ناز

بۆ شەهیدی سەرکردە، مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید

هۆ دڵدارە بێ نازەکەی رۆژگاری تەنگ،
ئەی سەنگەری نەبەزیوی شۆڕش و جەنگ،
تۆ ڕێبواری سەرقافڵەی ئەو کاروانە بووی،
کە بەدەوری خۆزگە و ئاواتی ئاوارەیی
ئەم کوردستانە بێ بەهارە دەخولایتەوە.
تۆ بووی دەتویست لە شەوگارە سەختەکاندا
وەکوو بۆمبا، لەناو گەرووی ئاژۆمێدی
ئەم شارە بێئارامەدا بتەقییەوە.
زەردەزریکەی فاشستەکان
بەسەر چاوی راستی و خۆر و ئەستێرەکان
بسڕیتەوە... بسڕیتەوە.
هۆ دڵدارە بێنازەکەی رۆژگاری تەنگ
ئا لەو کاتەی خوێنی ئاڵت
تک تک بەسەر زامە بێ تفرەکانت دەهاتە خوار
منانەکان لەجیاتی فرمێسک رژان
خەندەی سەرکەوتن و نەبەزینیان

لەسەر لێوە زەردەهەڵگەڕاوەکانیان دەنەخشان
نا لەو کاتەی گەردنت،
لەناو بازنەی پەتی سێدارەدا وەکوو ئاڵا دەشەکایەوە
منالّە هەژارەکان هاواریان دەکرد:
-ئەی مامۆستای خۆشەویستمان
وا مەزانە رێبوارێکی سەرگەردانی
بەمردنت ناوت لە فەرهەنگی کوردایەتی بێبەش دەبێ
بەڵکوو گیانە، هەر رێچکەی خوێنی ئێوەیە
چاوی تۆنە، لە سەنگەری مەرگ و ژیان دەکاتەوە
خواست و ئاوات،
بۆ هەزاران چاوی ماندووی چاوەڕوانی دێنێتە جێ.
ئەی دڵدارە بێنازەکەی رۆژگاری تەنگ
نا لەو کاتەی نوستووەکانمان،
لەناو پرخەپرخی خەودا سەربەستی دەخەن بەلادا
بانگیان دەکەی پێیان دەڵێی:
هەتا زووە ئەمجارەشیان
بکشێنە ناو گلێنەی چاوی چیاکان
تا لەوێوە رووباری ژیان
لەناو چاوی خۆر دەربێنن
سەرچاوەکەی برژێننە ناو گەرووی تینوو برسییەکانی ئەم شارە
کە هەزاران سالّە
بۆ تیشکی خۆر
شێت و هارە...
شێت و هارە

کۆتایی ١٩٧٦

بەشی شەشەم

وێنەکان









لە بیرەوەریی زۆریکدا، دروشمی "کەم ژیان و کەل ژیان" ئامادەگی هەیە، ئەو دروشمە کە دواتر سەدان کەس لە داستانەکانی رووبەڕووبوونەوەی دوژمن و ژووڕە تاریکەکانی زیندان و کاتی ئەشکەنجەدان و بەر پەتی سێدارە بەوپەڕی جەسارەتەوە دەیانوتەوە، خاوەندارێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەهیدان "خالّە شەهاب و جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب"، کاتێک شەهیدبوونیان هەڵبژارد و لەبەر پەتی سێدارەدا بەرانبەر جەللادەکان وتیانەوە.

یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی شۆڕشی نوێی گەلی کورد بەگشتی و پێشمەرگە و کادیرەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بەتایبەتی، خۆڕادەستنەکردن تا شەهیدبوون و لەسێدارەدان نەک دانپێدان لەناو زیندانەکاندا بووە، کۆمەڵەی رەنجدەران ئەمەی وەکوو کولتوورێکی سیاسی چەسپاند و سەدان نموونەی زیندوو هەن، جەعفەر عەبدولواحید یەکێک لە نموونە باڵاکانیانە.

ئەم کتێبە دەیەوێت ژیانی جەعفەر عەبدولواحید بگێڕێتەوە، ژیانی پاڵەوانێک کە کەم ژیا و تا ئێستاش لەناوماندا ئامادەگیی هەیە، دوای ٤٨ ساڵ هێشتا دروشمی بەر پەتی سێدارەکەی ئەو و هاوڕێکانی، بەرز و پیرۆز سەیر دەکرێت.

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (٤٦)